# ستراتیژیەتی نیشتمانیی

## پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق

### ناوەندو هەرێم

سالٚ (2011 ـ 2020)

( پوختەی ڕاپەڕاندن)

نیسانی 2011

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ خوا کە سەری خستین و پشتیوانی لێ کردین و توانیمان ئەم دیکۆمێنتەی ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا (ناوەندو هەرێم) بۆ ساڵانی 2012ـ2020 تەواو بکەین، کە کۆششێکی پەروەردەیی دوارۆژانە دەنوێنێت پشت بە پرەنسیپی پلاندارێژی ستراتیژی دەبەستێت بۆ خزمەتکردنی نەوەکانی داهاتوومان و بەشداری لە گواستنەوەیەکی جۆرەکی لە کەرتی پەروەردە و فێرکردنی باڵادا.

لێرەدا ئەوە بەباش دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە هەر هەموو ئەوانە بکەین بەشدارییان لە تەواوکردنی ئەم دیکیۆمینتەدا کردووە، لە پێش هەمووشیانەوە بەرێز مامۆستا نووری مالکی سەرۆك وەزیران و بەرێز جێگری سەرۆك وەزیران و بەرێز وەزیری فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و بەرێز وەزیری پەروەردە لە (ناوەندو هەرێم) و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران سەرۆکی لیژنەی فێرکردنی باڵاو جێگرەکەی و سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو جێگرەکەی و سوپاسی دەستەی ڕاوێژکاران لە نووسینگەی سەرۆك وەزیران و بە تایبەتی بەرێز سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران و بەرێز جێگری سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆك وەزیران بە وەکالەت دەکەین.

هەروەها ئەوەیشمان لەیاد ناچێت شەهیدی خوالێخۆشبوو أ.د. عبدالكريم الخيون ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیکار لە دەستەی ڕاوێژکاران بیر بخەینەوەو لە یەزدان داوا بکەین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

ئەرکیش وامان لێ پێویست دەکات سوپاس و پێزانین ئاراستەی بەرێزان ئەندامانی لیژنەی شارەزایان و ڕاوێژکاران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان (بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی یونسکۆو ڕێکخراوی یونیسێف) و شارەزا نێودەوڵەتییەکانیان بکەین بۆ ئەو کۆششە بەرفرەوانەی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم دیکیۆمینتە نیشتمانییە پێشکەشیان کرد.

هەروەها سوپاس و پێزانین پێشکەش بە لیژنەی دارشتن و لیژنە تەکنیکییەکان و پاڵپشتەکان دەکەین کە کۆششێکی باشیان لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی تەواوکردنی ئەم دیکیۆمینتەدا پێشکەش کردووەو هەموو ئەوانەی بۆ دەرهێنانی بە شێوەی کۆتایی یارمەتی و پشتیوانییان پێشکەش کردووە.

**لە خوا داواکارین لە ڕێگەی زانست و مەعریفە بۆ خزمەتکردنی وڵاتە خۆشەویستەکەمان دەست بە باڵمانەوە بگرێت و سەرمان بخات.**

أ.م.د. محسن عبد علي

سەرۆکی لیژنەی شارەزاو ڕاوێژکاران

ڕاوێژکاری وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوی زانستی

نیسانی 2012

## ليژنەی سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | دكتۆر صالح محمد المطلك | جێگری سەرۆك وەزیران | سەرۆك |
| 2 | علي محمد الحسين الاديب | وەزیری فێركردنی باڵا | ئەندام |
| 3 | دكتۆر محمد علی تميم | وەزیری پەروەرد | ئەندام |
| 4 | دكتۆر رافع جياد العيساوی | وەزیری دارایی | ئەندام |
| 5 | دكتۆر علی يوسف الشكری | وەزیری پلاندانان | ئەندام |
| 6 | دكتۆر دلاور عبدالعزيز | وەزیری فێركردنی باڵا ـ هەرێمی كوردستان | ئەندام |
| 7 | دكتۆر سەفين دزەیی | وەزیری پەروەردە ـ هەرێمی كوردستان | ئەندام |
| 8 | دكتۆر عبد ذياب العجيلي | سەرۆكی لیژنەی فێركردنی باڵا لە ئەنجوومەنی نوێنەران | ئەندام |
| 9 | عادل فهد الشرشاب | سەرۆكی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی نوێنەران | ئەندام |
| 10 | دكتۆر عبدالهادی الحكيم | جێگری لیژنەی فێركردنی باڵا لە ئەنجوومەنی نوێنەران | ئەندام |
| 11 | دكتۆر علاء مكي | جێگری سەرۆكی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی نوێنەران | ئەندام |
| 12 | حامد خلف احمد | بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆك وەزیران | ئەندام |
| 13 | دكتۆر محسن عبد علی | ڕاوێژكاری وەزارەتی فێركردنی باڵا | ئەندام |
| 14 | دكتۆر زيد عبد الكريم | ئەندامی دەستەی ڕاوێژكاران | ئەندام |

## 1 ـ لیژنەی شارەزاو ڕاوێژکاران

| ز | ناوی تەواو | ز | ناوی تەواو |
|---|---|---|---|
| 1 | أ.م.د. محسن عبد علی | 15 | أ.م.د. خالد حمد امين ميرخان |
| 2 | أ.د. خالد احمد الجودى | 16 | د. عقيل عيسى الموسوي |
| 3 | د. حامد احمد خلف | 17 | عماد حسن حسين |
| 4 | أ.د.صلاح عبد القادر النعيمى | 18 | أ. د. مؤيد نعمة يوسف |
| 5 | زياد عبد القادر احمد | 19 | د. احمد كمال احمد |
| 6 | أ.د .كريم صالح عبدول | 20 | د. عبد الزهرة باقر |
| 7 | أ. د. جمال عبد الرسول غانم | 21 | د. احسان عمر محمد |
| 8 | د. حسين على داود | 22 | د. سالم ساجت عنزي |
| 9 | سعد ابراهيم عبد الرحيم | 23 | سهام محمد عبد الحميد |
| 10 | عاطف عبدالخالق عبدالحسين | 24 | باسمة محمد صادق |
| 11 | د. محمد صابر مصطفى | 25 | وشيار محمد حاجى |
| 12 | يوسف عوسمان يوسف | 26 | شلير محي الدين صالح |
| 13 | محسن على نصيف | 27 | فرزند كمال مدحت |
| 14 | أ.م.د. حيدر نعمة غالي الفريجي | 28 | إنتصار عبدالزهرة دوشي |

## 2 ـ لیژنەی داڕشتن

| ز | ناوی تەواو |
|---|---|
| 1 | د. جمال عبد الرسول غانم |
| 2 | د. حيدر نعمة غالي |
| 3 | د. عقيل عيسى محمد |
| 4 | د. خالد حمد أمين ميرخان |
| 5 | عماد حسن حسين |

## ـ ليژنەی تەكنیكیی ( وەزارەتی پەروەردە، فێركردنی باڵا / ناوەند و هەرێم )

| ز | ناوی تەواو | ز | ناوی تەواو |
|---|---|---|---|
| 1 | عبد الرسول مزهر | 9 | بشير جميل |
| 2 | د. ظافر حسين رشيد | 10 | هزار محمد شاكر |
| 3 | يحيى علي مهدي | 11 | بشدار عبد الخالق |
| 4 | د. سهيل نجم عبد الله | 12 | هونەر صابر حەمە |
| 5 | علي مكي صالح | 13 | ندى احسان يوسف |
| 6 | عبدالكاظم عبد علي | 14 | أزهار زين العابدين علي |
| 7 | د. عباس فاضل عباس | 15 | فؤاد توما متي |
| 8 | د. داود سلمان رحيم | - | - |

## ليستی ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| یەكەمین پاڕ: پێرۆی گشتی | 17 - 10 |
| 1. دەستووری بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەكان | 10 |
| 2. هۆكارە سیاسییەكان | 11 |
| 3. هۆكاری دانیشتوان | 11 |
| 4. هۆكاری ئابووری | 13 |
| 5. هۆكاری تەكنیكی | 17 |
| دووەمین پاڕ: شیكردنەوەی واقیعی پەروەردەو فێركردنی باڵا لە عیراق | 31-18 |
| 1. سیستمی یاسایی پەروەردەو فێركردنی باڵا لە عیراق | 18 |
| 2. سیستمی كارگێڕی پەروەردەو فێركردنی باڵا لە عیراق | 20 |
| 3. ڕەوشی ئێستەی پەروەردەو فێركردن (ژێرخان، سیستمی زانیارییەكان، مەشق و پەرەپێدان). | 20 |
| 4. هەلە ڕەخساوەكان (چوونە بەر خوێندن، یەكسانی، لێهاتوویی ناوخۆیی و دەرەكی). | 24 |
| 5.بەڕێوەبردنی كوالیتی لە پەروەردەو فێركردن | 26 |
| 6. تەمویل كردنی پەروەردەو فێركردن و خەرج لێ كردنیان | 27 |
| 7. توێژینەوەی زانستی لە پەروەردەو فێركردنی باڵادا. | 30 |
| سێیەمین پاڕ: بۆچوونە ستراتیژییەكان | 57-32 |
| 1. ڕوانین و پەیام. | 32 |
| 2.پێرۆی دەزگەیی پەروەردەو فێركردنی باڵا. | 33 |
| 3. مەبەستە ستراتیژییەكان و ئامانج و ڕێگەچارە ستراتیژییەكان | 34 |
| چوارەمین پاڕ سیستمی لاساییكردنەوەو پرۆگرام و پرۆژەكان | 64-58 |
| 1. سیستمی لاساییكردنەوە لە وەزارەتی پەروەردە | 58 |
| 2. سیستمی لاساییكردنەوە لە وەزارەتی فێركردنی باڵا | 58 |
| 3. سەرجەم بەرووبوومی ناوخۆیی و بودجەی حكوومەت | 59 |
| 4.تێچووی ستراتیژیەتی پەروەردەو فێركردنی باڵا | 60 |
| 5. پرۆگرام و پرۆژەكانی ستراتیژیەتەكە | 63 |
| پێنجەمین پاڕ بەدواداچوون و چاودێری و ڕاستكردنەوە | 72-65 |
| پاشكۆی ژمارە 1: خشتەی پرۆگرام و پرۆژە ستراتیژییەكان | 123-73 |

# پێشەکی

بەو شێوەیە تەماشای سەرچاوە مرۆییەکان دەکرێت کە فاکتەری سەرەکی بنیاتنان لە هەموو بوارەکانـدا دەنـوێنن و، وەبەرهێنان لەم بوارەدا بە بناغەی بارگەلی ڕاچەنین و پێشکەوتن و پەرەسەندن دادەنرێت، بۆیە ئەو ئەرکـەی کـەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەڕێوەی دەبات تا ڕادەیەکی زۆر گرنگە، ئەویش لەبەر گرنگی و ڕۆڵی ئەم کەرتـە لـە ڕووی دابینکردنی مەعریفەت و بەدەنگەوەچوونی پێداویسـتییە نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییـەکان لـە هێـزە کارکـەرەکان لـە سێبەری هەڕەشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکییە جۆراوجۆرەکاندا.

لە ژیانی هاوچەرخماندا پلاندانانی سـتراتیژی زۆر گرنگـە، ئـەویش لەبـەر ئـەو ڕوانـین و بۆچـوون و ئامانجانـەی کـە پێشکەشیان دەکات و ئەوانیش ڕێگە بۆ ئەو شتانە خۆش دەکەن کە پێویستە بەدی بێن لەگەڵ ئامـادەکردنی توانـای هەنگاوهاویشتنە ناو ئاییندەو پێگەیاندنی هۆکارەکانی پێشـکەوتنی، بۆیـە وڵاتـانی جیهـان و دەزگـە حکـوومی و ناحکوومییـەکان هـەوڵ دەدەن هـەنگاوەکانیان بـەپێی لێکۆڵینـەوە بـن و ئاسـۆی پاشـەڕۆژ بنـوێنن، هاوکـات نەرمییەکیان تێدا بێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتە خێرایانە لە خۆبگرن کـە بوونەتـە دیـاردەی ئـەم سەردەمەی ئێستە.

ستراتیژیەتیش بە واتا گشتییەکەی فاکتەرەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان دەگەیەنێت، مەبەست لـە ڕوانینـیش ئەوەیـە کە هیوا دەخوازین لە ئاییندەدا بەو شێوەیە بین، هـەروەها پـەیامیش فەلسـەفەو تایبەتمەنـدیمان دەنوێنێـت لەگـەڵ ئەوەی بەرەو کوێ هەنگاو دەهاوێین. هەرچی مەبەستەکانە ئەوە ئەو حاڵەتە گشتییە دوور مەودایانـە دەنـوێنن کـە دەمانـەوێت لەچوارچـێوەی بـەدیهێنانی ئامانجگـەلێکی زۆردا بـە کـورترین کـات پێیـان بگـەین. ڕێگەچـارە ستراتیژییەکانیش چارەسەرو ئەڵتەرناتیڤی چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان و بەدیهێنانیان دەنوێنن.

لە عیراق، پاش قۆناغی گۆڕانکاری سەرتاسەری لەساڵی 2003، حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکان هـەوڵیان داوە ڕەوشی پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەرەو پێشەوە ببەن لەبەر ئـەوەی کەوتووەتـە ژێـر کاریگـەری سـەرجەم بارودۆخـە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، لەبەر ئەو کەلێنە فرەوانەی لە نێوانی و لە نێوان کەرتە هاوچەشنەکانی لـە وڵاتانی دراوسێ و لەسەر ئاسـتی جیهـانی ڕووی داوە، بۆیـە هـەلێکی گـەورەو هـەنگاونانێکی جـۆرەکی بـوو کـە حکوومەتی کۆماری عیراق لە ساڵی 2008ەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یۆنسکۆو یوونیسێف و دواتریش لەگەڵ بانکی نێودەوڵتیدا، بۆ ئامادەکردنی (ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عـیراق) هاریکـاری بکـات، کـە ڕەنج و کۆششێکی فرە لایەن و ئاراستەی نواندو لەگەڵ یەکدیدا بۆ تـەواوکردنی کۆشـشێکی نیشـتمانیی فـرە بـوارو چوارچێوە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عیراقدا یەکدییان تەواوکردو وەزارەتە پێوەندیدارەکان لە پەروەردەو فێرکردنـی باڵا لە عیراق بەشدارییان تێدا کردو چەندین وەزارەتی دیکەو دەزگەی یاسادانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مـەدەنی پاڵپشتییان کرد.

بۆ ئامادەکردنی ستراتیژیەتەکەیش حکوومەتی عیراق لیژنەی باڵای سەرپەشتیاری بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری خزمەتگوزاری و ئەندامیەتی بەڕێزان وەزیرانی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو دارایی و پلاندانان لە حکوومەتی ناوەند، جگە لە هەردوو وەزیری پەروەردەو فێرکردنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و هەردوو جێگرەکانیان جگە لە ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردە لە ناوەندو جێگری سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران، سەرەڕای ژمارەیەك لە ئەندامانی شارەزاو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەو لیژنەیشەوە لیژنەی پسپۆران و ڕاوێژکاران پێکهات کە ڕاوێژکارانی هەر چوار وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو 24 ئەندام لە پسپۆران لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت لەخۆدەگرێت. لەبەر زۆری ئەرکەکانیش ئەوە لیژنە بچووکەکەو لیژنەی داڕشتن و لیژنەی هونەری و لیژنەی لاسایی ـ سیمیۆلێشن(محاكاة) پێکهات، هەر لیژنەیەکیش ڕۆڵێکی کارای گێڕا لە چوارچێوەی کۆششی زۆرو وتوویژی تێرو تەسەل و هاریکاری و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ هەر سێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پاڵپشتیکارەکە (یۆنسکۆ، یوونیسێف، بانکی نێودەوڵەتی).

بەتەنگەوەبوونێکی هاوبەشیش هەبوو ئەم کارە نیشتمانییە گەورەیە تەواو بکرێت و بەڵگەنامەیەکی پوخت و تەواو بۆ ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێرکردن لە عیراق پێشکەش بکرێت، لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی پوخت و پتەوەوە هەڵقوڵابێت و لە بۆیەری ئاگەداربوون لە ئەزموونگەلی ستراتیژیەتە ئامادەکراوەکانی ژمارەیەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی ڕەوشیان هاوجۆرە وەرگیرابێت و تایبەتمەندییەتی ژینگەی عیراقی تێدا ڕەچاو کرابێت.

هەردوو لایەنی عیراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر تەوەرەکانی ستراتیژیەتەکەو وردەکارییەکانی پێکهاتن، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەیشدا تیمە تەکنیکییەکانی کارەکە زانیارییان لەبارەی ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن لە عیراق کۆکردەوە ، ئەو زانیارییانە کۆیان کردەوە لە شەش سەد لاپەڕە تێپەڕین. ئەوەبوو پشت بە ئامارگەل و چەندین شیکردنەوە بەسترا کە تیشکیان دەخستە سەر ڕەوشی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق لە ساڵی 2003وە، ئامارەکانی ساڵی خوێندنی 2009/2008 وەك بناغەیەك بۆ داڕشتنی ڕوخساری ستراتیژیەتی نیشتمانی دانران، لەبەر تیشکی ئەو هەڕەشانەی ئاکامەکانی شیکردنەوەی ڕەوشەکە دەریخستن بۆچوونە ستراتیژییەکان لە چوارچێوەی سیاستگەلی ئاییندەیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق دیاری کرا تا ڕوانین و پەیام و مەبەستە سەرەکییەکان لەخۆ بگرێت کە بۆ ئامانج و ڕێگەچارەی ستراتیژی لق و پۆپی لێ بووەوەو، پرۆگرام و پرۆژەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دانراو بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرگەلی داراییانەی بەردەست و مسۆگەر و بە بەشداری دەزگە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە هەر یەك لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا تێچووی جێبەجێکردنیان خەملێنرا، لەبەر تیشکی ئەوەیشدا بەرپرسیاریەتی ئەو لایەنانە دەستنیشان کرا کە پرۆسەی جێبەجێ کردنەکە بەڕێوە دەبەن لەگەڵ چوارچێوەی زەمەنی پێویست بۆ جێبەجێ کردن.

میکانیزمی کارکردنیش لەچوارچێوەی سازدانی وەرشەی کاری هاوبەش لەنێوان تیمی عیراقی و پسپۆرانی نێودەوڵەتیدا ئەنجام دەدرا بۆ پێداچوونەوەی هەموو ئەوانەی تەواو دەکران لەبەر ڕۆشنایی پلانە تەواوکراوەکاندا کە

هەردوو لا پێشتر لەبارەیانەوە ڕێك دەكەوتن و پسپۆرە نێودەوڵەتییەكان و پسپۆرە عیراقییەكانەوە پێیاندا دەچوونەوە، تا شێوەی كۆتایی خۆیان وەردەگرت پاش ئەوەی بە سەرنج و تێبینی و وتوویژی تێروتەسەل دەوڵەمەند دەكرا.

ئەمەی خوارەوەیش پوختەیەكی ڕاپەڕاندنە تیشك دەخاتە سەر كۆڵەكە بنەڕەتییەكانی ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێركردنی باڵا لە عیراق بۆ ساڵانی (2011 ـ 2020) كە بە بەڵگەنامەی تێرو تەسەل پاڵپشت كراوە كە دەشێت لە دۆسیێی هاوپێچەكاندا سەیریان بكرێت كە هەموو بەڵگە ستراتیژییە تەواوكراوەكانی ماوی ڕابوردوو لەخۆدەگرن.

# یەکەمین پارِ

## پێڕۆی گشتی

### 1ـ دەستوورو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان:

دەستووری ساڵی 2005ی عیراق فێرکردن بە فاکتەری بنەڕەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ دادەنێت، بۆیە یاسادارێژ بە تەنگی ئەوەوە بووە چەند برگە لە دەستووردا بچەسپێنێت کە باسی مافی فێرکردن دەکەن و دەوڵەت بۆ هەمووانی دەستەبەر دەکات، جگە لەوەی کە لە هەموو قۆناغەکاندا بەخۆڕاییەو لە قۆناغی سەرەتاییشدا تەوزیمییە، لەگەڵ هاندانی توێژینەوەی زانستی و داهێنان و دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی فێرکردنی کەسانی پێداویستییە تایبەتمەندەکان [(1)]، ئەمەیش بنەمایەکی بەهێز بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردن پێکدەهێنێت کە دەکرێت بۆ پەرەپێدان و فرەوانکردنی بەو شێوەیەی پێویست و خوازراوە پشتی پێ ببەسترێت.

مادەی حەوتی پرۆژەی جارنامەی عیراقی بۆ مافی مرۆڤ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە : ( دەوڵەت مافی فێرکردن بۆ هەمووان دەستەبەر بکات بەمەرجێك لە قۆناغی بنەڕەتی تەزیی بێت و لە هەموو قۆناغەکاندا بەخۆڕایی بێت، ئەویش بە مەبەستی گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ گەشەپێدانێکی تەواوەتی و پتەوترکردنی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ).

ئەم بۆچوونەیش لەلایەن بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە پەروەردەو فێرکردنەوە پشتیوانی لێ دەکرێت، کە عیراق پێڕەویان دەکات، وەك جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1948 کە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە فێرکردن مافێکی بنەڕەتی هەموانە، هەروەها جارنامەی مافەکانی منداڵ کە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە فێرکردن مافی هەموو منداڵێکە، هەروەها ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی ئەپارتاید (ڕەگەزپەرستیەتی) لە فێرکردندا ساڵی 1956و، پیڕەوکردنی پرەنسیپی جیانەکردنەوەی ڕەگەزی لە فێرکردنداو، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکردنەوە دژ بە ئافرەت ساڵی 1981 کە داوا دەکات هەموو جیاکارییەك دژ بە ئافرەت نەهێڵرێت و داوای مافی هاوسان لە فێرکردندا دەکات و، دەسپێشخەرییە نێودەوڵەتیەکانی لەمەڕ فێرکردن بۆ هەمووان و، نەهێشتنی نەخوێندەواری و ساوایەتی منداڵ و فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، هەروەها ئامانجەکانی هەزارە جەختیان لەسەر بڵاوکردنەوەی فێرکردن کردووەتەوە لەبەر ئەوەی مافێکە لە مافی هەموان.

---

1ـ بەڵگەنامەی دەستووری عیراق کە لە ساڵی 2005 دەرچووە.

ئەوەی لە دەستووری عیراقدا هاتووە( مادە 14و مادە 34و مادە 38) جگە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بناغەی سەرەکی پەرەپێدانی ستراتیژیەتی نیشتمانیی پەروەردەو فێرکردن لە عیراق پێکدەهێنێت و پاڵپشتی لێ دەکات.

## 2ـ فاکتەرە سیاسییەکان:

هەنووکە عیراق بە قۆناغێکی گۆڕانکاری بەرەو دیموکراسی تێدەپەڕێت، ئەویش پاش دەیان ساڵی دیکتاتۆری و سیستمی تاك حزبی، بۆیە چەندین ڕەفتاری نوێی سیاسی لە ژیانی عیراقدا بەدی دەکرێت وەك هەڵبژاردن و ئازادی ڕادەربڕین و سەروەری یاساو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و، مافەکانی ئافرەت و ماف و ئازادییەکانی دیکە کە ئاراستەی نوێ بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنی و بەشداریکردنی بە کۆمەڵ و پاراستنی مافی کەمایەتییەکان دەنوێنن، کە ئەمەیش هەلێکی گەورەیە دەکرێت بۆ پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەو فێرکردن سوودی لێ وەربگیرێت.

بەڵام هێشتە چەند بارودۆخێکی ناسەقامگیر هەن فشار دەخەنە سەر ژیانی گشتی و، ڕەوشی سیاسی و ئەمنی تا ڕادەیەك ناسەقامگیر، بووەتە هۆی ئەوەی چەند ڕەفتارێکی نایاسایی لە جومگەکانی کارکردن لە پەروەردەو فێرکردندا هەبێت، ئەمەیش بووەتە هۆی سەپاندنی فشارو هەڕەشە بەسەر دەستەکانی فێرکاری و پەروەردەکردندا، جگە لەوەی کە هەندێك لە دایك و باوکان دەترسن منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن، کە وا لە هەر هەموو ئەو بارودۆخانە دەکات هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سیستمی پەروەردەو فێرکردن پێکبهێنن و پێشهاتەکانیش ئاماژە بە پاشەکشەو کەمبوونەوەیەکی ڕێژەیی ئەو هەڕەشانە دەکەن، ئەمەیش هیوای ئەوەی لێ بەدی دەکرێت ژینگەیەکی دروست و هاندەرانە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکە دەستەبەر ببێت.

## 3 ـ فاکتەرەکانی دانیشتووان:

فاکتەرەکانی دانیشتووان هەڕەشەیەکی بنەڕەتی بۆ نەخشەداڕێژەرانی بواری کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا پێکدەهێنن، ئەویش بە هۆی گەشەسەندنی خێرای دانیشتووانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە تەمەنی فێرکردندان، عیراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بەوە ناسراوە ژمارەی زیادبوونی دانیشتووانی بەرزە، چونکە داتاکانی لەمەڕ دانیشتووان لە دەیەکانی ڕابوردوودا دەریانخستووە کە تێکڕای گەشەسەندنی دانیشتووان لەنێوان (2,68٪ ـ 3٪)دایە، پاش ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی عیراق لەساڵی 1927 لە (2,9) ملیۆن کەس تێنەدەپەڕی، کەچی مەزەندەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی عیراق بۆ (31,66) ملیۆن کەس لە ساڵی 2009 دەکەن و ڕێژەی (49,7٪)ی ئافرەتن [2]. (شێوە 1).

2ـ وەزارەتی پلاندانان، دەزگەی ناوەندی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دانیشتووان.

3 ـ وەزارەتی پلاندانان، دەزگەی ناوەندی ئامار.

### شێوەی ( 1 ) ژمارەی دانیشتووانی عیراق ( ملیۆن کەس ) لە ماوەی 1927 ـ 2009




تێکڕای چڕی دانیشتووان لە عیراق گەیشتە (72) کەس /کم2، چڕی دانیشتووان لە بەغدای پایتەخت بە تێکڕای (1652) کەس/ کم2 بەرزترەو لەو پارێزگەیانەیش کەمتر دەبێتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری ڕووپێوەکانیان لە ناوچەی بیابان پێکهاتووە، لەو ڕووەوە تێکڕای چڕی دانیشتووان لە پارێزگەی ئەنبار دەگاتە(12) کەس/کم2. ژمارەی دانیشتووان لە پارێزگەی بەغدا (7,5) ملیۆن کەسەو بەرزترین ڕێژەی دانیشتوان لە عیراق پێکدەهێنن کە (23.9٪)یە، پاش ئەویش نەینەوا بە ڕێژەی (9,5٪)و بەسرە بە ڕێژەی (6,3٪) دێن. لەو خەسڵەتە گرنگانەی دانیشتوان کە لە عیراق هەیە ئەوەیە کە ڕێژەی دانیشتوان لەوانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە بەرزەو ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە شەست و پێنج ساڵ بەرەو سەرەوەترە نزمە.

ئەمەیش لە هەرەمی دانیشتوواندا لە عیراق ڕەنگ دەداتەوەو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کۆمەڵی عیراق کۆمەڵێکی گەنجەو خەسڵەتی ئەوەی هەیە کە بنکەیەکی بەرینی لە کەسانی تەمەن بچووك تێدایە، لەو ڕووەوە مەزەندەکانی دانیشتووان لە ساڵی 2009دا ئاماژە بەوە دەکەن کە دانیشتووان ئەوانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە ڕێژەی (42,9٪) پێکدەهێنن. ئەم ڕەوشەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پتر لە یەك لەسەر سێی دانیشتووانی عیراق لە تەمەنی هاوسان بە قۆناغەکانی فێرکردنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندین، وێڕای (6,1٪) لە منداڵان لە تەمەنی پێش قۆناغی فێرگە، هەروەها لەپاڵ دانیشتووانی تەمەن هاوسان لەگەڵ قۆناغی فێرکردنی زانکۆیی و تەکنیکی ئەوە ڕێژەی دانیشتووان لە تەمەنی فێرکردندا (47,7٪)ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدەهێنێت [1] (شێوەی 2)، کە ڕێژەیەکی زۆرەگرنگ و قەوارەی بەرپرسیاریەتی بۆ بەدیهێنانی هەلەکانی فێرکردن بۆ هەمووان و

پێشخستنی ئاستی فێرکردنی دانیشتووان ڕوون دەکاتەوە، بەوەی یەکێکە لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی شارستانی و بنەمای بنەڕەتی پەرەپێدانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

شێوە (2) ڕێژەی دانیشتووان هاوتەریب لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندندا




## 4 ـ فاکتەرە ئابوورییەکان:

پترۆڵ بە گرنگترین ئۆرگانی تێکڕای داهاتی (بەرهەمی) ناوخۆیی لە عێراق دادەنرێت چونکە ڕێژەی (55,3٪)ی تێکڕای داهاتی ناوخۆیی پێکهێناوەو، نزمبوونەوەو بەرزبوونەوەی نرخی پترۆلیش لە بازاڕەکانی جیهاندا کار دەکاتە سەر داهاتەکانی پترۆڵ کە ئەویش فشاردەخاتە سەر پلاندانەران چونکە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی لە ساڵی 1997دا گەیشتە (10,3) ملیار دۆلارو لە ساڵی 2003دا بەرزتربووەوەو گەیشتە (15,4) ملیار دۆلار بەوەیش تێکرایەکی گەشەسەندنی ساڵانەی بەدی هێنا کە بە ڕێژەی (6,9٪) بوو.

زیادبوونی تێکڕای داهاتی ناوخۆیی لە ساڵی 2008دا بەردەوام بوو تا گەیشتە (129,3) ملیار دۆلار، ئەوەبوو تێکڕای گەشەسەندنی ساڵانەی مورەکەب ڕێژەی (53,2٪)ی لە ماوەی (2003 ـ 2008)دا بەدی هێنا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

1 ـ وەزارەتی پلاندانان، دەزگەی ناوەندیی ئامار.

بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵی 2007دا دەبینین کە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی لە ساڵی 2008دا بەرزبوونەوەیەکی بە ڕێژەی (40,9٪) بە نرخی ئێستەو بە (6,6٪)ی بە نرخی نەگۆڕ تۆمارکردووە. (شێوەی 3).

### شێوە ( 3 ) داهاتی ناوخۆیی بە دۆلار ( ملیار دۆلار )




ناوەندی داهاتی تاکیش لە ساڵی 2003دا گەیشتە نزیکەی 437,4 دۆلار پاشان ئەم ئاستە وردە وردە بەرزتر بووەوە تا گەیشتە 1597,5 دۆلار لە ساڵی 2005دا، پاشان بە تێکڕای گەشەسەندنێك کە ڕێژەی (55,7٪)ە لە ماوەی (2003 ـ 2008) گەشەی سەندو لە ساڵی 2008دا گەیشتە سنووری 3502 دۆلار[(1)].

وێڕای ئەو پەرەسەندنەی لەبواری تێکڕای داهاتی ناوخۆیی و خەرج کردنی حکوومی لەسەر فێرکردن هەستی پێ دەکرێت، بەڵام ئاستی ئەو خەرج کردنە هێشتە زۆر لە خوار ئەو ئاستەوەیە کە دەخوازرێت، ئەمەیش پێویست بەوە دەکات بە شێوەیەکی جیدی چاو بەو برە پارەیانەدا بخشێنرێتەوە کە بۆ پەروەردەو فێرکردن تەرخان کراون.

ئەگەرچی ڕێژەی خەرج کردن لەسەر فێرکردن لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی زیادبوونی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هێشتە لەوە کەمترە کە لە وڵاتانی دەوروبەر هەیە، ئەوەبوو خەرج کردن لەسەر کەرتی فێرکردن لە عێراق گەیشتە ڕێژەی 3,5٪ لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی کە ئەمەیش زۆر نزمە ئەگەر لەگەڵ ژمارەیەك لە وڵاتە هەرێمیەکاندا بەراورد بکرێت. (خشتەی 1) و(شێوەی 4).

## خشتەی ( 1 ) خەرج کردن لەسەر فێرکردن ( لە هەندێك ولآت ) وەك رێژەیەك لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی ساڵی 2008

| ز | ولآت | خەرج کردن لەسەر فێرکردن وەك ریژەیەك لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی |
|---|---|---|
| 1 | کوێت | 8,2 |
| 2 | توونس | 7,2 |
| 3 | یەمەن | 6,5 |
| 4 | ئوردن | 6,4 |
| 5 | جەزائیر | 6,4 |
| 6 | مەغریب | 6,3 |
| 7 | میسر | 6,3 |
| 8 | عەرەبستانی سعوودی | 6,0 |
| 9 | مالیزیا | 5,9 |
| 10 | ئێران | 4,8 |
| 11 | عومان | 4.6 |
| 12 | ئیندۆنیزیا | 3,6 |
| 13 | بەحرەین | 3,6 |
| 14 | عیراق | 3.5 |
| 15 | قەتەر | 3.5 |
| 16 | سووریا | 3,2 |
| 17 | لوبنان | 2,6 |
| 18 | ناوەند | 5 |

Source: mena flagship Report and UNESCO 2OO8

## شێوەی ( 4 ) ڕێژەی خەرج کردنی گشتی لەسەر فێرکردن لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی




1 ـ دەزگەی ناوەندیی ئامار/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی نەتەوەیی.

له كاتێكدا ساڵی 2008 خەرج كردن لەسەر كەرتی فێركردن گەیشتە 8,6٪ی خەرجكردنی حكوومی لە عیراق بە بەراورد لەگەڵ هەندێك لە وڵاتانی عەرەب وەك عەرەبستانی سعوودی 25٪ و وڵاتی مەغریب 29٪ .
ناوەندەكانی خەرجكردنی ساڵانەی خێزانەكان لەسەر فێركردن بەپێی ئاستەكانی فێركاری جیاواز بوون بۆیە كەمترینیان گەیشتە 88000 دینار لە فێركردنی سەرەتایی و 968000 دینار لە خوێندنی باڵا. هەروەها ڕێژەی ئەو خێزانانەی ناتوانن خەرجی فێركردنی منداڵەكانیان بدەن گەیشتە 20٪. لەلایەكی دیكەوە لەو هەرەشە سەرەكییانەی ڕوو بە ڕووی سیستمی پەروەردە دەبێتەوە لە عێراق بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێكارییە بۆ (15٪)و هەژاری و بێ بەشبوون بۆ (23٪)و نەخوێندەواری بۆ (19٪)[1]. (خشتەی 2).

**خشتەی ( 2 ) باری فێركردنی دانیشتووانی عیراق**

| باری زانستی | نێر٪ | مێ٪ | تێكڕا٪ |
|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 11,6 | 26,4 | 19,1 |
| تەنیا دەخوێنێتەوە | 2,5 | 2,4 | 2,4 |
| دەخوێنێتەوە دەنووسێت | 21,8 | 21,2 | 21,5 |
| سەرەتایی | 30,2 | 28,2 | 29,2 |
| ناوەندی | 13,7 | 9,6 | 11,6 |
| ئامادەیی (ئەكادیمی و پیشەیی) | 8,9 | 5,0 | 6,9 |
| دیپلۆم | 5,4 | 3,8 | 4.6 |
| بەكالۆریۆس بەرەو سەرەوە | 5,6 | 3,1 | 4,4 |
| دیار نییە | 0,2 | 0,3 | 0,3 |
| تێكڕا | 100 | 100 | 100 |

1 ـ دەزگەی ناوەندی ئامار/ ڕووپێوی كۆمەڵایەتی و ئابوریی خێزان لە عیراق ساڵی 2007.

لە خشتەی (2)دا دەردەكەوێت كە ڕێژەی نەخوێندەواری لە عیراق زۆر بەرزە بە بەراورد لەگەڵ ئاستەكانی پێشوویدا كە لە ساڵی 1988 بۆ پتر لە 5٪ نزم بوبووەوە[1] و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهان كە ڕێژەی نەخوێندەواری تێدا بۆ سفر نزم دەبێتەوە وەك لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا باكوورو لە ژاپۆن وایە. لەكاتێكدا لە كۆریای باشوور دەگاتە 2٪و لە بەحرەین دەگاتە 14٪ و لە قەتەر دەگاتە 16٪ [2]. هەروەها ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕیزی مێینەدا بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ نێرینەدا ئەویش لەبەر چەند فاكتەرێكی ئابووری و كۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر.

1- ڕاپۆرتی نەخوێندەواری لە جحیهاندا ـ یونسكۆ ـ 2009.

2 ـ وەزارەتی پلاندانان، پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی (2010 ـ 2014).

## 5 ـ فاکتەرە تەکنیکییەکان:

کەرتی پێوەندی و تەکنەلۆژیای زانیاری پاش ساڵی 2003 پەرەسەندنێکی فرەوانی بەخۆوە بینی، بۆچوونێکی ئاشکرا هەیە لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نویّ لە دەزگە جیاجیاکانی حکوومەتدا لەگەڵ بایەخدانێکی زۆر بە مەشق پیّ کردنی کارمەندان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەییان، لەو ڕووەوە کێرفە نیشتمانییەکانی دیاری کردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیی دەریانخستووە کە ڕێژەی ئەو خێزانانەی کۆمپیووتەری تایبەتی خۆیان هەیە گەیشتە (18,1٪) لە ساڵی 2008و، ژمارەی ئەوانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ساڵی 2007 نزیك 32 کەس بوو بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتووان، جگە لەوەی ڕێژەی مۆبایل لە هەمان ساڵدا گەیشتە 39 مۆبایل بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتووان[1].

ساڵی 2003 وەزارەتی زانستەکان و تەکنەلۆژیا دامەزرێنرا بۆ ئەوەی ببێتە لایەنێکی حکوومی لەپەرەپێدان و بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەرپرسیار بێت، زۆر خزمەتگوزاری حکوومی هەن لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پێشکەش دەکرێن و، حکوومەت تێدەکۆشێت خزمەتگوزاری زۆرتر لە بواری سیستمی حکوومەتی ئیلیکترۆنیدا بخاتە واری جێبەجێ کردنەوە.

ساڵی 2006 حکوومەت پتر لە 44 پرۆژەی وەبەرهێنان و 250 توێژینەوەی زانستی لە بواری تەکنەلۆژیا جۆراوجۆرەکاندا جێبەجێ کرد وەك هوشداری پێش وەخت، نۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکان، دروستکردنی تۆڕی پێوەندی، خۆڕزگارکردن لە پیس بوون بە تیشك، جێبەجێکاری کشت و کاڵی و، نەوت و، فێرکردن و، شتی دیکە.

وێڕای ئەو کەلێنە تەکنەلۆژییە گەورەیەی عیراق بە دەستییەوە دەناڵێنێت کەچی کۆششێکی زۆر دەدرێت تەکنەلۆژیا تێکەڵ بە کۆمەڵ بکرێت و سوودی لیّ وەربگیرێت و لەگەڵ ئەو دەروازە کردنەوە فرەوانەدا کەچی هەلێکی گەورە بۆ بەکارهێنانی جێبەجێکاری تەکنەلۆژیا لە هەموو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا ڕەخساوە، بە تایبەتی کە کارمەندانی لێهاتووی عیراقی هەن دەتوانن لەم بوارەدا کاربکەن کە ئەوەیش هەلێکی دیکەیە دەشێت لەم کەرتەدا سوودی لیّ وەربگیرێت.

## دووەمین پار

## شیکردنەوەی ڕەوشی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق

لەم پارەدا ڕەوشی کەرتی پەروەردەو فێرکردنی لە چوارچێوەی حەوت تەوەری بنەڕەتییەوە شیکردووەتەوە کە ئەمانەن:

1 ـ سیستمگەلی تەشریعی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق.

2 ـ سیستمگەلی کارگێڕیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق.

3 ـ ڕەوشی ئێستەی پەروەردەو فێرکردن (ژێرخان، سیستمی داتاکان، مەشق و ڕاهێنان ).

4 ـ هەلە ڕەخساوەکان (چوونە بەر خوێندن، یەکسانی، لێهاتوویی ناوخۆیی و دەرەکی).

5 ـ بەڕێوەبردنی کوالیتی لە پەروەردەو فێرکردنی باڵا .

6 ـ تەمویل کردنی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو خەرج لەسەر کردنیان.

7 ـ توێژینەوەی زانستی لە پەروەردەو فێرکردنی باڵا .

لە ئاکامی شیکردنەوەوە ئەمەی خوارەوە دەرکەوت:

### 1 ـ سیستمگەلی تەشریعی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق.

### أ ـ پەروەردە:

کەرتی پەروەردە لەژێر کاریگەری سیستمگەلێکی تەواوی یاساڕێژی و یاساگەل و سیستمگەلێکدایە کە کاری دەزگە پەروەردەییەکان دەستنیشان دەکەن، کە ژمارەیەك خەسڵەتیان تێدایە خاڵگەلی هێزێکی بنەڕەتی دەنوێنن، کە دەشێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە پشتیان پێ ببەسترێت. بەپێی ئەو سیستمگەلە وەزارەتی پەروەردە لە داڕشتنی سیاسەتی پەروەردەیی و دانانی پلانی پەروەردەیی و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بەرپرسیارە، دەقەکانیشی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فێرکردن مافێکی دەستەبەرکراوی هەر هەموانە بەبێ جیاوازی و، لە هەموو قۆناغەکانیشدا بەخۆڕاییەو، لە قۆناغی سەرەتایی، یان (بنەڕەتی)دا تەوزیمییە بە پێی مادە 14ی دەستوور. ئەم سیستمگەلە بۆ مسۆگەرکردنی هەل ڕەخساندن بۆ فێرکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و

---

1 ـ وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندجانانی پەروەردەیی/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی.

2 ـ ڕاپۆرتی نەخوێندەواری لە جیهان ـ یۆنسکۆ ـ 2009.

چاودێری کردن و پەروەردەکردنی بەهرەداران و خوێندنەوەو نووسین فێرکردنــی نەخوێنــدەواران و تێکــەڵ کردنیــان بــە پرۆسەی پەروەردەیی دانراوە.
وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەم سیستمگەلە، کار لە پێناوی نوێکردنــەوەی پرۆگرامــەکان و شــان بــە شــان ڕۆیشــتنی لەگــەڵ پێشــهاتە زانســتییە جیهانییەکانــدا دەکــات، لەگــەڵ بەرزکردنــەوەی ئاســتی تاقیکردنــەوەکان و پێــوەرو ڕاستکردنەوەو، ڕاهێنانی مامۆستایان و وانەبێژان و مسۆگەرکردنی مەشق پێ کردنی بەردەوامیان.
بەڵام ئەو سیستمگەلە تەشریعییانە زۆر جار بە دەستی تێکەڵ و پێکەڵی و ناڕێکی و کۆن بوونەوە دەناڵێنن، چــونکە ئەو هەموو یاساو سیســتم و ڕێنوێنییــە بــێ شــومارانە ڕەوتــی کــارکردن تێکــدەدەن و کۆشــش و ڕەنجــەکان پــەرت دەکەنەوە، جگە لە نەبوونی نەرم و نیانی ئەو یاسایانەو میکانیزمی پێشنیازکراوی هەموارکردنیان. بۆیە گــەورەترین هەڕەشە لێرەدا خۆی لە لەسەرلەنوێ داڕشتنەوەو یەکخستنەوەی هەر هەموو ئەو یاســایانە لــە یاســاو سیســتمگەلی ڕوون و یەکگرتوو و تەواوگەردا دەبینێتەوە بۆ پەرەپێدانی ژینگەی کاری یاسایی لە پەروەردەو فێرکردندا.

### ب ـ فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:

سیستمگەلی تەشریعییەکانی تایبەت بە وەزارەتی فێرکردنــی بــاڵاو توێژینــەوەی زانســتی کۆمــەڵێك لــەو یاســایانە لەخۆدەگرێت کە چالاکییەکانی وەزارەتەکە دەستنیشان دەکەن، کە چــەندین تایبەتمەنــدییان تێدایــە لەوانــەی دەبنــە خاڵی هێزی ڕاستەقینە بۆ پاڵپشتی کردنی کەرتی فێرکردنی باڵا، جا بەپێی ئــەم سیســتمگەلە وەزارەتــی فێرکردنــی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕۆشنبیری و فێرکردن و تەکنەلۆژیی دەوڵــەت لــە چوارچــێوەی دەزگە حکوومی و ئەهلییەکاندا بەرپرسیارە. یاساکان جەخت لەسەر خوێندنی بــەخۆڕایی و بــەبێ جیــاوازی هــەموو فێرخوازو قوتابیان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەکەنەوە (لە خوێندنی بەیانیانی حکوومیدا)، کار بــۆ ئــەوەیش دەکات زانکۆکان بە کۆمەڵــەوە ببەســتێتەوەو گــرێ بــدات ئــەویش لــە چوارچــێوەی نووســینگەکانی ڕاوێــژکاری و، دەستەبەرکردنی هــەلی چــاکترکردنی داهــاتی زانکــۆو دەســتەگەلی مامۆســتایان لەچوارچــێوەی بەشــداربوونیان لــە لێکۆڵینــەوەو پرۆگرامگــەلی جۆراوجــۆرەوە، جگــە لــەوەی هــانی دامەزرانــدنی زانکــۆو کۆلێــژی ئــەهلی دەدات بەسەرپەرشتیی وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژنەوەی زانستی.
بەڵام هەندێك لەو یاســایانە خاڵگــەلێکی زۆری لاوازیــان تێدایــەو لەبــەردەم کــاری وەزارەت و دەزگەکانیــدا دەبنــە هەڕەشەو لەمپەر، لەبەر ئەوەی نەرم و نیانییان کەمەو میکــانیزمی هەموارکردنیشــیان ئــاڵۆزە، جگــە لــەوەی کــە کۆنیشن و شان بە شانی گۆڕانکارییە خێراکانی کەرتی فێرکاری نێودەوڵەتی ناڕۆن، ئەمــەیش بەربەســتێك لەبــەردەم پەرەسەندنی وەزارەتدا دروست دەکات، چونکە سەربەخۆییەکی تەواو بە زانکۆ نادات کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت.

## 2 ـ سیستمگەلی کارگێڕیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا:

پێکهاتەی ڕێکخستنی پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەدەستی هەر هەمان ئەو کێشە کارگێڕییانەوە دەناڵێنێت، کە خۆیان لە پیڕەوکردنی ڕیکخستنی ئەستوونی و ناوەندی (سەنتراڵیزم)دا دەنوێنن، کە دەبێتە هۆی دژواری پێوەندی پێوەکردن و گواستنەوەی داتاکان و، سستبوونی بڕیار وەرگرتن و بڕیاردان، جگە لە پاشەکشەی کەش و هەوای ئەو ڕێکخستنەی کە هەر هەموو کێشەو گرفتە کارگێڕی و ڕیکخستنەکانی تێدا گرد دەبێتەوە، هەر لە فرەبوونی سەرچاوەی بڕیارەوە بگرە تا دەگاتە ڕۆتین و بێکاری ڕووپۆشراو و ڕەفتارو هەڵسوکەوتە کارگێڕییە نەشیاوەکان. چوارچێوەی گشتیی دەستەڵات و بەرپرسیاریەتییەکان لە هەموو وەزارەتەکانی حکوومەتی عیراق لەیەك دەچن، چونکە سیستمی کارگێڕیی حکوومەت بە پێی سەنترالیزمێکی بەرزو چڕکردنەوەی دەستەڵات و هەرەمیەتی وەرگرتنی بڕیارەکان و چڕکردنەوەی گرنگترین دەستەڵاتگەلی بنەڕەتی لە ئاستە کارگێڕییە باڵاکاندایە کە کاری هەردوو وەزارەت و دەزگەکانیان بەڕێوە دەبەن، ئەمەیش یەکێك لە خاڵی لاوازی بناغەی هەردوو وەزارەت پێکدەهێنێت و، پێویست بە چاوخشاندنەوە بە سیستمەکانی دەستەڵاتەکان دەکات بە شێوەیەك خزمەت بە هەنگاو هاویشتن بەرەو لامەرکەزی کارگێڕی بکات.

## 3 ـ ڕەوشی هەنووکەی پەروەردەو فێرکردن:

### أ ـ ژێرخان

هەرەشەی سەرەکی لەبواری ژێرخانی کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵادا بە شێوەیەکی ڕوون لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە فێرکردنی گشتی و باڵادا دەردەکەوێت، ئەویش خۆی لە کەمی تەلاری قوتابخانەو زانکۆکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ بەرزیی ڕێژەی قەرەباڵغی لەناو پۆل و هۆڵەکانی خوێندن و وانەبێژی و، دابەشکرنی مامۆستایان و وانەبێژان بە شێوەیەکی نەگونجاو جگە لە ئاست نزمیی لایەنی کوالیتی لە کارامەیی و لێهاتوویان و، ژینگەی نەگونجاوی قوتابخانەو زانکۆ و، نەبوونی کەل و پەل و ئامێری تەکنەلۆژی و ژێرخانی قوتابخانەو زانکۆکان، لەو ڕووەوە (خشتەی 3) ڕەوشی ئێستەی ژمارەیەك قوتابخانەو قوتابی و مامۆستاو وانەبێژان لە عیراق لە ساڵی خوێندنی 2008 ـ 2009 ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی ( 3 ) کۆی گشتی ژمارەی قوتابخانەو قوتابی و دەستەگەلی فێرکاری و تەلاری قوتابخانە لە ساڵی 2008 ـ 2009**

| لایەن | ژمارە قوتابخانەکان | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی دەستەگەلی فێرکاری | ژمارەی تەلاری قوتابخانەکان |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | 18944 | 6468778 | 406684 | 13398 |
| هەرێمی کوردستان | 5482 | 1339545 | 83304 | 3572 |
| کۆی گشتی | 24426 | 7808323 | 489988 | 16970 |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی

لە قۆناغی سەرەتایی لە سەنتەرو لە هەرێم پێویست بە (4476) تەلاری قوتابخانەی دیکە هەیە، لە (3963) تەلاری قوتابخانەیش دوو دەوامی و، لە (424) تەلاری قوتابخانەیش سێ دەوامی لە سنتەرو هەرێم هەن، جگە لەوەی (1097) تەلاری قوتابخانەی لەقوڕ دروست کراو هەن (لە سەنتەرو هەرێم) و (2441) تەلاری قوتابخانەیش هەن بێ کەڵکن و، (6639) تەلاری قوتابخانەیش هەن پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە. هەرچی فێرکردنی دواناوەندییە پێویستی بە (2415) تەلاری دیکەیە لە عیراق و (1214) تەلاریش دوو دەوامی و (140) تەلاریش سێ دەوامییان تێدایە، هەروەها (313) تەلاری بێ کەڵك هەن و(1547) تەلاریش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، جگە لەوەیش تا ئێستە (10) تەلاری قوڕین لە سەنتەر هەن.(شێوە 5) و (شێوە 6).

**شێوە ( 5 ) کەمی تەلاری قوتابخانەی سەرەتایی و بنەڕەتی بە پێی ساڵەکانی خوێندن ( سەنتەرو هەرێم )**




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی

**شێوە ( 6 ) دوو دەوامی و سێ دەوامی لە تەلاری قوتابخانەکاندا لە فێرکردنی سەرەتایی و بنەڕەتی ( سەنتەرو هەرێم )**



سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی

ئەمەیش فێرکردنی پیشەیی و قوتابخانەی بەهرەداران و پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت و بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەگرێتەوە کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کۆششی ئەوتۆ هەیە نەخوێندەواری لە عیراق ڕیشەکێش بکرێت بەڵام هێشتە ئەو کۆششانە بەپێی ئەو ئاستە نین کە پێویست دەکات، چونکە کێشەی نەخوێندەواری یەکێکە لە گرنگترین ئەو کێشانەی ڕوو بە ڕووی کەرتی پەروەردە بووەتەوە لە عیراق، هەروەها گرنگترین ئەو کێشانەیە کە پێویست بە یەکخستنی کۆششی هەموو دەزگە حکومییەکان لە وەزارەتە جیاجیاکان و ڕێکخراوە ناحکومییە پێوەندیدار بە پەروەردەو فێرکردنی باڵاوە هەیە. جێی باسە کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق یاسای ژماری ( )ی ساڵی 2011ی دەرکرد بۆ ئەوەی ببێتە بنەما بۆ کۆششەکانی بنبڕکردنی نەخوێندەواری، هەروەها فێرکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە هەردوو بەشی (ئەوانەی درەنگ فێردەبن، گوێ قورس و چاوکزەکان)ەوە یان بەشی بەهرەدارەکان. سەرەتا هەر لە یاسای ژمارە (118)ی ساڵی 1976و هەمووارکردنەکانی و سیستەمی فێرگە سەرەتاییەکان و سیستەمی فێرگە سەرەتاییەکانی ژمارە (30)ی ساڵی 1978 و یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (34)ی ساڵی 1998و یاسای فێرگەی بەهرەداران ساڵی 1985و ئەو ڕێنوێنییانەی لە پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت پێڕەو دەکرێن و ئەوانەی بەدوایاندا دەرچوون بە شێوەیەك لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێن و بەو شێوەیەی لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری عیراق بگونجێن، کەچی ئامارەکانی فێرگەکان لە ساڵی خوێندنی (2008 ـ 2009) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو فێرگانەی خوێندنی تایبەت دەیانگرێتەوە گەیشتووەتە (1128) فێرگە. لە ناوەند (816) فێرگە، لە هەرێم (370) فێرگە ئەمەیش تەنیا لە کەرتی فەرمیدا. ئەویش بە تێکڕای پەرەسەندنی ساڵانە (38,3٪) لە ساڵی خوێندنی (2006 ـ 2007)و چوونە بەر خوێندنی (9350) فێرخوازی کوڕو کچ بە تێکڕای نزمبوونەوەی (-9,4٪) لە ناوەند. هەرچی لە هەرێمە ئەوە ژمارەی فێرخوازان (2100) فێرخوازبوون و بە ڕێژەی پەرەسەندنی (2,7٪). کەچی ژمارەی مامۆستایان گەیشتە

(1077) مامۆستا له ناوەندو (400) مامۆستای ئافرەت و پیاو له هەرێم. هەرچی ژمارەی پۆلەکانی پـەروەردەی تایبەته ئەوە (904)ە له ناوەندو (1248) ە له هەرێم. سـەبارەت بـە فێرگـەی بـەهرەداران ئـەوە ژمارەیـان (7) فێرگەیە (4)یان له ناوەندو (3)یـان لـە هـەرێم، کـە (194) فێرخـواز لـە ناوەنـدو (153) فێرخـواز لـە هـەرێم لەخۆدەگرن و (153) مامۆستا له پسپۆرییە جیاجیاکاندا وانەیان تێدا دەڵێنەوەو کاریش بۆ جێبەجێکردنی پـرۆژەی تەواوکاری هەردوو پۆلی پێنجەم و شەشەمی تایبەت دەکرێت لـە چوارچـێوەی فێرکردنـی ئـەکادیمی و پیشـەیی بـە شێوەیەك لەگەڵ خوێندنی سەرەتاییدا هاوسان بێت، ئەگەر ڕێنماییە تایبەتەکان بەو فێرگانە پێویست بکات و دانانی کتێبی پرۆگرامەکان و تەواوکردنی ئامادەکردنی ڕێبەری وەرشەو کارگە دەستییەکان له پسپۆرییەکانی چنین و کـاری دەستی و سیرامیك و وێنەکێشان و دارتاشی و کۆمپیووتەرو و پرەکتیزە کردنـی هـەر یەکـەیان. وێـڕای تێپـەڕبوونی کاروانێکی دوورودرێژ بەسەر ئەو یاساو سستم و ڕێنوێنییانەدا بەڵام ڕەوشی ئێستە ئاماژە بەوە دەکـەن کـە چـەندین هەڕەشە هەن پێویست بەوە دەکەن بایەخ و کاری جدی بۆ بکرێت تا ئاسـانکاری بکرێـت و هـەلی خوێنـدن بـۆ ئـەو توێژەیش دەستەبەر بکرێت. ئەم نەبوونییە زۆرەی تەلاری قوتابخانە بووەتە هۆی زیـادبوونی قـەرەباڵغی قوتابیـان لـە قوتابخانەو پۆلەکان بە شێوەیەکی گشتی، وێڕای هەموو ئەوەیش هێشتە ڕێژەی قوتابی بۆ مامۆستا تەواو گونجاوە لـە هەر هەموو قۆناغەکانی خوێندنا، تەنانەت له خوێندنی پیشەییدا نزمتر دەبێتەوەو دەگاتە پێنج قوتـابی بـۆ تـەنیا یەك وانەبێژ، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە دابەشکردنێکی هاوکۆفی لە ژمارەی مامۆستایان و وانەبێـژان بەسـەر ناوچە جوگرافییە جۆراوجۆرەکاندا هەیەو ئەو فێرکردنەیـش کە کەرتی تایبـەتی دەسـتـەبەری دەکـات بەشێـکی زۆر بچووکی فێرکردنی قوتابخانەیی لە عیراق پێکدەهێنێت. لـە سـالی2008 ـ 2009دا، 1128 قوتابخانـەی ئەهلی لە عیراق هەبوون (816 لـە سـەنتەرو 312 لـە هـەرێم). بـەوەیش ئەوانـەی چـوونەتە بـەر خوێنـدن لـەو قوتابخانانەدا تەنیا لە سەددا 0,1ی ئەوانە پێکدەهێنن کە چوونەتە بەر خوێندن لـە هـەموو قوتابخانـە سـەرەتایی و دواناوەندییەکان لە عیراق[1].

هەرچی فێرکردنی باڵایە ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی زانکۆی حکوومی لە عیراق هەیە کە ژمارەیان (25) زانکۆیەو بە شێوەیەك هەر پارێزگە لە پارێزگەکانی عیراق یەك زانکۆی بەر کەوتووە، جگە بەغـدا کـە (5) زانکـۆو هـەرێمی کوردستان (6) زانکۆیان بەرکەوتووە، جگە لەوەی کە ژمارەی خوێندکاران لە کۆلێـژو زانکۆکـان زۆر زۆرەو، لەگـەڵ توانای جێبوونەوەیان لەو زانکۆو کۆلێژانەدا ناگونجێت و، زۆرترین ژمـارەی خوێنـدکارانی زانکـۆیش لـە زانکۆکـانی بەغدایەو، هێشتە ڕۆڵی فێرکردنی ئەهلی زانکۆیی زۆر سـنووردارە بـە بـەراورد لەگـەڵ فێرکردنـی حکوومیـدا کـە گەیشتووەتە تەنیا (11%)[2].

---

1 - وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی

2 - وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی - دەزگەی لێکۆڵینەوەو پلاندانان و بەدواداچوون - بەشی ئامار

### ب ـ مەشق و تواناسازی:

لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا پرۆگرامی مەشق و فێرکردنی بەردەوام هەیە بەڵام بە دەستی سنووردارییەتی پرۆسەی پلاندانانی سەرتاپاگیری و لاوازیی ئەو پلانانەوە دەناڵێنن، جگە لاوازیی توانای مادی و دارایی و مرۆیی بۆ مەشق تەرخان کراوو، لاوازیی هاریکاری لەگەڵ لایەنە بیانییەکانی پسپۆر لە بواری مەشق کردندا، لەپاڵ لاوازیی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ئەو شێوازە نوێیانەی لە بواری مەشق پێ کردندا بەکاردەهێنرێن، ئەمەیش بووەتە هۆی بێ بەشبوونی زۆربەی مامۆستایان و وانەبێژان و سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی زانکۆ لە مەشق پێ کردن.

### ج ـ سیستمگەلی داتاکان:

هەردوو وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سیستمگەلی زانیاری تەواوو پێشکەوتووانەیان نییە کە دەشێت ببنە سەرچاوەیەکی دروستی ئەو داتاو زانیارییانەی هەردوو وەزارەت لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیاندا پێویستیان پێ هەیە، ئێستەیش بۆ دەستەبەرکردنی داتاکان و چارەسەرکردنیان پشت بە بەشی ئامار لە هەردوو وەزارەت دەبەسترێت و، ڕاپۆرتەکانی ئاماری پەروەردەیی و فێرکاری بە شێوەیەکی وەرزی و ئاسایی لە هەردوو وەزارەت ئامادە دەکرێن.

## 4 . هەلە ڕەخسێنراوەکان

ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە هەر یەك لە باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە هەموو جۆرەکانییەوەو هەروەها لە خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی ڕوون دابەزیوە، ئەوەیش بەرزبوونەوەی خۆ لە خوێندن دزینەوەو نەخوێندەواری دەگەیەنێت، ئەمەیش هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەم بوارەدا پێکدەهێنێت، ئەوەبوو ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە باخچەی ساوایان گەیشتە 7٪و قۆناغی سەرەتایی 91٪و قۆناغی ناوەندی 36٪، بەڵام ئەو تێکڕایانە لە قۆناغی ئامادەییدا زۆر نزمتر دەبێتەوەو دەگاتە 18٪و لە خوێندنی باڵایش لە نزمبوونەوە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە تەنیا 14٪. (شێوە 7).

**شێوە ( 7 ) ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە قۆناغە جیاجیاكانی خوێندن لە عیراق ( حكوومەتی ناوەند )**




لەگەڵ تێبینی كردنی ئەوەی ئارەزوویەكی زۆر بەرەو لای نێرینە هەیە لە بواری هەلی فێركردن بەبەراوردكردن لەگەڵ مێینەدا بە تایبەتی لە قۆناغەكانی ناوەندی و دواناوەندی و فێركردنی باڵاو خوێندنی باڵا، لە لادێ بەبەراورد كردن لەگەڵ شار.

نزمبوونەوەی ڕێژەی سەركەوتن لە هەموو قۆناغەكانی خوێندندا بە بەفیڕۆچوونی داهات و كۆشش و ڕەنجی پەروەردەیی و فێركردن دەژمێررێت، چونكە ڕێژەی تێكڕای سەركەوتن لە قۆناغی ناوەندی بۆ نزمترین ئاست نزم دەبێتەوە دەگاتە تەنیا 65٪ لە كاتێكدا لە فێركردنی پیشەییدا بەرزتر دەبێتەوە دەگاتە بەرزترین ئاست ئەویش (78٪)ـە.[1]

سیستمگەلی پەروەردەیی و فێركردن ڕوو بە ڕووی هەڕەشەیەكی بنەڕەتی بووەتەوە پێوەندی بە سیستمەكانی وەزارەتی پەروەردەوە هەیە كە دەبنە دەروازە بۆ دەزگەكانی وەزارەتی فێركردنی باڵاو، ئەم هەڕەشەیە لایەنی چەندایەتی قوتابییە دەرچووەكانی وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە، كە هەرگیز لە توانای جێبوونەوەو وەرگرتنی زانكۆو پەیمانگەكانی عیراقدا نین. هەرچی لایەنەكەی دیكەیە ئەوە پێوەندی بە پسپۆڕایەتی دەرچووانی وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، چونكە نزیكەی 60٪ ی قوتابیان سەر بە لقی زانستی و 40٪یان سەر بە لقی وێژەیین، لە كاتێكدا ڕێژەی ئەو قوتابیانەی لە پسپۆڕایەتی مرۆیی و وێژەیی و كارگێڕی و ئابووری لە زانكۆ پەیمانگەكان وەردەگیرێن لە 70٪ نزیك دەبێتەوەو تەنیا ڕێژەی30٪ دەچنە بەشە زانستی و ئەندازەییەكان، ئەمەیش ئەوە

1 - وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پەروەردەیی

دەگەیەنێت کە 30٪ی ئەو قوتابیانەی لە لقی زانستی خوێندوویانە دەچنە بەشی پسپۆری مرۆیی یان مێژوویی، ئەمەیش هەڕەشەیەکی بنەڕەتی پێکدەهێنێت پێویست بە چارەسەرێکی ڕیشەیی دەکات. چونکە بەڵگەی ئەتۆ هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە بازاڕی کار لە عیراق پێویستی بە پیشەگەلی ئەندازەیی و تەکنیکی هەیە پتر لە پێویستی مرۆییانە، ئەوەیش پێویست بە لێکۆڵینەوەی قووڵتر دەکات سەبارەت بە پێویستی بازاڕی کار لە عیراق لە پسپۆرایەتییە جیاجیاکان و کارکردن بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی وەرگرتن لە ئاست و پسپۆرییەکانی فێرکردندا بەرەو دابینکردنی پێویستییەکانی بازاڕ دەچن بە تایبەتی لە فێرکردنی پیشەیی و تەقەنیدا.

## 5 ـ بەڕێوەبردنی کوالیتی

کوالیتی کەرتی پەروەردەو فێرکردن فاکتەرێکی بنەڕەتی بەشداربوونە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەردوو کەرت و بەرزکردنەوەی ئاستی دەرخستەکانیان بۆ ئاستە جیهانییە خوازراوەکان، بەڵام هەڕەشەی سەرەکی سەبارەت بە وەزارتی پەروەرد خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وەزارتی پەروەردە ڕێکخستنێکی دەزگەییانەی تایبەتمەند بە کوالیتی نییە، پێدەچێت کە پێویست بێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکرێت کە بەڕێوەبردنی کوالیتی وەك بەشێك لە سیستمی دەزگەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە نییە، چونکە هیچ یەکەیەکی ڕیکخستن لە دیوانی وەزارەت و نە لە هیچ یەك لە بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندیدارەکانی بەم چالاکییەوە نییە، پاشان پێشبینی ئەوە ناکرێت، کە کاری تایبەتمەند لەچوارچێوەی بەڕێوەبردنی باشایەتیدا هەبێت، وێڕای ئەوەی هەندێك لەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە هەن دەچنە چوارچێوەی ئەم چالاکییەوە بەڵام پێناچێت لە لایەنێکەوە ئاراستە بێت پێوەندی بەو بوارەوە هەبێت، دەشێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان) لەمە دەربهاوێژین، چونکە یەکەیەکی ڕێکخستنی کوالیتی تایبەت بە پرۆگرامەکانی تێدا کرایەوە، هەروەها (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردنی پیشەیی) کە هۆبەیەکی بۆ کوالیتی تایبەتمەند بە فێرکردنی پیشەیی کردەوە، ئەوەبوو هەر لە سەرەتای ساڵی (2010)ەوە هەوڵی دا بەڕێوەبردنی کوالیتی جێبەجێ بکات و، لەو پێناوەیشدا دەستی بە هەڵمەتێکی ڕۆشنبیرکردن کردو چەند کۆڕێکی بۆ پێناساندن و فاکتەرەکانی بەکارهێنان و گرنگی و ئامانج و پێوەرەکانی کوالیتی بۆ کارمەندان ساز کرد، هەروەها ڕێبەری پێشنیازکراو بۆ جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردنی کوالیتی بلاوکرایەوە، هەروەها یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2011ی وەزارەتی پەروەردە بڕگەیەکی تێدایە ئاماژە بە کردنەوەی بەشێك بۆ کوالیتی دەکات سەر بە وەزیر بێت.

کوالیتی تەنیا یەك لایەن لە لایەنەکانی پرۆسەی فێرکاری ناگرێتەوە بەڵکو هەموو لق و بەشەکانی دەگرێتەوە، ئەگەر بێت و لەم لایەنەوە سەرنجی ڕەوشی وەزارتی فێرکردنی باڵا بدەین ئەوە چەند یەکەیەکی پسپۆرو تایبەتمەند بە کوالیتی لە زانکۆو کۆلێژەکانی عیراقدا دەبینین جگە لە بوونی پێوەرگەلی دیاریکراو بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتی لە دەزگە فێرکارییەکانی عیراقدا، لەگەڵ ئەوەیشدا پرۆگرامەکانی خوێندن هێشتە هەر کۆنن و لە ڕووی بەرەوپێشەوەچوون شان بە شانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژی مۆرکی لاوازی و بێ هێزییان پێوە

دیاره، لەگەڵ لاوازیی پەیوەستبوونیان بە پێداویستییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، هەروەها جۆرە تێکچوونێك لە هاوسەنگیی پێکهاتەی نازناوە زانستییەکاندا هەیە کە بەلای پلە زانستییە نزمەکاندا دەشکێتەوە، نەك بەرەو پلە زانستییە باڵاکان (شێوەی 8) جگە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەوانەی بڕوانامەی ماجستێریان هەیە لەسەر حسێبی ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە لە هەموو سیستمگەلی فێرکردنی باڵادا.

شێوەی ( 8 ) وانەبێژان بە پێی نازناوی زانستی لە فێرکردنی باڵا لە عیراق




2 ـ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ـ دەزگەی لێکۆڵینەوەو پلاندانان و بەدواداچوون ـ بەشی ئامار

ئەو نیشانانەی لەبەر دەستدان دەریانخستووە کە جۆرە لاوازییەك لە خۆشەویست کردن لە نێوان سیستمگەلی فێرکردنی باڵا لەگەڵ دەزگەکانی دیکەی دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا هەیە لەوەی پێوەندی بە ئەرکی ڕاوێژکارییەوە هەیە، جگە لە لاوازی شێوازی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و ڕاستکردنەوە سەبارەت بە قوتابیان و دووری لە پێوەرەکانی کوالیتی کە لە زانکۆ جیهانییەکاندا پێڕەو دەکرێن، هەروەها پێویستییەکی زۆریش بە ئامێری کۆمپیوتەر هەیە بە مەبەستی نزمکردنەوەی ژمارەی وانەبێژان لەسەر یەك کۆمپیوتەر چ سەبارەت بە خوێندنی بەرایی یان خوێندنی باڵا.

## 6 ـ (تەمویل کردن)ی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو خەرج لێ کردنیان.

مەزندە ناکرێت هیچ سیستمگەلیەکی پەروەردیی یان فێرکاری بەبێ دەستەبەرکردنی داهاتی دارایی تەواو لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی بە شێوەی پێویست و بەڕێوەبردنی کارەکانی بە شێوەیەکی کاریگەرو لێهاتووانە بەردەوام بێت، بەڵام پرۆسەی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە بەچەند قۆناغێکی دژوارو دوورو درێژو ئاڵۆزدا تێدەپەرێت، زۆر جار دەبێتە هۆی دواکەوتنی پارە سەرف کردن بۆ چەند مانگێك لە ساڵی داراییدا.

جگە لە زۆریی ژمارەی ئەو لایەنانەی چاودێری پرۆسەی سەرف کردنی بودجە دەکەن کە هەندێك جار ناکۆکی لە نێوان ئەم لایەنانەدا لێ دەکەوێتەوە، جگە لەوەی کە میکانیزمی چاودێری کردنەکە فشاری دەروونی زۆر دەخاتە سەر ئەوانەی ئەو پارانە خەرج دەکەن.

بەپێی ڕێنماییەکان دەستەڵاتەکانی خەرج کردن مۆرکێکی سەنترالیزمی چڕ لەخۆدەگرن، هەروەها سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری کە بەپێی یاسا ڕێیان پێ دراوە تەواو سنووردارن، چونکە سەرمایەگوزاری خۆدی تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە قەوارەی تەمویلی پێویست پێکدەهێنێت، سەرەڕای سنوورداریی تەمویلی نێودەڵەتی بە بەراورد لەگەڵ پێداویستییەکانی پەروەردەو فێرکردن لە عیراق.

وێڕای بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی خەرج کردن لەسەر فێرکردنی گشتی و فێرکردنی باڵا لە تێکڕای داهاتی ناوچەیی و لە بودجەی گشتیی حکوومەت، بەڵام ئەوەی تا ئێستە تەرخان کراوە بەشی بەدەنگەوەچوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدانی ژێرخان و چاکترکردنی ژینگەی خوێندن لە عیراق ناکات، چونکە ڕێژەی خەرج کردن لەسەر پەروەردەو فێرکردنی باڵا وەك ڕێژەیەك لە بودجەی گشتیی حکوومەت گەیشتە (8%) بۆ پەروەردەو (3,4%) بۆ فێرکردنی باڵا[1].

ئەو خەرج کردنانەی ئێستەیش بەشی هەرە زۆری بودجەی فێرکردنی گشتی لە عیراق دەنوێنن، لەکاتێکدا خەرجکردنی وەبەرهێنان تا ئاستێکی زۆر نزم دادەبەزێت، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییەدا، ئەمەیش دەبێتە کۆسپ لەبەردەم چاکترکردنی ژێرخانی فێرکردنی گشتی لە عیراق. هەروەها هەڕەشەیەکی دیکەیش هەیە خۆی لە نزمبوونەوەی ڕێژەی جێبەجێکردنی بودجە بە گشتی و لایەنی وەبەرهێنانی بە تایبەتی دەنوێنێت.

وێڕای بەرزبوونەوەی تێچوونی یەك قوتابی لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، بەڵام ئەوە وەك پێدەچێت چاکتربوونی خزمەتگوزاری فێرکاری ناگەیەنێت، بەڕادەی ئەوەی بەرزبوونەوەی خەرج کردنی ئێستە دەگەیەنێت بەتایبەتی مووچەی کارمەندان، چونکە جیاوازییەکی نابابەتیانە لە تێچوونی یەك قوتابی لە قۆناغێکی خوێندنەوەو بۆ قۆناغێکی دیکە دەرکەوتووە، چونکە تێچوونی یەك قوتابی لە قۆناغی سەرەتایی لە بڕی خەرج کردن لەسەر فێرکردن لە ساڵی 2006 گەیشتە (222) هەزار دینارو لە ساڵی 2007دا بۆ (304) هەزار دینار بەرزبووەوە، هەرچی ساڵی (2008)ە ئەوە بەشێوەیەك بەرز بووەوە گەیشتە (535) هەزار دینار.

هەرچی قۆناغی دواناوەندییە ئەوە تێچووی یەك قوتابی لە خەرج کردن لەسەر فێرکردن لە ساڵی 2006دا گەیشتە (197) هەزار دینارو ساڵی 2007 بەرزبووەوەو گەیشتە (428) هەزار دینارو لە ساڵی 2008دا بۆ (759) هەزار دینار بەرزبووەوە. بە هەمان شێوەیش لە خوێندنی پیشەییدا ئەوە تێچووی یەك قوتابی لە خەرج کردن لەسەر فێرکردن لە ساڵی 2006دا گەیشتە (743) هەزار دینار و لە ساڵی 2007دا بۆ (1,247) ملیۆن دینار بەرزبووەوە، هەرچی ساڵی (2008)ە ئەوە بڕە پارەکە دوو ئەوەندە بەرزبووەوەو گەیشتە (2,206) ملیۆن دینار[2]، هەرچی هەرێمی کوردستانە ئەوە تێچووی یەك قوتابی لە ساڵی 2007دا (800) هەزار دینارو لە ساڵی 2008دا ( 857) هەزار دینار بوو بۆ هەر هەموو قۆناغەکان ئەویش لەبەر دابەشنەکردنی بەشەکانی بودجە لە هەرێم لەسەر

1 ـ یاسای بودجەی حکوومەتی عیراق ساڵی 2008.

ئاستی قۆناغەكان. ئەمەیش هەمان تێچووی خوێندكار لە فێركردنی باڵادا دەگرێتەوە چونكە تیچووی خوێندكار لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێكی دیكە و لە زانكۆیەكەوە بۆ زانكۆیەكی دیكە جیاوازبوو ئەویش بە پێی ژمارەی خوێندكاران و جۆرو پێداویستییەكانی خوێندن. (خشتەی 4).

**خشتەی ( 4 ) تێكڕای تێچووی خوێندكار بە دۆلار لە زانكۆكانی عیراق**

| زانكۆ | 2004 | 2005 | 2006 | 2007 | 2008 |
|---|---|---|---|---|---|
| بەغدا | 635 | 974 | 596 | 1159 | 3818 |
| مووسڵ | 933 | 1265 | 1467 | 2170 | 4839 |
| بەسرە | 1304 | 1095 | 1627 | 1879 | 2362 |
| موستەنسریە | 443 | 564 | 781 | 918 | 2013 |
| تەكنەلۆژی | 714 | 979 | 1898 | 2193 | 5896 |
| كووفە | 906 | 889 | 965 | 1562 | 3017 |
| تكریت | 927 | 1134 | 1084 | 1550 | 5088 |
| قادسیە | 580 | 786 | 800 | 1312 | 2452 |
| ئەنبار | 712 | 872 | 721 | 1078 | 3867 |
| بابل | 687 | 956 | 908 | 1766 | 4470 |
| دیالە | 423 | 513 | 633 | 627 | 2917 |
| كەربەلا | 386 | 622 | 1175 | 792 | 2237 |
| زیقار | 201 | 812 | 889 | 1483 | 2983 |
| كەركووك | 320 | 410 | 766 | 1164 | 1928 |
| واست | 385 | 537 | 778 | 892 | 2557 |
| نەهرەین | 1921 | 2496 | 3126 | 4127 | 8055 |
| ئیسلامی | 518 | 714 | 1025 | 1550 | 3530 |
| موسەنا | - | - | - | 1019 | 5429 |
| دەستەی فێركردنی تەكنیكی | 693 | 938 | 691 | 1727 | 2900 |
| ئەنجوومەنی عیراقی بۆ پ.پزیشكی | 227 | 511 | 415 | 1315 | 1054 |
| سەلاحەدین ـ هەولێر | - | 3016 | 3761 | 2300 | 3227 |
| سلێمانی | - | 5129 | 9814 | 42925 | 6552 |
| دهۆك | - | 13085 | 3794 | 5157 | 9783 |
| كۆیە | - | 6154 | 7563 | 3009 | 3932 |
| هەولێری پزیشكی | - | - | 4874 | 4405 | 4989 |
| تەكنیكی ـ هەولێر | - | 4713 | 6400 | 6010 | 3355 |
| تەكنیكی ـ سلێمانی | - | 4234 | 10295 | 4105 | 4586 |

تێبینی : تێچووی هەر خوێندکارێك بەپێی ئەم هاوکێشەیە حسێب کراوە:
کۆی تەرخانکراوە داراییەکانی ساڵانەی زانکۆ/ ژمارەی خوێندکارانی ئەو ساڵە.

## توێژینەوەی زانستی:

توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی پەروەردە لاوازییەکی ئاشکرای پێوە دیارە، بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەك سەیری بابەتی توێژینەوەی زانستی دەکرێت گوایە لە چوارچێوەی پسپۆری و ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە بەدەرە، هەروەها بنکەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی گیرۆدەی ژمارەیەکی زۆر گیروگرفتی ڕێکخستنە کە ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانێت سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. چالاکییەکانی توێژینەوەی زانستی ڕووی ئەو دیوی چالاکییەکانی خوێندنی باڵا دەگەیەنێت و، زۆر جار پەرەسەندنی سیستمگەلی فێرکردنی باڵا لەچوارچێوەی ژمارەو جۆری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستییە تەواوکراوەکانەوە دەپێورێت و، دیارترین گیروگرفت کە دەزگە زانستییەکانمان بە دەستییەوە دەناڵێنن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە توێژینەوەی زانستی لە عیراق چوارچێوەی دەزگەیی نییە. چونکە دامەزراوەیەکی پسپۆر بە توێژینەوەی زانستی لە عیراق نییە ( وەك ئەزموونی ئەوسای ئەنجوومەنی توێژینەوەی زانستی لە عیراق)، جگە لە کەمیی بڕی پارەی تەرخان کراوو خەرج کراو بۆ توێژینەوەی زانستی لە بودجەی کارکردن و وەبەرهێنان کە بەشی ئەوە ناکات هەموو جۆرە چالاکییەکانی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێن، چونکە هێشتە تێکڕای گشتیی توێژینەوەی زانستی زۆر نزمەو ساڵانە بۆ هەر مامۆستایەکی زانکۆ لە یەك توێژینەوە تێناپەڕێت، جگە لەوەیش کە ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە جیهانییەکاندا لەلایەن توێژەرانی عیراقییەوە زۆر کەمە.

دەریشکەوتووە کە تاقیگەکان بۆ وانە گوتنەوە بەکاردێن پتر لەوەی بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکاربهێنرێن و، ڕەنج و کۆششی وانەبێژانیش پتر بۆ وانەبێژی سەرف دەکرێت پتر لەوەی بۆ توێژینەوەی زانستی سەرف بکرێت، هەروەها لاوازی و ناتواناییەکی ڕوون و ئاشکرا لە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی توێژینەوەی زانستی لە کەرەستەی خاوو سەرەتایی و ئامێرو کۆمپیوتەرو ئامێری تایبەتمەند بە تاقیگەو کەرەستە زانستییەکانی دیکەی تاقیگە بەدی دەکرێت، ئەمەیش بووەتە هۆی لاوازی بزووتنەوەی توێژینەوەی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی، شان بە شانی ئەوەیش ژمارەی وەرگیراوان لە خوێندنی باڵا کەمە بە بەراورد لەگەڵ توانای سەرپەرشتی کردن کە بە شێوەیەکی گشتی لە زانکۆکاندا هەیە. (شێوەی 9).

### شێوەی (9) تێکڕای سەرپەرشتی کردنی خوێندکارانی (دکتۆرا) لەلایەن وانەبێژانی لێهاتووەوە




سەرچاوە: وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ـ دەزگەی لێکۆڵینەوەو پلاندانان و بەدواداچوون ـ بەشی ئامار

ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان ئاماژە بەوە دەکەن تێکڕای هاوکۆفی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە بواری نازناوی زانستیدا لە زۆربەی زانکۆکاندا چ لە ناوەند یان لە هەرێم بە بەرژەوەندی نێرینە دەشکێتەوە، جگە لەوەی کە زۆرترین تێزو نامە لە بواری پسپۆرییە مرۆییەکاندا تەواوکراون و لێرەشدا هەر بەلای نێرینەدا دەشکێتەوە. (شێوەی 10)

### شێوەی (10) ژمارەی نامەو تێزەکان بە پێی پسپۆر.



# سێیەمین پار

## ئاراستەگەلی ستراتیژی

لە ئاکامی شیکردنەوەی ستراتیژیەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی عەرەب و پەرەئەستێنەکان، ئەوە وێنەیەك دارێژراوە هیوا دەخوازرێت رەوشی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە عیراق ساڵی 2020 بەو شێوەیە بێت. ئەوەیش لە (بۆچوون)یکدا دارێژراوە، پاشان دیاریکردنی پەیامی کەرتی پەروەردە فێرکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو بۆچوونە. لەبەر رۆشنایی شیکردنەوەی رەوشی پەروەردە فێرکردن لە دووەمین پاردا، ئەڵتەرناتیڤەکانی زاڵ بوون بەسەر ئەو هەرەشانەدا، کە دەرکەوتن، خرانە روو و تاوتوێ کران و ئەڵتەرناتیڤی واقیعیانە دەستنیشان کران:

| تەوەر | هەرەشەی بنەرەتی |
| --- | --- |
| چوارچێوەی دەزگەیی | کۆنبوونی سیستمگەلی یاسایی و کارگێری و دارایی و، لاوازی رەفتاری کارگێری. |
| ژێرخان | نەبوونی تەلاری فێرگەو زانکۆیی و، لاوازی گونجاوی رەوشی رێکخستن و ژینگەی خوێندن. |
| هەلی رەخساو | نزمی هەلی خوێندنی لێهاتووانە( چوونە بەر خوێندن ـ یەکسانی ـ لێهاتوویی) لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا. |
| کوالیتی | لاوازی جێبەجێکردنەکانی بەرێوەبردنی کوالیتی و نزمی ئاستەکەی. |
| پارە تەرخان کردن و خەرج کردن | نزمی بەهای تەرخانکراوەکان بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردن بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی سەرجەم تەرخانکراوەکانی بودجەی حکوومی و نزمی ئاستی لێهاتوویی بەرێوەبردنی. |
| توێژینەوەی زانستی | لاوازی تواناو چالاکی و بەرهەمەکانی توێژینەوەی زانستی. |

لەم پارەدا بایەخ بەو بۆچوونە ستراتیژییانە دراوە کە لەسەریان رێککەوتوون.

### 1 ـ بۆچوون و پەیام:

**بۆچوون**: رەخساندنی هەلی خوێندن بۆ هەمووان بە شێوەیەك بە دەنگی پێویستی و هیواو ئاواتەکانی هاووڵاتیانی عیراقەوە بچێت و، پێداویستییەکانی کۆمەڵی پێشکەوتوو دابین بکات و، گەشەسەندن لە چەمك و شێوازگەل و داهێنانی بیرکردنەوەی زانستیدا بەدی بهێنێت، هەروەها گەشەسەندن لە پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوونی دروست و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا بەدی بهێنێت.

**پەیام**: چاکسازی کردن لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو پەرەپێدانی بە هەموو ئاستەکانییەوە، لە مۆرکی کۆمەڵی مەدەنی، بە کۆمەڵی کوردستانییەوەو، لە پێویستی و پێداویستییەکانی پێشکەوتنییەوە هەڵقوڵابێت، تایبەتمەندی نەتەوەیی کەمینەکانی ڕەچاو کردبێت، بە شێوەیەك بیکاتە کیبەرکێکار لەگەڵ کۆمەڵی جیهانیدا کە لەسەر بنەمای ئابووری مەعریفە دامەزراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی باشتری داهاتی مرۆیی و سروشتی (مادی) و دارایی، بۆ دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی سەرتاسەری و خۆشگوزەرانی و، بەدیهێنانی هاوکووفی هەل و، بەدیهێنانی ئاشتی لە عیراق.

## 2 ـ هەنگاو هەڵهێنانە بنەڕەتییەکانی مەبەستە ستراتیژییەکان:

کۆمەڵێك هەنگاوهەڵهێنان دەستنیشان کران بۆ ئەوەی ببنە بناغەیەك بۆ داڕشتنی مەبەستە ستراتیژییەکانی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عیراق و ئەم هەنگاوهەڵهێنانانە لە ڕوانین و پەیامی سیستمی پەروەردەو فێرکردنەوە هەڵهێنجێنراون و بەم شێوەی خوارەوە:

### 2-1: فێرکردنێك هاوکۆفی هەلەکان یەکسان بکات:

ئەو فێرکردنەیە بۆ هەمووان دەستەبەر بێت بە هەموو ئاستەکانییەوە کە هەلی هاوکووف لە چوونە بەر خوێندن و مامەڵەو ڕەفتار (لەسەر ئاستی ڕەگەز، شارو لادێ، تایبەتمەندی نەتەوەیی، پێداویستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی هاووڵاتییان و ئاواتەکانیان) دابین بکات.

### 2-2: فێرکردنێکی کوالیتی بەرز:

ئەو فێرکردنەیە لە نەریتی کۆمەڵی عیراقەوە هەڵقوڵابێت و سوودی لە باشترین ڕەفتارگەلی جیهانیانەی پێشکەوتووانەی فێرکردنەوە وەرگرتبێت بە شێوەیەك پەرە بە چمکەکانی بیرکردنەوەی زانستی و داهێنان بدات و وا لە کۆمەڵی عیراق بکات بەشدارییەکی کاریگەرانە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مەعریفە بکات.

### 2-3 فێرکردنێك بەشداری لە پەرەپێدانی سەرتاسەریدا بکات:

ئەو فێرکردنەیە کە بەشداری لە بەدیهێنانی پەرەپێدانی سەرتاسەری و بەردەوامدا دەکات لە هەموو بوارە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا.

### 2-4 : فێرکردنێك پێداویستییەکانی کۆمەڵی شارستانی بەدی بهێنێت:

ئەو فێرکردنەیە کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی کۆمەڵی شارستانی و پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوونی چاکخوازو دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاشتی بەدی دەهێنێت ئەویش لە چوارچێوی بایەخدانی پتر بە پەروەردە مرۆڤ و پەروەردەکردنی نەوەی چاکخواز.

### 2-5: سیستمێکی فێرکاری کاراو دینامیکی:

چاك کردن و پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەو فێرکردن بەتایبەتی لە ڕووی ئەوەی پێوەندی بەبەکارهێنانی باشتری داهاتی مرۆیی و دارایی و مادییەوە هەیە.

## 3-1 ـ پێڕۆی دەزگەیی پەروەردەو فێرکردنی باڵا:

دەزگەكانی پەروەردەو فێركردن ڕووبە ڕووی هەڕەشەیەكی بنەڕەتی بوونەتەوە ئەویش خۆی لە كۆنبوونی پێكهاتەكانی سیستمگەلی كارگێڕی و یاسایی و دارایی و، لاوازی ڕەفتارو هەڵسوكەوتی كارگێڕیدا دەبینێتەوە، جا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە وەزارەتی پەروەردەو فێركردنی باڵا لە ناوەندو لە هەرێم مەبەستێكی بنەڕەتی و كۆمەڵێك ئامانجی لاوەكییان بە پێی ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو كردووە:

مەبەست: پەرەپێدانی سیستمگەلی كارگێڕی و یاسایی و دارایی و، بەرزكردنەوەی ڕەفتاری كارگێڕی

**ئامانجەكان:**

1ـ دەركردنی یاسایەكی نوێ بۆ وەزارەتی پەروەردە و، یاسایەكی نوێ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و، یاسایەك بۆ فێركردن لە زانكۆی ئەهلی. *

2 ـ جێبەجێكردنی پرەنسیپی ئازادییە ئەكادیمییەكان و پابەندبوونی تەواو بە ناوەڕۆكەكانییەوە.

3 ـ بلاوكردنەوەی ڕەفتاری ئاكاریانەو ئاكاری پیشە لای هەموو ئەوانەی لە كەرتی پەروەردەو فێركردن كاردەكەن.

4 ـ ڕاگرتنی كاركردن بە هەر دەرهاویشتەیەك لە یاساكان و پێشێلكردنی ڕێنماییەكان.

5 ـ پابەندبوونی دەزگە دەستوورییەكان بە پەرەپێدان و پشتیوانی لێ كردنی كەرتی پەروەردەو فێركردن.

6 ـ دەستبەركردنی سیستمێكی تەواو بۆ ڕاهێنان كە هەموو پسپۆرییە پیشەیی و تەكنیكییەكان لەخۆبگرێت.

7 ـ دامەزراندنی بنكەو پەیمانگەی نیشتمانی سەربەخۆی تایبەتمەند بە پەرەپێدانی دەزگەكانی فێركردن كە سەر بە وەزارەتی پەروەردەو فێركردنی باڵا نەبن.

8 ـ پێڕەوكردنی ڕەفتارو هەڵسوكەوتی سیستمی ئیلیكترۆنی لە هەموو دەزگەكانی پەروەردەو فێركردنی باڵادا.

9 ـ ئامادەكردنی پێناسەی كار(جۆب دیسكرپشن)ی تەواو لە هەردوو وەزارەت و پابەندبوونی تەواو بە جێبەجێكردنییەوە.

10 ـ هەردوو وەزارەت لە هەر دەستێوەردان لەكاروباریان دوور بخرێنەوەو وایان لێ بكرێت لەسەرووی ئارەزوو و بۆچوونی سیاسی و ڕەگەزی و ئایینییەوە بن و، ئەوەیش بە دەستوورو بە یاسا پشت ئەستوور بكرێت.

**بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیش پێویست دەكات ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەی خوارەوە لەبەر بگیرێن:**

1 ـ پێكهێنانی ئەنجوومەنێكی باڵای هاوبەش بۆ پەروەردەو فێركردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە عیراق ئەركی هەماهەنگی كردن لە نێوان هەردوو وەزارەت و وەزارەتە پێوەندیدارەكانی وەك پلاندانان و كارو كاروباری كۆمەلایەتی بێت.

* یاسای ژمارە (22)ی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی 2011دا دەرچوو.

2 ـ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سەبارەت بە پیرۆزیی دەزگەکانی فێرکردن کە بنکەی زانست و هزری دوور لە سیاسەتکردنن و گەرەنتی دەست وەرنەدانی لایەنی دەرەکی لە کاری هەردوو وەزارەت.

3 ـئامادەکردنی گەڵاڵەنامەی ڕەوشت و ئاکاری کارکردن و پابەندبوون بە جێبەجێکردنییەوە بە تەواوەتی.

4 ـ دانانی پێوەری گونجاو بۆ دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکانی زانکۆکان کە پشت بە شارەزایی و لێهاتوویی و دەستپاکی و پسپۆری و ئاستی بەرزی زانستی و پابەندبوونی تەواو بەو پێوەرانە ببەستێت، جگە لە دیاریکردنی ماوەی مانەوەی ئەو سەرکردایەتییانە لەو پۆستانەدا.

5 ـ پتەوترکردنی کولتووری ئینتماو شانازی کردن و چەسپاندنی ناسنامەی نیشتمانی و شانازی کردن بەو دەستکەوتانەی بەدی دێن و چاندنی نەریت و بەهای لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و میانڕەوی و ڕەتکردنەوەی توندڕۆیی و توندو تیژی و دەماگیری بە هەموو جۆرەکانییەوەو چەسپاندنی ئەو سیمبۆلانەی دەزگە زانستییەکان هەڵیاندەبژێرن کە دەلالەتیان لێ دەکەن.

6 ـ پەرەپێدانی پرکتیزەکردنەکانی کارگێڕی ئیلیکترۆنی لە هەموو بوارەکانی کارگێڕیدا.

7 ـ سوودوەرگرتن لە پرەکتیزەکانی (الحوکمە) و ڕەچاوکردنی شەفافییەت و دەسپاکی و لێپرسینەوە.

8 ـ پێڕەوکردنی (تەرشیقی وەزیفی) و سەرلەنوێ پێکهێنانەوە.

9 ـ پێکهێنانی تیمێکی پسپۆری کارکردن بۆ لێکۆڵینەوەی پێداویستییەکانی دارشتنی سیستمێکی ڕاهێنان.

## 2-3 ـ ژێرخان:

دیارترین هەڕەشە لە ژێرخانی پەروەردەو فێرکردنی باڵادا خۆی لە کەمیی ژمارەی تەلاری قوتابخانەو زانکۆو، لاوازی گونجاندنی کەژی ڕێکخستن و ژینگەی خوێندن لە دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردندا دەنوێنێت، جا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە ناوەندو لە هەرێم ئەم مەبەست و ئامانجانەیان ڕەچاو کردووە:

مەبەست: دەستەبەرکردنی تەلاری پێویست بۆ جێکردنەوەی ژمارەی لەبەرچاوگیراوی فێرخوازان و قوتابیان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەو کۆلێژەکان و باشترکردنی کەژی ڕێکخستن و ژینگەی ئارام و دروستی خوێندن لە هەموو دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردندا.

### ئامانجەکان تا ساڵی :2020

1 ـ دروستکردنی 14440 تەلاری نوێ بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی.

2 ـ دروستکردنی 4300 تەلاری نوێ بۆ قوتابخانە دواناوەندییەکان.

3 ـ دروستکردنی 207 تەلاری نوێ بۆ قوتابخانە پیشەییەکان.

4 ـ کردنەوەی 15 زانکۆی نوێ لە ناوەندو 6 زانکۆی نوێی حکوومی لە هەرێم تا ساڵی 2020و کردنەوەی کۆلێژو بەشی نوێی زانستی، جگە لە فرەوانکردنی توانای وەرگرتن لە کۆلێژو پەیمانگەکانی ئێستەو دووبارە ڕاهێنانەوەیان.(*)

5 ـ دەستەبەرکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکی پەروەردەیی و تەندروستی و وەرزشی و ژینگەیی و دەروونیی گونجاو لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەو کۆلێژەکاندا.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیش دەشێت ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە پێڕەو بکرێن:

1 ـ دەستەبەرکردنی بودجەی دارایی پێویست بۆ دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆو تەواوکردنی هەموو پێداویستییەکانیان.

2 ـ هەوڵدان بۆ بەشداری پێ کردنی کەرتی تایبەت لەگەڵ حکوومەتدا بۆ دەستەبەرکردنی پێویست بوون بە قوتابخانەو زانکۆی نوێ.

3 ـ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکترکردنی کەژی ڕێکخستن لە دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردندا لەلایەن دەستەڵاتە ناوچەییەکانەوە بە هاریکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵادا.

4 ـ بوار ڕەخساندن بۆ کردنەوەی زانکۆو کۆلێژی ئەهلی بەپێی مەرجگەلی یاسایی و زانستی و، ڕێ دان بە کردنەوەی لقی زانکۆ بیانییە بەناوبانگەکان لەناوخۆی عیراق.

## 3-3 ـ هەلی ڕەخساو:

ئەو هەڕەشە بنەڕەتییەی لێرەدا ڕوو بە ڕووی سیستمی پەروەردەیی و فێرکردنمان دەبێتەوە خۆی لە نزمبوونەوەی هەلی فێرکردنی لێهاتووانەیە (چوونەبەرخوێندن ـ یەکسانی ـ لێهاتوویی) لە هەموو ئاستە پەروەردەیی و فێرکردنەکاندا لەگەڵ چەند جیاوازییەکی سنووردار لە نێوان ئاستێك و ئاستێکی دیکەدا، جا لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیەدا ئەوە مەبەستێکی ستراتیژی بنەڕەتی ڕەچاو کراوە خۆی لە (دەستەبەرکردنی هەلی فێرکردنی لێهاتووانە بۆ هەمووان) دەبینێتەوە.

ئەو هەلانەی لە کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵادا ڕەخساون بە سێ تەوەری بنەڕەتی دەربڕاون، تێیاندا مەبەستی ستراتیژی بەسەر ئامانجی لاوەکی دیاریکراودا دابەش کراون بەم شێوەی خوارەوە:

---

(*) بەردی بناغەی شەش زانکۆ لە ناوەندو چوار زانکۆ لە هەرێم دانرا.

## * تەوەری چوونە بەر خوێندن:

### ئامانجەکان:

1 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە باخچەی ساوایان لە 7٪ەوە بۆ 30٪.

2 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا لە 91٪ەوە بۆ 99٪.

3 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی ناوندی (جگە هەرێم) لە 36٪ەوە بۆ 70٪.

4 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی لە هەرێم لە 93٪ەوە بۆ 99٪.

5 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە ئامادەییدا لە18٪ەوە بۆ 60٪.

6 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە فێرکردنی پیشەیی لە 2٪ەوە بۆ 10٪.

7 ـ زیادکردنی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پەروەردەی تایبەت دەیانگرێتەوە بۆ 7500 قوتابخانە.

8 ـ زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەی بەهرەداران بۆ 28 قوتابخانە.

9 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە فێرکردنی باڵا لە 14٪ەوە بۆ 20٪.

10 ـ بەرزکردنەوەی تێکڕای ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە خوێندنی باڵا لەناوەوەو دەرەوەی عێراق لە 5٪ەوە بۆ 10٪.

11 ـ زیادکردنی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە دەستەبەرکردنی هەلی فێرکردن بۆ فێرکردنی گشتی و باڵا بۆ ئەوەی بگاتە ڕادەیەك لە 20٪ کەمتر نەبێت. شێوەی (11) ئەم ئامانجانە ڕوون دەکاتەوە.

**شێوەی ( 11 ) ڕێژەی چوونە بەر خوێندنی ئێستاو ئەوەی ئاما نجە**




بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویست بە پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە دەکات:

1 ـ هەمووارکردنی دەستوور بەوەی خوێندنی تەوزیمی قۆناغی خوێندنی ناوەندی (بنەڕەتی)یش بگرێتەوە.

2 ـ کارکردنی جیدی بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

3 ـ پێشکەشکردنی پاداشتی مادی بە قوتابیان بەتایبەتی لە ناوچە لادێکان و بۆ خێزانە نەدارەکان.

4 ـ بەکارهێنانی پرۆگرامی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ لەمەڕ گرنگیی چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

5 ـ دەستەبەرکردنی ژینگەی گونجاوی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ ئەوەی قوتابیان ڕوو لە خوێندن بکەن.

6 ـ پشت بەستن بە بەرنامەیەکی تەواو نوێ بۆ دۆزینەوەی قوتابییە بەهرەدارەکان و هێنانیان بۆ قوتابخانەکانی بەهرەداران و بەدواداچوونیان لە ئاییندەدا.

7 ـ فرەوانکردنەوەی هەلی وەرگرتنی دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە فێرکردنی تەکنیکی.

8 ـ دەستەبەرکردنی هەلی کارکردن بۆ دەرچووانی فێرکردنی پیشەیی.

9 ـ دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی فێرکردنی باڵا.

10 ـ لە هەڵبژاردن و وەرگرتنی خوێندکارانی نوێ ڕۆڵێکی زۆرتر بە زانکۆکان ببەخشرێت.

11 ـ فرەوانکردنەوەی هەلی وەرگرتن لە بەرنامە جیاجیاکانی خوێندنی باڵادا.(*)

### * تەوەری یەکسانی:

ئامانج: بەرزکردنەوەی ڕێژەی مێینە لە فێرکردنی گشتی و باڵا بۆ 50٪ لە کۆی ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە چ لە لادێ چ لە شار.

دەشێت ئەم ئامانجە لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەدی بێت:

1. پێشکەشکردنی هاندەر بە مێینە بە گشتی و لەلادێ بە تایبەتی.

2. فراوانکردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە مێینە لە لادێ و قوتابخانەی کۆمەڵگەیی و یەك پۆلی.

3. پێڕەوکردنی پرۆگرامی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ (بە شێوەیەکی گشتی، بۆ مێینە بە تایبەتی) لەمەڕ گرنگیی چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

### * تەوەری لێهاتوویی:

ئامانج: نزمکردنەوەی ڕێژەی کەوتن و دزەکردن بۆ ئەو ئامانجەی خوازراوە کە خۆی لە (5٪ ـ 1٪) دەدات لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.(خشتەی 5).

---

(*) ئەوەبوو سەرۆکایەت ئەنجوومەنی وەزیران دەستپێچشخەری کرد کە ژمارەیەکی زۆری فێرخوازان بۆ خوێندن ڕەوانەی دەرەوە بکرێن بۆ ئەوە لە زانکۆ باشە بیانییەکاندا بخوێنن و پسپۆری زانستییانەی فێرکردن بۆ عیراق بگوێزنەوە.

### خشتەی ( 5 ) ڕێژەی کەوتن و دزەکردن کە خوازراوە بۆ هەموو قۆناغەکان

| نیشانە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | فێرکردنی باڵا | خوێندنی باڵا |
|---|---|---|---|---|---|
| کەوتن | 3٪ | 3٪ | 5٪ | 5٪ | 1٪ |
| دزەکردن | 1٪ | 3٪ | 3٪ | 1٪ | |

ناتوانین بەم ئاستە ئومێد بۆ خوازراوانەی لەمەڕ نزمکردنەوەی کەوتن و دزەکردن بگەین تەنیا لە چوارچێوەی ئەنجامدانی کۆمەڵێك پرۆسەی تەواوکارییەوە نەبێت کە خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

1 ـ پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆگرامەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و بەرەوپێشەوەچوون شان بە شانی کاروانی پێشکەوتنەکانی بواری زانستی و پەروەردەیی لە جیهاندا.

2ـ پەرەپێدانی سیستمی تاقیکردنەوە وەزارییەکانی خوێندن بۆ ئەوەی ئاستی زانستیی ڕاستەقینەی فێرخوازان و قوتابیان دەربخات، بە شێوەك لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن و تێستە جیهانیەکاندا بگونجێت.

3 ـ بنیاتنان و پەرەپێدانی توانای هەموو کارمەندان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، بە شێوەیەك شان بە شانی کاروانی ئەو پێشکەوتنەی لە جیهاندا ڕوو دەدات پێش بکەون.

4 ـ چاکترکردنی کەژی ڕێکخستن و ژینگەی خوێندن بۆ ئەوەی بکرێتە ژینگەیەك سەرنجی قوتابیان ڕابکێشێت.

5 ـ فراوانترکردنی کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچە لادێ و دوورەکاندا.

6 ـ پێڕەوکردنی پرۆگرامەکانی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ لەمەڕ گرنگیی چوونە بەرخوێندن لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندنداو واز نەهێنان لە خوێندن.

7 ـ فراوانترکردنەوەی پرۆگرامەکانی فێرکردنی گەورەکان و دەست پێکردنەوەی بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێنـدەواری لە عیراق.

8 ـ پێڕەوکردنی پێوەرە جیهانییەکان لە بواری ڕێژەی فێرخوازان و قوتابیان بۆ هەر مامۆستا یان وانەبێژێك.

## 3-4 کوالیتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا:

بەڕێوەبردنی کوالیتی فراونتر دەبێتەوەو چوارچێوەیەکی زۆر بەرین دەگرێتەوە کە دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردنی باڵا ئەنجامیان دەدەن، جا لەبەر گرنگیی کوالیتی و ئەو ڕۆڵـە گـەورەی لـە چـاکترکردنی ئاسـتی سیسـتمی پـەروەردە و فێرکردن و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاسـتی ئـەو خزمەتگوزارییانـەدا هەیـەتی کـە لـەو دوو کەرتـەدا پێشـکەش دەکرێن، بۆیە پاڕێکی فرەوانمان لە پارەکانی ستراتیژیەتی نیشتمانیدا بۆ تەرخان کـردووە، لەبـەر ئـەوەی دەزگـەکانی پەروەردە فێرکردن لـە عـیراق بـە دەسـتی لاوازیـی جێبـەجێکردنی پرەکتیزەکردنـەکانی بـەڕێوەبردنی کوالیتییـەوە دەناڵێنن، ئەمەیش لەم بوارەدا هەڕەشەیەکی بنەڕەتی پێکدەهێنێت.

لەپێناوی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڕەشە گەورەدا، ئەوەبوو مەبەستێکی سـەرەکی دەستنیشـان کـرا کـە خـۆی لـە بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتیی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردندا دەنوێنێت، بـە شـێوەیەك لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی کوالیتیدا بگونجێت.

لەبەر جیاوازی ئاشکرا لە بواری کوالیتی و پرەکتیزە کردنـەکانی لـە پـەروەردەو فێرکردنـدا، ئـەوە ئـەم بابەتـە بـە شێوەیەکی جیا بەڵام بە پوختەیی لە هەردوو وەزارت بەم شێوەی خوارەوە تاوتوێ و باس کرا:

### * بەڕێوەبردنی کوالیتی لە پەروەردە:

بابەتی کوالیتی لە چوارچێوەی پێنج تەوەری سەرەکیدا باس کراو ئەو تیمانەی کاریان لە ستراتیژییەکەدا دەکرد چەند ئامانجێکی لاوەکییان لەهەر تەوەرێك بەم شێوەیەی خوارەوە پەرە پێدا:

**یەکەمین تەوەر: چوارچێوەی دەزگەیی کوالیتی**

ئامانج: بۆ ئەوەی پرەکتیزەکردنەکانی کوالیتی لەچوارچێوەی دەزگەیی کاراوە ئەنجام بدرێن.

لە پێناوی بەدیهێنانی ئەوەیشدا پێویستە ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە پێڕەوبکرێن:

1. دامەزراندنی یەکەی ڕێکخستنی پسپۆر لە بواری کوالیتی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکانی پەروەردە لە سەرانسەری هەموو عیراق.
2. بڵاوکردنەوەی کولتووری کوالیتی لە هەموو دەزگەکانی وەزارەتدا.
3. بەشداری پێ کردنی کارمەندان لە خولی پەروەردەیی پسپۆر.

4.ئامادەکردنی خەسڵەتگەلی کوالیتی لەبواری پەروەردەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە ڕووی هەرێمی و جیهانییەوە پێڕەو دەکرێت، هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.

5. ئەنجامدانی کێبەرکێی ساڵانە لە نێوان ئەو قوتابخانانەی پێوەرەکانی کوالیتی پێڕەو دەکەن و، خەڵاتکردنی ئەو قوتابخانانەی بەرزترین هەڵسەنگاندن بەدەست دەهێنن.

## دووەمین تەوەر: تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن:

ئامانج: کارێکی وا بکرێت کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە ئەوپەڕی سوود لە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن وەربگرن.

ئەویش لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانەوە:

1. فرەوانکردنەوەی دەستەڵاتی ئەو کارگێڕییانەی لە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەرپرسن.

2. زیادکردنی پارەی تەرخان کراو بۆ دروستکردنی سیستمگەلی گەیاندن و زانیاری تەواوکراو لە وەزارەت و پەرەپێدانیان.

3. بەشداری پێ کردنی کارمەندان لە خولی پەرەپێدانی بەردەوام.

## سێیەمین پاڕ: داهاتی مەعریفی

ئامانج: بەرەوپێشەوەچوونی پرۆگرامەکان شان بە شانی کاروانی ئەو پەرەسەندنانەی لە جیهاندا لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانستەکاندا بەدی دێن، بەو شێوەیەی لەگەڵ پێداویستییەکانی پەرەپێدانی بەردەوامدا لە عیراق بگونجێن.

**ئەوەیش پێویست بە پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە دەکات:**

1. چاوپێداخشاندنەوەی ناوە ناوەو بە شێوەیەکی بەردەوامی ئامانجە پەروەردەییەکان لە پێناوی ئەوەی لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەدا بەرەو پێشەوە بچن کە لە بواری زانست و مەعریفەدا بەدی هاتوون.

2. جێبەجێکردنی پێڕەوێکی زانستییانە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە شێوەیەك نەرم و نیان و شیاوی هەمواركردن و پەرەپێدانی بەردەوام بن بۆ ئەوی شان بە شانی کاروانی ئەو پەرەسەندنانە بەرەو پێشەوە بچن کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن.

3. پرۆگرامەکان بەپێی فەلسەفەی دەوڵەت و ئامانج و پێویستییەکانی کۆمەڵ دارێژرابن، لەگەڵ بایەخدانێکی زۆر بە بەهاو ئاکارو لایەنەکانی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتارو داهێنان.

4. پتەوترکردنی ناوەڕۆکەکانی هاووڵاتی بوون و خۆشویستنی نیشتمان و ناسنامەی نیشتمانی و مافی مرۆڤ و منداڵ و ئافرەت لە بواری لێبوردەیی و دیالۆگ و ئاشتی و ڕێزگرتنی ڕاو ڕای بەرانبەرو ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و، چەسپاندنی شەفافیەت و دیموکراسی لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا.

5. بەرزکردنەوەی ئاستی کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی بەباشترین شێوە ئەنجام بدات.
6. پتەوترکردنی تێکەڵاوکردنی لایەنە تیوری و پرەکتیکییەکان و دەستەبەرکردنی تاقیگەو هۆکارە نوێیەکانی فێرکمردن.
7. پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی پسپۆرایەتی فێرکاری و وانەبێژی.
8. پەرەپێدانی شێوازەکانی وانەگوتنەوە و خۆدوورخستنەوە لە شێوازی تەلقینکاری و ئەزبەرکردن و بەکارهێنانی شێوازگەلی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی ڕەخنەگرانە.
9. دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی کە لەبەر ڕۆشناییاندا کەسانێك ڕادەسپێررێن پرۆگرامەکان ئامادە بکەن و کتێبەکان دابنێن.
10. دامەزراندنی بنکەیەکی نیشتمانی بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.
11. پتەوترکردنی کتێبخانەکانی قوتابخانەکان لە ڕووی پۆشتەکردنەوەو دەستەبەرکردنی هەموو جۆرە سەرچاوەو ژێدەری جۆراوجۆرەوە.

## چوارەمین پاڕ: ئامادەکردنی ئەندامانی دەستەی فێرکاری و ڕاهێنانیان

ئامانج: کارێکی وا بکرێت دەستەکانی فێرکاری کارامەیی و توانای ئەوتۆ دەستەبەر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.
لەپێناوی بەدی هێنانی ئەوەیشدا پێویستە ئەم ڕێگەچارانە پێڕەو بکرێن:
1.مەشق پێکردنی فەرمانبەران و پەرەپێدانیان بە هەموو جۆرە ناوونیشانەکانیانەوە.
2.خولی مەشق کردن و ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان و وانەبێژان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارگێڕییەکانی قوتابخانەکانیش بگرێتەوە.
3.دەستبەرکردنی پارەی تەرخانکراوی پێویست بۆ خول و چالاکییە پەروەردەییەکان.
4.بەدیهێنانی هاریکاری زۆتر لە بواری مەشق و ڕاهێنان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و یۆنسکۆو یوونیسێف و ڕێکخراوەکانی پەروەردەیی عەرەبی و هەرێمایەتی و جیهانی.
5.پێشکەشکردنی هاندەر بە مەشق پێکراوان بۆ ئەوەی بچنە خولەکانی مەشق کردنەوە.
6. دابینکردنی تەلاری تایبەت بۆ بەشەکانی مەشق و ئامادەکردن لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە بەغداو هەموو پارێزگەکان و پێداویستییە نوێیەکانی مەشق کردنیان تێدا بێت.

## پێنجەمین تەوەر: میکانیزمی ڕێکخستنی کوالیتی

**ئامانج: بەرزكردنەوەی ئاستی شێوازەكانی ئەزموون و ڕاستكردنەوەو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ ئاستەكانی جیهانی.**

دەشێت ئەم ئامانجەیش بە پێڕەوكردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانە بەدی بێت:

1. پەرەپێدانی شێوازەكانی ئەزموون و ڕاست كردنەوە بۆ ئەوەی بایەخی زۆرتر بە هەردوو لایەنی پیشەكاری و ویژدانی بدات، سەرەڕای لایەنی مەعریفی.

2. پتەوكردنی پەیوەستیی نێوان سیستمگەلی فێركاری لە ئامانجەكانی پرۆگرامەكان و شێوازەكانی وانەبێژی و وانەگوتنەوەو ستراتیژییەتەكانی فێركردن و چالاكییەكانی كارگێڕی قوتابخانەو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

3 . بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابیان بۆ بەدیهێنانی ئاستگەلێكی بەرزی سەركەوتن لە تاقیكردنەوە گشتییەكاندا.

4 . دەستنیشانكردنی وردی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەكانی سەرپەرشتیاری پسپۆریی پەروەردەیی .

5 . ڕاستكردنەوەی ناهاوكۆفیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە فەرمانگەی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی كە بەشێوەیەكی ئاشكرا بەلای نێرینەدا دەشكێتەوە.

6 . پێشكەشكردنی هاندەری مادی و مەعنەوی كە هانی دەستەكانی فێركاری دەدات لەوانەی توانای زانستی و پەروەردەییان هەیە كە لە بواری سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی و پسپۆریدا كاربكەن.

7 . كردنەوەی بنكەیەكی نیشتمانی بۆ ڕاستكردنەوەو پەرپێدانی پەروەردەیی.

## • بەڕێوەبردنی كوالیتی لە فێركردنی باڵادا:

بابەتی كوالیتی لە فێركردنی باڵادا لەچوارچێوەی نۆ تەوەری سەرەكییەوە تاوتوێ كرا بەم شێوەی خوارەوە:

**یەكەمین تەوەر: چوارچێوەی دەزگەیی سیستمی بەڕێوەبردنی كوالیتی لە فێركردنی باڵادا**

**ئامانج: كوالیتی لە چوارچێوەی دەزگەیی كاریگەرەوە پرەكتیزە بكرێت.**

ئەوەیش پێویست بە پێڕەوكردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە دەكات:

1. دامەزراندنی دەستەیەكی تایبەت بە كوالیتی.

2. بڵاوكردنەوەی كولتووری كوالیتی.

3. پابەندكردنی هەموو دەزگە فێركارییەكان بۆ ئەوەی پێوەرەكانی كوالیتی جێبەجێ بكەن و، ئەو پرۆسەیەیش چاودێری بكرێت.

4. بەستنەوەی ڕاستكردنەوەی ئەداو تەمویل بە ئاستی پرەكتیزەكردنی پێوەرەكانی كوالیتییەوە.

5. كردنەوەی خوێندنی باڵا لەبواری بەڕێوەبردنی كوالیتی و ناردنی خوێندكاران بۆ دەرەوە لەم پسپۆرییەتەدا.

6. تەرخانكردنی خەڵاتگەلی نیشتمانی بۆ كوالیتی، جگە لە بەشداریكردن لە خەڵاتە نێودەوڵەتییەكاندا.

7. هەوڵدانی دەستەبەركردنی پاڵپشتی ئەكادیمی لە لایەنە جیهانییەكانەوە.

**دووەمین تەوەر: ژینگەی فێركردن:**

## ئامانجەكان:

ژمارەیەك ئامانجگەلی پێوەندیدار بە چاكتركردنی ژینگەی زانكۆیی و دابینكردنی پێداویستی پێویست دەستنیشان كران بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ژووری وانەبێژەكان و ڕووپێوی تەرخانكراو بۆ كتێب خوێندنەوە لە كتێبخانەكان و، كورسیی خوێندن و ، ژمارەی ئەو كۆمپیووتەرانەی بۆ وانەبێژان و خوێندكاران تەرخان كراون، جگە لە دابینكردنی هۆڵی گونجاوی وانەگوتنەوەو دابینردنی پێویستییەكانیان بە پێی شێوازی نوێی فێركردن. (خشتەی 6).

### خشتەی ( 6 ) هەندێك موئەشیری كوالیتی ئێستەو هیوا بۆ خوازراوی ژینگەی زانكۆیی

| نیشانه | وانەبێژ ماموستا/ ژوور | وانەبێژ (دیكە)/ ژوور | خوێندكار/ م2 خوێندنەوە | خوێندكار/ كورسی حوێندنەوە | وانەبێژ/ كۆمپیووتەر | خوێندكار/ كۆمپیووتەر | خوێندكاری باڵا/ كۆمپیووتەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەوشی ئێستە | 4 | 4 | 12 | 19 | 7 | 24 | 21 |
| ڕەوشی ئامانج بۆ خوازراو | 1 | 2 | 4 | 6 | 1 | 6 | 4 |

### شێوەی ( 10 ) هەندێك نیشانەی كوالیتی ئێستەو هیوابۆخوازراوی ژینگەی زانكۆیی



بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستە ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەی خوارەوە ئەنجام بدرێن:
تەرخانکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ ئەمانەی خوارەوە:

- دابینکردنی ژووری سەربەخۆ بۆ وانبێژان.
- پارەخەرجکردن لەسەر تەلارو خانووبەرەی زانکۆکان.
- دەستەبەرکردنی ڕووپێوی گزنجاو بۆ هۆڵی کتێب خوێندنەوە لە کتێبخانەکانی زانکۆکاندا.
- دروستکردنی شوێنی تایبەت بە وانەبێژان بە مەبەستی کتێب خوێندنەوەو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی تاقیگەکان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانیان.
- دروستکردنی ژمارەیەکی زۆرتری کتێبخانەی ئیلیکترۆنی.
- دابینکردنی کۆمپیوتەر بۆ وانەبێژان بە شێوەیەك هەر وانەبێژێك کۆمپێووتەرێکی هەبێت لە باشترین جۆر.
- دابینکردنی کۆمپیووتەری زۆرتر بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا.
- دابینکردنی کۆمپووتەری زۆرتر بۆ خوێندکاران.
- دابینکردنی ژمارەیەکی زۆرتری هێڵی ئینتەرنێت.
- دابینکردنی ژێرخان بۆ بەستنەوەو گرێدانی زانکۆکان بە هێڵی ئینتەرنێت لە مایکرۆییڤ و پێداویستییەکانی دیکەی گەیاندن.

**سێیەمین تەوەر: داهاتی مەعریفی:**

ئامانج: پەرەپێدانی داهاتی مەعریفی بە بەردەوامی بۆ بەدیهێنانی ئاستی زانستیی زۆر باشی خوێندکاران بەوەی کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی هەردوو پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.
ئەویش لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەوە:

1. بنیاتنانی پرۆگرامەکان بەپێی فەلسەفەی دەوڵەت و ئامانج پێویستییەکانی کۆمەڵ لەگەڵ بایەخدانی پتر بە نەریت و بەهاو ئاکارو لایەنە مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتارییەکان و لایەنی داهێنان.
2. ئەو بابەتانە بخرێنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە کە پەرە بە کەسایەتی خوێندکار دەدەن.
3. پرۆسەی ئامادەکردن و پسپۆریی دەرچووان بە پەرەسەندنی پێویستی کۆمەڵ و بازاڕی کارو پێداویستییەکانی پەرەپێدانی مەعریفی پرەکتیکییەوە گرێ بدرێت.
4. پەرەپێدانی ئەو میکانیزمەی لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکاندا پێڕەو دەکرێت بەسوودوەرگرتن لەو میکانیزمانەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و زانکۆ ڕەسەنەکاندا پێڕەو دەکرێن.
5. سەرلەنوێ لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی پرۆگرامەکان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بەو شێوەیەی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئابووریی مەعریفیدا بگونجێت.

6. زیادکردنی داهاتی دارایی ترخانکراو بۆ دانان و وەرگێڕان کە خزمەت بە هەر یەك لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەکەن.
7. نۆژەنکردنەوەی فەرهەنگ و سەرچاوەو بلاوکراوەگەلی وەرزی ئەوانەی لە کتێبخانەکانی زانکۆکاندا هەن و پەرەپێدانیان بە شێوەیەك لەگەڵ کاروانی ئەو پێشڤەچوون و پەرەسەندنەدا بەرەو پێشەوە بچن کە لە زانکۆکانی جیهاندا ڕوودەدەن.
8. نۆژەنکردنەوەی پرۆگرامەکان لە دەزگە فێرکارییەکاندا بە شێوەیەك شان بە شانی پەرەسەندنەکان لە جیهاندا بڕۆن و بە دەنگی پێویستییەکانی کۆمەڵ و بازاڕی کارەوە بچن.
9. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە بواری پرۆگرامەکاندا.

## چوارەمین تەوەر: ئەندامانی دەستەی وانەبێژی

### ئامانجەکان:

1. پاڵپشتی کردن لە زانکۆکانی عیراق بە شارەزایانی زانستی و پشت بەستن بەو شارەزا عیراقییانەی بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە وەك بناغیەك بۆ ئەوە.
2. ڕاستکردنەوەی ڕێژەی وانەبێژەکان بەپێی نازناوی زانستی (وانەبێژی یاریدەدەر ـ وانەبێژ ـ ئوستادی یاریدەدەر ـ ئوستاد) بەرەو زیادکردنی ژمارەی ئەوانەی نازناوی زانستی بەرزیان هەیە لەگەڵ زیادکردنی ڕێژەیان، بەپێی بڕوانامە (ماجستێر ـ دکتۆرا) بەرەو ئەوانەی لەهەموو زانکۆو کۆلێژو پەیمانگەکاندا بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە) (خشتەی 7).

**خشتەی ( 7 ) وانەبێژان لە دەزگەکانی فێرکردنی بالادا لەگەڵ بڕوانامەکانیاندا ( باری ئێستەو هیوا بۆ خوازراو )**

| نیشانە | ڕێژەی مامۆستای یاریدەدەر | ڕێژەی ئوستاد | ڕێژەی بڕوانامەی دکتۆرا | ڕێژەی بڕوانامەی ماجستێر |
|---|---|---|---|---|
| باری ئێستە | ٪60 | ٪5 | ٪40 | ٪60 |
| باری هیوا بۆ خوازراو | ٪20 | ٪20 | ٪75 | ٪25 |

3. زیادکردنی هەل لەبەردەم مێینەدا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك زانکۆو دەستەو یاریدەدەرەکانیان و ڕاگرانی کۆلێژو پەیمانگەو سەرۆکی بەشە زانستییەکان بەپێی تواناو لێهاتوویی زانستی و فەرماندەیی کردنیان.

4. پشت بەستن بە توانای زانستی و پەروەردەیی لە پێدانی وەزیفەی فەرماندایەتی کردنی بـالاّ لـە زانکـۆو کۆلێـژو پەیمانگەکاندا.

5. پشت بەستن بە پێوەری زانستی لە هەڵبژاردنی دەستەی وانەبێژی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لـە کۆلێـژە ئەهلییەکان و کەمکردنەوەی کەلێنی ئاشکرا لە نێوانیان و لە نێوان زانکۆ حکومییەکاندا.

6. کەمکردنەوەی پشت بەستنی لەڕادەبەدەر بە وانەبێژان لە کۆلێژە ئەهلییەکان و بە تایبەتی هەندێك زانکۆی نوێ.

7. زیادکردنی هەلی پەرەپێدانی توانای سەرکردایەتی کردن بۆ ئەندامانی دەستەی وانەبێـژی و سـەرکردایەتییەکانی دیکەی فێرکردنی بالاّ.

**بەدی هێنانی ئەم ئامانجانە پێویست بە پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە دەکات:**

1.بە  پشت بەستن بە بەرنامەیەکی نیشتمانی بتوانرێت ئەو شارەزا عیراقییانەی لە دەرەوەن بهێنرێنەوە.

2. کەمکردنەوەی دامەزراندنی ئەوانەی بڕانامەی ماجستێریان هەیە وەك ئەندام لە دەستەی وانەبێژی و، پابەندبوون بەوەی لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008 لەو بارەوە ئاماژەی پیَ کراوە.

3. هاندانی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی کە توێژینەوە بکەن و بـڵاوی بکەنـەوەو، پاشـان بـۆ بەرزکردنـەوەی پلـەی زانستی پێشکەشی بکەن.

4. پێداچوونەوەی بەردەوامی ڕێنماییـەکانی بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتی (لەگـەڵ پاراسـتنی ڕەسـەنایەتیی ئـەو بەرزکردنەوەیەدا) بۆ ئەوەی پاڵپشت و ئاسان بێت.

5. هاندانی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی (لەوانەی بڕوانامەی ماجستێریان هەیە) تـا بڕوانامـەی دکتـۆرا بەدەسـت بهێنن.

6. هەل ڕەخساندن بۆ مێینە بۆ ئەوەی پلەو پایەی بەرز لە زانکۆ وەربگرن.

7 . جێبەجێکردنی پێـوەری زانسـتی و پیشـەیی سـەبارەت بـە دەستنیشـانکردنی ئەنـدامانی دەسـتەی وانبێـژی و وانەبێژانی دەرەکی لە زانکۆو کۆلێژە ئەهلییەکان.

8. بە تەنگەوەبوونی جێبەجێکردنی پێوەرگەلی بابەتیانە لە دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکانی زانکۆدا، دوور لە فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەستنیشان کردنیان لە سەرر بنەمای تایەفەگـەری و پشـك پشـکایەتی سیاسـی و دەستێوەردانی حزبایەتی.

## پێنجەمین تەوەر: پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوون

### ئامانجەکان:

1. هەنگاوهاویشتنی تەواوەتی لە پرۆسەی فێرکردنەوەوە بۆ پرۆسەی فێربوون  کە پشت بە بەشداریکردنی تـەواوەتی خوێندکاران دەبەستێت لە ڕووی  ئامادەکردنی کەرەسـتەی خوێنـدن و پێشکەشـکردنی ئـەو کەرەسـتانە بـە سـوود وەرگرتن لە شێوازە نوێیەکانی فێربوون لە جیهاندا.

2. گۆڕینی فێرکردن بەرەو فێرکردنی ئیلیکترۆنی بە شێوەیەك هەر کۆلێژو بەشێك ماڵپەڕی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەبێت، پرۆگرام و وانەبێژییەکان و کاتەکان و شتەکانی دیکەی فێرکردنیان تێدا بلاو بکرێتەوە.

3. زیادکردنی بەشداری وانەبێژان لە خولی مەشق کردن لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق.

4. بەهێزکردنی ( خۆشەویست کردن ـ تعشیق) لە نێوان سیستمگەلی فێرکردنی بالا لەگەڵ دەزگەکانی دیکەی دەوڵەت و کەرتی تایبەت سەبارەت ئەوەی پێوەندی بە ئەرکی ڕاوێژکارییەوە هەیە.

5. بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی ڕاهێنانیان.

6. زیادکردنی ژمارەی بنکە زانستییەکانی فێرکردنی بەردەوام لە زانکۆو دەستەکانی فێرکردنی تەکنیکی.

7. بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی زمانی بیانی لەلایەن خوێندکارانەوە.

8. زیادکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە بەڕێوەبردنی کتێبخانەکانی زانکۆدا.

9. دەستەبەرکردن و دابینکردنی هۆکاری نوێی فێرکردن لە وانەبێژی و هاندانی وانەبێژان بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن.

10. زیادکردنی بەشداربووان لە کتێبخانەی گریمانەییدا.

11. زیادکردنی خولی ڕاهێنان لە بواری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا.

12. زیادکردنی ژمارەو دابینکردنی ژێرخانی پێویست بۆ سیستمگەل و سیستمەکانی ئینتەرنێت.

**لە پێناوی بەدی هێنانی ئەم ئامانجانەدا دەشێت ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە پێڕەو بکرێن:**

1. بەستنەوەی زانکۆو کۆلێژەکان بە سیستمی ئینتەرنێت و دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرکردنی ئیلیکترۆنی.

2. دەستەبەرکردنی هەلی مەشق کردن لەسەر شێوازە نوێیەکانی فێرکردن و فێربوون لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق.

3. ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی زانکۆ لە پێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵدا.

4. بایەخدان بە گوتنەوەی هەندێك لە بابەتەکانی پسپۆریەتی بە زمانی ئینگلیزی.

5. پەرەپێدانی کتێبخانەکانی زانکۆکان وەك هاوشێوەی زانکۆ جیهانییەکان.

6. پشتیوانی کردنی سایتی (الانعکاسی) (چەند نموونەیەك لە پرۆژەکانی خوێندکاران و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی تێدا بێت).

7 . پاڵپشتی کردن لە پرۆژی فێرکردنی ئیلیکترۆنی (ئیبن سینا) (ئەو وانەبێژییانەی لە ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرێنەوە).

8. پتەوترکردنی سەرچاوە ئیلیکترۆنییەکان و کتێبخانەی گریمانەیی.

## شەشەمین تەوەر: میکانیزمی ڕێکخستنی کوالیتی :

ئامانجەکان:

1. پەرەپێدانی شێوازی ئەزموونەکان و پێڕەوکردنی هەنگاوی بابەتیانە لە پرۆسەی ڕاستکردنەوەدا.

2. پێڕەوکردنی تێست و تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە هەموو پسپۆرایەتییەکاندا.

3. پێڕەوکردنی شێوازی زانستییانەی سوودبەخش بۆ پەرەپێدانی سەرپەرشتیاری و پشکنین.

4. زیادکردنی ژمارەی پسپۆڕان لە بواری کوالیتی تاقیکردنەوەکان و شێوازەکانی ڕاستکردنەوەدا.

**ئەوەیش پێویست بە پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە دەکات:**

1. پێڕەوکردنی شێوازەکانی ڕاستکردنەوەو تاقیکردنەوەکانی خوێندکاران لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالیتیدا کە لە باشترین زانکۆکانی جیهاندا پێڕەو دەکرێن.

2. بەهێزکردنی ڕێڕەوو میکانیزمی سەرپەرشتیاری و پشکنین لە فێرکردنی بالآدا.

3. دوورکەوتنەوە لەو بڕیارانەی ناوە ناوە وەزارەت(بەهۆی فشاری جۆراوجۆرەوە) دەریان دەکات بە تایبەتی پتر لە جارێك دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەکان و گەڕانەوەی ئەو خوێندکارانەی تۆمارەکانیان ڕاگیراوە.

4. پتەوترکردنی لایەنگیری لە سیستمگەل و سیستم و چەسپاندنی بەها جەوهەرییەکانی وەك دەستپاکی و شەفافیەت و دادپەروەری و یەکسانی و هەست بە بەرپرسیاری و گیانی دەستپێشخەری کردن .....تاد.

## حەوتەمین تەوەر: بزاوتن بەرەو جیهانییەت

**ئامانج:** بۆ ئەوەی زانکۆکان بگەنە ئاستی زانکۆ ڕەسەنە جیهانییەکان و پلەی پێشکەوتوو بەدەست بهێنن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستە ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانە پێڕەو بکرێن:

1. پێڕەوکردنی کولتووری هەنگاوهاویشتن بەرەو جیهانییەت و، پەرەپێدانی هیواو ئاوات بۆ بەدیهێنانی پلەی جیهانیانەی پێشکەوتوو.

2. زیادکردنی ژمارەی خوێندکارانی بیانی ئەوانەی لە عیراق دەخوێنن.

3.زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی دەستی وانەبێژی بیانی لە زانکۆکانی عیراق.

4. بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە زانستییە هاوبەشەکان لە نێوان زانکۆکانی عیراق و زانکۆ جیهانییەکاندا.

5. بەستنی هاوبەشیەتی لەگەڵ زانکۆ جیهانیەکاندا، لەچوارچێوەی ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش و سازدانی کۆنگرەی جیهانیانەی هاوبەش و بلاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە جیهانییە بەناوبانگەکاندا.

6. بەشداریکردن لە پێشبڕکێ جیهانییەکانداو بەتەنگەوەبوونی بەدەستهێنانی پلەی پێشکەوتوو لەو پێشبڕکێیانەدا.

7. دەستەبەرکردنی پاڵپشتی بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی فرەوانکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکان و بەشداری کردن لە پێشبڕکێکاندا.

## هەشتەمین تەوەر: ڕاستکردنەوەی ئەدا بە ئاراستەی چاکترکردنی بەردەوام

مانج: چاکترکردنی ئەدای گشتیی دەزگەکان بەئاراستەی بەدیهێنانی چاکترکردنی بەردەوام.

ئەویش لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانەی خوارەوە:

1.دامەزراندنی دەزگەی نیشتمانیی سەربەخۆ بۆ ڕاستکردنەوەی تاکە کەسان و دەزگە فێرکارییەکان.

2. بەستنەوەی بەرزکردنەوە زانستییەکان و بەرزکردنەوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە ئەنجامی ڕاستکردنەوەوە.
3. چاوخشاندنەوە بە میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندنی ئەدا کە ئێستە بەکاردێن.
4. بەستنەوەی تەمویلکردنی دەزگە فێرکارییەکان بە ئاکامی ڕاستکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەداوە.

**نۆیەمین تەوەر: لێهاتوویی و توانای دەرەکی**

**ئامانجەکان:**

1.بەدیهێنانی گونجاندنی نێوان سیاسەتی وەرگرتنی ناوەندی و پێداویستییەکانی بازاڕی کار.
2. وەرگرتن لە کۆلێژو پەیمانگەکان بکرێتە مافێك مەرجی بۆ دابنرێت و لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێت.
3. بەدیهێنانی هاریکاری نێوان هەردوو سیستمگەلی پەروەردەو فێرکردنی باڵا.
4. وا لە فێرکردن بکرێت ئاراستەی کەرتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان بکرێت و پێوەیان پەیوەست بێت.
5. سەرپەرشتی و پشتگیریکردنی پرۆژە بچووك و مامناوەندییەکان لەلایەن دەزگە پسپۆرییەکانی فێرکردنەوە.
6. کەمکردنەوەی وەرگرتن لە بەشی وێژەیی بەرێژەی لە (25%)ی ئەو خوێندکارانە پتر نەبێت چوونەتە بەر خوێندنی دواناوەندی بۆ ئەوەی لە وەرگرتنیان لە هەردوو خوێندنی زانکۆیی سەرەتایی و باڵادا ڕەنگ بداتەوە.
7. پێڕەوکردنی فێربوون بە درێژایی تەمەن، بۆ دەستەبەرکردنی فێرکردن بۆ هەر کەسێك بیەوێت و لە چ کاتێکدا بیەوێت و لە چ شوێنێك بیەوێت و ئەو شێوازەی بیەوێت.
8. کردنەوەی زانکۆو کۆلێژی نوێ کە ئەو پسپۆرایەتییانە لەخۆ بگرن بازاڕی کار پێویستی پێیانە.
9. دۆزینەوەی میکانیزمی هەماهەنگی لەنێوان وەزارتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانەوە هەیە.
10. ڕوونکردنەوەی ڕێڕەوی وەزیفی پیشەیی و وەزیفیی خوێندکاران لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا.
11. پتەوترکردنی پێوەندییەکانی هاوبەشیەتی لەگەڵ کۆمەڵدا.

**دەشێت ئەم ئامانجانە لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەوە بەدی بهێنرێن:**

1.ئامادەکردنی سیاسەتی وەرگرتن لەبەر ڕۆشنایی ڕووپێوەکانی پێویست بوون بە هێزی کارگەرو داواکاری زۆرتری فێرکردنی باڵا.
2. پێڕەوکردنی شێوازگەلی نوێ لە وەرگرتنی خوێندکاران لە فێرکردنی باڵاو خۆنەبەستنەوە بە نمرەی خوێندکارەوە وەك تەنیا پێوەرێك بۆ وەرگرتن.
3. تەواوکاری هەردوو سیستمگەلی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە هەنگاوەکانی وەرگرتندا.
4. بایەخدان بە هەردوو سیستمگەلی پرەکتیکی لە خوێندنی خوێندکاردا.
5. پێکهێنانی هاوبەشیی بەهێز لە نێوان زانکۆو کۆمپانیاکاندا.

6. کردنەوەی بنکەو تاقیگە لە زانکۆدا بۆ مەشق پێ کردنی خوێندکاران (بۆ نموونە لەچوارچێوەی دامەزراندنی باخچەی زانستەکان) کە لە زانکۆن، جگە لە مەشق پێ کردنیان لە کۆمپانیاکان.

7. دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی بازاڕی کار (نیشتمانی و جیهانی) لە دواڕۆژو ئاییندەدا بە شێوەیەکی ورد.

8. بەستنەوەی کردنەوەی پسپۆریەتی لە دەزگەکانی فێرکردندا بە پێویستی بازاڕی کارەوە (نیشتمانی و نێودەوڵەتی).

9. پێداچوونەوەی وەرزیانەی پسپۆرایەتییە زانستییەکان لە دەزگەکانی فێرکردندا بە شێوەیەك لەگەڵ پێویستی بازاڕی کاردا بگونجێت (نیشتمانی و نێودەوڵەتی).

10. دەستەلاتی زۆرتر بە کۆلێژەکان بدرێت بۆ ئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن پەرە پێ بدەن.

11. هاندانی کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بۆند لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆکاندا مۆر بکەن و پاشان هەلی کارکردنیان دوای دەرچوون بۆ بدۆزنەوە.

12. نوێنەر بۆ خانەی کارکردن لە ئەنجوومەنی دەزگەکانی فێرکردندا تەرخان بکرێت.

13. کولێژەکانی کارگێڕی و ئابووری بەشی کارئامێز دامەزرێنن.

14. دیدار لەگەڵ خوێندکاراندا ساز بدەن بۆ ئەوەی ڕێڕەوی وەزیفییان بۆ ڕوون بکەنەوە.

15. دەستەبەرکردنی زانیاری تایبەت بە ڕێڕەوی وەزیفی بە شێوەی جیاجیا وەك نامیلکەو بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سایتە ئیلیکترۆنییەکانەوە.

16. هەموارکردنی پەیکەربەندی دەرچوانی خوێندنی دواناوەندی ئەویش بە کردنەوەی لقی نوێ تا لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕی کار لەبەر ڕۆشنایی پێشهات و پەرەسەندنە تەکنەلۆژییەکاندا بگونجێت.

17. دەستەبەرکردنی شێوازگەلی هاندانی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر فێربوون بە درێژایی ژیان.

18. دەستەبەرکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی زانکۆو کۆلێژی نوێ لەچاوچرێوەی کۆمەڵگەی تەواودا.

19. دەروازە کردنەوە بەسەر دەزگەکانی هەردوو کۆمەڵی مەدەنی و حکوومی بە شێوەیەکی فرەوانتر لەوەی ئێستە هەیە، ئەویش بۆ بەرجەستەکردنی یەکێك لە چالاکییە سەرەکییەکانی زانکۆکان کە (خزمەتکردنی کۆمەڵ).

## 3 ـ 5. پاڵپشتی دارایی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو خەرج کردن لەسەریان:

بێ گومان سەرمایەگوزاری ئۆرگانێکی گرنگی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەرتی پەروەردەو فێرکردنە، بەڵام هەڕەشەی سەرەکی کە لە عیراق بەرەو ڕووی دەزگە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دەبێتەوە خۆی لە کەمیی ئەو بڕە پارانەدا دەبینێتەوە بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردن تەرخان دەکرێن بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی سەرجەم بڕە پارە تەرخانکراوەکانی بودجەی حکوومەت و نزمبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی کارگێڕییەکانیان.

مەبەستێکی ستراتیژی بنەڕەتی لەبواری بڕە پارەی تەرخان کراودا پێڕۆ کراوە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

دابین کردنی بڕە پارەی تەرخانکراوی پێویست بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو چاکترکردنی لێهاتوویی کارگێڕییەکانیان.
ستراتیژیەتی نیشتمانی بابەتی تەرخان کردنی بڕە پارەی تەرخان کراوو خەرج کردنی لە چوارچێوەی چوار تەوەری بنەڕەتییەوە تاوتوێ کردووە ئامانجە لاوەکییەکان و هۆکارەکانی بەدیهێنانیان بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە:

## یەکەمین تەوەر: چوارچێوەی دارایی

ئامانجەکان:

1. مسۆگەرکردنی بڕیار لەسەردانی بودجەو ڕێ دان بە خەرجکردن لە یەکەمین مانگی هەموو ساڵێکەوە.
2. ئامادەکردنی بودجە لەسەر بنەمای بەشەکانی خەرج کردن و دابەشکردنیان لەسەر بنەمای چالاکی و قۆناغەکان.
3. چاکترکردنی ڕێوشوێنەکانی چاودێری و ئاسانکردنیان و بەکارنەهێنانیان بۆ مەبەستی سیاسی یان خودی.
4. دەستەڵاتی زۆرتری خەرج کردن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەکانی پارێزگەکان و زانکۆو کۆلێژەکان بدرێت.

دەشێت ئەوە لە چوارچێوەی پێرەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەی خوارەوە بەدی بهێنرێن:

1. دەستپێکردنی دانانی مەزەندەکردنەکانی بودجە لە کاتێکی گونجاودا کە لە یەکەمین مانگی هەموو ساڵێك تێنەپەڕێت.
2. بەشداری پێ کردنی پسپۆران ئەوانەی لە ڕووی زانستییەوە لێهاتوون لە ئامادەکردنی بودجەکاندا.
3. داڕشتن و دەرکردنی یاسایەکی نوێی چاودێری دارایی و ئاسانکردنی ڕێوشوێنەکان و گەرەنتی بێ لایەنی لەجێبەجێکردندا مسۆگەر بکات.

## دووەمین تەوەر: سەرچاوەی سەرمایەگوزاری

**ئامانجەکان:**

1. زیادکردنی بەشداری کردنی سندووقی فێرکردنی باڵا لە سەرمایەگوزاری چالاکییەکانی وەزارتی فێرکردنی باڵا لە کەمتر لە 1٪ەوە بۆ 5٪.
2. چەسپاندنی چەمکی (قوتابخانەی بەرهەمهێنەر) لە قوتابخانە پیشەییەکان و (زانکۆی بەرهەمهێنەر) لە پەیمانگەو کۆلێژە تەکنیکییەکاندا بە شێوەیەك بەشداری لە سەرمایەگوزاری چالاکییەکانی وەزارەتی پەروەردە بکات بە ڕێژەی 2٪و وەزارەتی فێرکردنی باڵا بە ڕێژەی 5٪.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستە ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانەی خوارەوە پێڕەو بکرێن:

1. جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری بۆ هەردوو کەرتی پەروەردەو فێرکردن.
2. گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوانەی سوودیان لە ئاکامەکانی توێژینەوەی زانستی پرەکتیکی وەرگرتووە.
3. بەشداری پێکردنی کەرتەکانی کۆمەڵ (حکوومی و تایبەت) لە سەرمایەگوزاری توێژینەوەی زانستی و خستنە بازاڕەوەی ئاکامەکانی.

4.هەوڵدانی زیادکردنی بەشداری پێکردنی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردندا.

## سێیەمین تەوەر: خەرج کردن

### ئامانجەکان:

1. زیادکردنی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا وەك ڕێژەیەك لە بودجەی حکوومی بەرەو ئاستی گونجاوو گۆڕین و هەموارکردنی ڕێژەی بڕە پارەی تەرخانکراوی وەبەرهێنراو لە هەردوو وەزارەت (شێوەی 11).

شێوەی ( 11 ) موئەشری ئێستەو ئامانج بۆ خوازراوی بودجەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا




2.هەموارکردنی سوودمەندییەکانی دەستەکانی فێرکاری لە پەروەردەو فێرکردنی باڵاو مافەکانیان بە شێوەیەك لەگەڵ ئاستی داهات لە عیراق و ئاستگەلی سوودمەندی و مافەکان لە وڵاتانی دراوسێ بگونجێت.

دەشێت ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەی خوارەوە پێڕەو بکرێن:

1.تەرخانکردنی ڕیژەیەك لە داهاتی نەوت بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنان بۆ هەردوو کەرتی پەروەردەو فێرکردن و بەشێوەیەکی ساڵانە.

2.تەرخانکردنی بەشێك لە پارەی زیادبووی ساڵانەی بودجە کە لە ئاکامی زیادبوونی نرخی نەوت، یان زیادبوونی ناردنە دەرەوەی نەوتەوە بەدی هاتووە بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنانی هەردوو کەرتی پەروەردەو فێرکردن.

3.دۆزینەوەی میکانیزمی پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەرانبەر بە کەمکردنەوە، یان باج و گومرگ لێ وەرنەگرتن.

4.دۆزینەوەی میکانیزمی بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پاڵپشتیکردنی دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردن و پەرەپێدانیان لەو برە پارانەی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە بەدی هاتوون.

## چوارەمین تەوەر: تێچووی قوتابی

### ئامانجەکان:

1.نزمکردنەوی تێچووی یەك قوتابی لەچوارچێوەی باش سوودوەرگرتن لە داهاتەکان.

2. نزمکردنەوەی جیاوازی بەرزی تێچووی یەك قوتابی لە قۆناغێکی خوێندنەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی خوێندن و لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە.

بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجانەیش دەشێت ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانە پێڕەو بکرێن:

1. نزمکردنەوەی ئەو خەرج کردنانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابنە هۆی چاکترکردنی پرۆسەی فێرکردن.

2. بەدیهێنانی دابەشکردنی گونجاوی قوتابیان بەسەر زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا.

3. شیکردنەوەو شرۆڤکردنی هۆکارەکانی جیاوازی تێچووی یەك قوتابی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەو دانانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو شتە.

## 3 ـ 6. توێژینەوەی زانستی لە پەروەردەو فێرکردنی باڵادا:

توێژینەوەی زانستی دووەمین کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکانی فێرکردن و بە گشتی بایەخێکی گەورەی لە پەرەپێدانی کۆمەڵەکاندا هەیە، جا لەبەر جیاوازی ئاشکرای لەم بابەتەدا لەنێوان پەروەردەو فێرکردنی باڵادا بۆیە لە هەردوو کەرتدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ تاوتوێ کران:

- **توێژینەوەی زانستی لە کەرتی پەروەردەدا:**

**هەڕەشە**: هێشتە چالاکی توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی پەروەردە زۆر لاوازە.

**مەبەست**: چاکترکردنی چالاکی توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی پەروەردە.

**ئامانج**: بەرزکردنەوەی ئاستی توێژینەوەی زانستی و بەشداری پێ کردنی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە ڕوو بە ڕووی کەرتی پەروەردەیی دەبنەوە.

دەشێت ئەوە لەچوارچێوەی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانەی خوارەوە بەدی بهێنرێن:

1.بەستنەوەی سەنتەرەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە یەکەمین سەنتەری بڕیار وەرگرتنەوە لە وەزارەت (وەزیر).

2 . دۆزینەوەی هەل بۆ ئەوەی سەنتەرەکە پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بەردەام بێت و ئاگەداربوونی گرنگترین لێکۆڵینەوەو ئەزموون و دەستکەوتە پەروەردەییەکان لە جیهاندا.

3.دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی کارکردن لە سەنتەرەکە لە ئامێرو هۆیەکانی پێوەندی و شتی دیکە.

4. بەهێزکردنی سەنتەرەکە بەو کادیرانەی بڕوانامەی باڵایان لە بوارە زانستییە جۆراوجۆرەکاندا هەیەو، هان بدرێن و پاداشتی گونجاویان پێشکەش بکرێت.

## • توێژینەوە لە کەرتی فێرکردنی باڵا:

**هەڕەشە**: لاوازی توانای توێژینەوەی زانستی و بەرهەمەکانی:

**مەبەست**: بەرزکردنەوەی تواناکانی توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەك لەگەڵ پێداویستییەکانی پەرەپێدانی بەردەوامدا لە عیراق بگونجێت.

توێژینەوەی زانستی لە عیراق لە چوارچێوەی سێ تەوەری سەرەکییەوە باس کراو بۆ هەر تەوەرێك ژمارەیەك ئامانجی لاوەکی و میکانیزمی بەدیهێنانیان بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشان کرا:

### یەکەمین تەوەر: چوارچێوەی دەزگەیی توێژینەوەی زانستی

**ئامانج**: پەرەپێدانی چالاکییەکانی توێژینەوی زانستی لەچوارچێوەی دەزگەیەکی ڕێکوپێکدا.

دەشێت ئەوە لەچوارچێوەی پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانەوە بەدی بهێنرێن:

1.سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی توێژینەوەی زانستی و پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی خۆی پیشتر بخات.

2. کردنەوەی ژمارەیەکی زۆرتری سەنتەرگەلی توێژینەوەی پسپۆر لە زانکۆکان و دەستەبەرکردنی پاڵپشتی تەواو بۆیان.

3.زانکۆکانی عیراق سەنتەرەکانی توێژنەوە بەهێزتر بکەن کە هەن (کە ژمارەیەکی کەمن)و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆرتری ئەو جۆرە سەنتەرانە، بۆ ئەوەی هیچ کۆلێژیك لە سەنتەری توێژینەوەی پسپۆر لە پسپۆرییەکانی بەشە زانستییەکان بێ بەش نەبێت.

4. تەرخانکردنی ئەو داهاتانەی کە سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئاکامی چالاکییە جۆراوجۆرەکانیانەوە بەدییان دەهێنن بۆ سەرمایەگوزاری چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان.

5. فرەوانترکردنەوەی هاریکاری لە نێوان وزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە بواری توێژینەوەی زانستیدا.

6. سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی پلانی وەرزی بۆ توێژینەوەی زانستی دابنێن بە مەرجێك ئەو پلانانە کێشەگەل و پێداویستییەکانی کەرتە جیاجیاکان چارەسەربکەن.

7. هەوڵ دان بۆ پێڕەوکردنی (زانکۆی توێژینەوە) کە چەند سەنتەرێکی جیاکاری لەخۆ دەگرێت.

8. ئامادەکردن و پەرەپێدانی پێشەنگەکانی توێژینەوەی زانستی.

9. پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەواوەتی بە توێژینەوەی زانستی و توێژەران.

## دووەمین تەوەر: تواناکانی توێژینەوەی زانستی

ئامانجەکان:

1. بەرزکردنەوەی ڕێژەی جێکردنەوە لە تاقیگەو وەرشە زانکۆییەکاندا لە (44٪)ەوە بۆ (70٪).
2. بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە ڕووی نازناوی زانستییەوە.
3. بەرزکردنەوەی تێکڕای سەرپەرشتی سەر قوتابیانی خوێندنی باڵا لەلایەن مامۆستا ڕاهێنراوەکانەوە بۆ ئەوەی لە 4 تێز یان نامە بۆ هەر سەرپەرشتیارێك کەمتر نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنە زانستییەکان لەو بارەوە.
4. دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی زۆرتری کتێب و وەرزنامەی زانستی بەپێز، بەمەرجێك ڕێژەی زیادکردنی ساڵانە لە 10٪ی ناوونیشانە نوێیەکانی کتێب و وەرزنامەکان کەمتر نەبێت.
5. زیادکردنی ژمارەی بەشداربووان لە کتێبخانەی زانستیی عیراقی گریمانەیی (IVSL) لە نزیکەی (17) هەزار بەشداربووەوە بۆ نزیکەی (80٪)ی هەموو مامۆستایانی زانکۆو خوێندکارانی خوێندنی باڵاو توێژەرانی عیراق.
6. زیادکردنی بڕە پارەی ترخان کراو بۆ سەرمایەگوزاری توێژینەوەی زانستی لە هەر یەك لە بودجەی کارکردن و وەبەرهێنان.

ئەوەیش پێویست بە پێڕەوکردنی ئەم ڕێگەچارە ستراتیژیانە دەکات:

1. تەرخانکردنی بڕە پارەی تەواو بۆ:

- دروستکردنی تاقیگەو وەرشەی زانکۆیی زۆرتر.
- سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو بەکارهێنانەوەی ئەو تاقیگەو وەرشانەی ئێستە هەن (2011).
- دەستەبەرکردنی ژمارەی زۆرتری کۆمپیووتەر بۆ مامۆستایانی زانکۆ.
- دەستەبەرکردنی ژمارەی زۆرتری کۆمپیووتەر بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا.
- دەستەبەرکردنی کتێب و وەرزنامەی بەپێز.
- تەرخان کردنی بڕە پارەو سەرمایەگوزاری توێژینەوەی زانستی.

2. هاندانی بەرزکردنەوەی زانستی.
3. هاندانی مێینە لەسەر بەرزکردنەوەی زانستی.
4. دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری باشتری ئینتەرنێت.
5. زیادکردنی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنی باڵا وەردەگیرێن، هەرکە توانای سەرپەرشتی کردن و پێداویستییەکانی دیکە دەستەبەربوون.
6. پابەندکردنی هەموو کۆمپانیا حکوومی و کەرتی تێکەڵاو بە هاوکاری کردنی توێژینەوەی زانستی لەچوارچێوەی میکانیزمی گرێبەست لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوەی حکوومی و ئەهلی و بنکەکانی ڕاوێژکاری.

7. پابەندکردنی هەموو خوێندکارانی خوێندنی باڵا بەپێی پلانی داڕێژراو توێژینەوەی پرەکتیکی لە دەزگە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجام بدەن بەرانبەر بەوەی ئەو دەزگانە سەرمایەگوزاری تەواوەتی توێژینەوەکان دەستەبەر بکەن.

8. هاندانی کۆمپانیا بیانییەکان ئەوانەی لە عیراق کاردەکەن هاوکاری توێژینەوەی زانستی بکەن لەچوارچێوەی پێشکەش کردنی ئاسانکارییەوە.

9. تەرخان کردنی خەڵاتی ساڵانە بۆ توێژینەوەی زانستی دانسقە.

## سێیەمین تەوەر: بەرهەمەکانی توێژینەوەی زانستی

ئامانجەکان:

1. زیادکردنی ژمارەی توێژینەوەکانی دیپلۆمی باڵاو نامەی ماجستێرو تێزی دکتۆرا.

2. زیادکردنی ژمارەی توێژینەوەکانی دیپلۆمی باڵاو نامەی ماجستێرو تێزی دکتۆرا کە لەلایەن مێینەوە تەواوکراون.

3. زیادکردنی ژمارەی توێژینەوەکانی دیپلۆمی باڵاو نامەی ماجستێرو تێزی دکتۆرا کە لە بواری پسپۆرییە زانستییەکاندا تەواو کراون.

4. بەرزکردنەوەی تێکڕای گشتیی پشکی توێژەران (مامۆستایانی زانکۆ) لە توێژینەوەی زانستی.

5. زیادکردنی ژمارەی ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤارە جیهانییەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

6. زیادکردنی ژمارەی پاکانەی داهێنان (براءة الإختراع).

7. بەرزکردنەوەی تێکڕای ناردنەدەرەوەی زانستی بۆ دەرەوەی عیراق.

8. بەرزکردنەوەی ناردنە دەرەوەی زانستی بۆ ناوخۆی عیراق.

9. زیادکردنی ژمارەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا و مامۆستاکانیان لەوانەی لە چوارچێوەی (بەرنامەی نێردەی توێژینەوە)دا ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستە ئەم ڕێگەچارە ستراتیژییانە بگیرێنە بەر:

1. کارکردن بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری ڕێژەیی لە سیاسەتی وەرگرتن لە خوێندنی باڵاو ڕێنماییە تایبەتییەکانیدا.

2. سوودوەرگرتن لە توانای ڕەخساوی ئەوانەی بڕوانامەی باڵاو شارەزاییان هەیە لە وەزارەتەکانی دەوڵەت بۆ بەشداریکردن لە سەرپەرشتی کردنی خوێندکارانی خوێندنی باڵا و تاوتوێ کردنی نامەکانیان.

3. بەستنەوەی مووچەی مامۆستایانی زانکۆ بە نازناوە زانستییەکانیانەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی هاندەری بڵاوکردنەوەو بەرزکردنەوەی زانستی.

4. دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەو پاڵپشتی کردنی تەواوکردنی.

5. بارگران نەکردنی مامۆستایانی زانکۆ بە سەعاتی زۆرتری وانەبێژی لە دەرەوەی سنووری پشکی خۆیان و ڕانەسپاردنیان بە چالاکی دیکە، بۆ ئەوەی کاتی زۆرتریان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ بڕەخسێت.

6 . ئاسانکردن و بەپێزکردنی هەنگاوەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و هاندانی ئەو جۆرە بڵاوکردنەوەیە.

7. پتر بایەخدان و چاودێریکردنی داهێنەران و هاندانیان.

8. زیادکردنی ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی زانستی لەگەڵ دەزگە زانستییەکان لەناوخۆو دەرەوەی عیراق.

9. چەسپاندنی (بەرنامەی نێردەی توێژینەوە).

## چوارەمین پاڕ

## سستمی لاساییکردنەوەو پرۆگرام و پرۆژەکان

وزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە حکومەتی ناوەندو هەرێم شەش پرۆگرامی ستراتیژی بنەڕەتی تەواو یەکخراویان لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستە ستراتیژییەکان و ئامانجە لاوەکییەکاندا ئامادە کردووە کە ئەم ستراتیژیەتە دەستنیشانی کردوون، ئەم پرۆگرامانەیش بەرانبەر بەو هەڕەشە بنەڕەتیانەن کە کەرتی پەروەردەو فێرکردن لە عیراق ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە. ئەم پرۆگرامانەیش لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی بەرنامەکانی لاساییکردنەوەدا ئامادەکراون کە بۆ هەر یەك لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ( ناوەندو هەرێم) لەلایەن تیمی پسپۆرانی وەزارەتە پێوەندیدارەکانەوە بە هاریکاری لەگەڵ پەیمانگەی پلاندانانی نێودەوڵەتی ئامادەکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: سستمی لاساییکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە:**

1. سستمی لاساییکردنەوە پشت بە پێشبینی کردنی پاشەڕۆژی ژمارەی فێرخوازان و دەستەکانی فێرکاری و وانەبێژی و ژمارەی تەلاری فێرگەو تێچووی خەمڵێنراوی خەرج کردن بەپێی قۆناغەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان و ـ فێرکردنی سەرەتایی ـ فێرکردنی دواناوەندی و پیشەیی) دەبەستێت وێڕای ژمارەی فێرخوازانی دەرچووی خوێندنی دواناوەندی (ئەکادیمی پیشەیی) کە ئەویش پشتی بە ژمارەی ئەو فێرخوازە تازانە دەبەستێت کە لەسەرەتای قۆناغی سەرەتاییدا لە هەر یەکە لە (فێرکردنی حکوومی و ئەهلی) دەچنە بەر خوێندن.
2. ژمارەی ئەوانەی بەپێی پۆل لە هەر قۆناغێك ناویان تۆمارکراوەو ژمارەی دەرچووانی هەر قۆناغێك.
3. ژمارەی دەستەکانی فێرکاری کە لە واقیعدا هەن لەگەڵ ژمارەی دەستەکانی فێرکاری (تازە) و ئەوانەی لە دەست چوونەو لەسەر (موئەشر)ی (مامۆستا/ هۆبە).
4. ژمارەی پۆلەکانی خوێندن (هۆبە).
5. ژمارەی تەلارەکانی خوێندن و ئەو تەلارانەی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە کە (دوو فێرگە یان سێ فێرگەیان تێدایە).
6. خەرجکردنی ئێستەو خەرجکردنی وەبەرهێنان بەپێی پرۆگرامەکان و بۆ هەر قۆناغێك.

**دووەم: لاساییکردنەوەی وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

سستمەکە پێشبینی کردنی ئاییندەی وەرگیراوان لە سستمگەلی فێرکردنی باڵا لە دەرچووانی خوێندنی دواناوەندی لقەکانی (زانستی، وێژەیی، پیشەیی) بۆ ساڵانی داهاتوو و تا ساڵی 2020 و وەرگرتنیان لە ( زانکۆ، کۆلێژو پەیمانگە تەکنیکییەکان و کۆلێژە ئەهلییەکان) لەخۆدەگرێت بە پێی پسپۆری (پزیشکی، ئەندازەیی، زانستی ڕووت، کشتوکاڵ، ڤێرنیتەری، کارگێری، ئابووری، پەروەردەیی و مرۆیی) لە هەر یەك لە خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی

باڵا. پاشان بەدواداچوونیان و پێشبینی کردنی ئەوانەی لێیان دەردەچن بۆ دە ساڵی داهاتوو بەپێی پسپۆری وێڕای مەزندەکردنی ژمارەی وانەبێژان بەپێی بڕوانامەی (ماجستێر، دکتۆرا)و فەرمانبەران (کارگێڕی، تەکنیکی، خزمەتگوزاری).

لەو ڕووەوە لە وەزارەتی پەروەردە چوار سیناریۆ ئامادە کراوە لەسەر بنەمای تێکڕای چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە باخچەی ساوایانەوە تا فێرکردنی دواناوەندی کە تێکڕای چوونە بەر خوێندن تێیدا (20٪،30٪، 40٪، 60٪) بوو بەپێی هەر چوار سیناریۆیەکە یەك بە دوای یەکدا، هەرچی فێرکردنی باڵایە ئەوە کار لەسەر هەشت سیناریۆ کراوە لەسەر بنەمای تێکڕای چوونە بەر خوێندن تێیدا کە ئەویش لە نێوان (14٪ ـ 66٪) بوو، هەروەها لەکاریگەری ئەوە لەسەر سەرجەم بەرووبووم و داهاتی ناوچەیی و بودجەی حکوومی کۆڵراوەتەوە.

## سێیەم: سەرجەم داهاتی ناوچەیی (GDP) و بودجەی حکوومی:

مەزندەکردنی سەرجەم داهاتی ناوچەیی و بودجەی حکومی بۆ ساڵانی 2010 ـ 2016 لە ڕێگەی پێشبینییەکانی سندووقی نێودەوڵەتی دراو لەگەڵ وەزارەتی دارایی و پلاندانان و بانکی ناوەندی دەبێت و پێشبینی کردنی داهاتی ناوچەیی و بودجەی ساڵانی 2017 ـ 2020 بە پشت بەستن بە گەشەسەندنی مورەکەبی ماوەی 2010 ـ 2016 دەبەستێت کە ( 15,7٪ی سەرجەم داهاتی ناوچەیی، 8,9٪ی بودجەی حکوومی)بوو، هەرچی ڕێژەی سەدی بودجەی حکوومییە لەسەر سەرجەم داهاتی ناوچەیی ئەوە لە ساڵی 2010دا زۆر بەرزبوو، ئەوەبوو گەیشتبووە 85٪ ئەمەیش لاوازی بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لەوەدا دەگەیەنێت و پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە تا ساڵی 2020 بگاتە 46٪. ئەم خشتەی خوارەوە ئەم پێشبینی و مەزەندانە بۆ ساڵانی داهاتوو نیشان دەدات:

مەزندەکانی GDP و بودجەی حکوومی (بە ملیار دینار)

| ڕێژەی بودجە لەسەر سەرجەم داهاتی ناوچەیی | بودجەی حکوومی | سەرجەم داهاتی ناوچەیی | ساڵ |
|---|---|---|---|
| 84.7 | 80,414 | 94,902 | 2010 |
| 82.8 | 105,214 | 127,058 | 2011 |
| 80.9 | 112,338 | 138,833 | 2012 |
| 67.3 | 111,467 | 165,600 | 2013 |
| 62.2 | 113,807 | 182,919 | 2014 |
| 60.7 | 122,988 | 202,584 | 2015 |
| 58.9 | 134,249 | 227,785 | 2016 |
| 55.5 | 146,197 | 263,547 | 2017 |
| 52.2 | 159,209 | 304,924 | 2018 |
| 49.1 | 173,378 | 352,797 | 2019 |
| 46.3 | 188,809 | 408,186 | 2020 |

:Sources

(GDP - IMF WEO database (as of February 7th, 2012
(General gov total exp - IMF WEO database (Feb 7th, 2012

## چوارەم: تیچووی ستراتیژیەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا:

تیچووی ستراتیژیەت لە وەزارەتی پەروەردە مەزەندکردنەکانی هەر یەك لـە خـەرج کردنـی ئێسـتەو وەبـەرهێنان لـە سیناریۆی هەڵبژاردە لەخۆدەگرێت کە تێکڕای چوونەبەرخوێندنی (60٪)ی قۆناغی ئامادەیی دەنوێنێت، هەرچی لـە وەزارەتی فێرکردنی باڵایە ئەوە ئەو سیناریۆیە هەڵبژێرراوە کە تێکڕای چوونە بەرخوێندنی (20٪) بەدی دەهێنێـت، چونکە مەزەندەی هەر یـەك لـە تیچـووەکانی پـرۆژە سـتراتیژییەکان لەگـەڵ خـەرج کردنـی ئێسـتە حسـێب کـراوە (مووچەکان، خەرجی خوێندکاران و مامۆستایان، خـەرجی ئـەو تەلارانـەی خراونەتـە سـەر زانکـۆو پاراسـتنیان) و ڕێژەیان لە بودجەی حکوومی و سەرجەم داهاتی ناوچەیی.خشتەکە ڕێژەی تێچووی ستراتیژیەت (پەروەردەو فێرکردنی باڵا) لە سەرجەم داهاتی ناوچەیی. دەردەخات.

ئەم خشتەیە ڕێژەی تێچووی ستراتیژیەتی 0پەروەردە فێرکردنی باڵا) لە تێکڕای داهاتی ناوچەیی نیشان دەدات:



خشتەکە ڕێژەی تێچووی ستراتیژیەت (پەروەردەو فێرکردنی باڵا) لە بودجەی حکوومی دەردەخات.




**تێبینی: سەرچاوەکانی زانیاری و ئەو داتایانەی لە ئامادەکردنی لاساییکردنەوەکەدا پشتیان پێ بەستراوە، ئەمانەن:**

- **ئەوەی پێوەندی بە وەزارەتی پەروەردە (ناوەندو هەرێمەوە هەیە) سەرچاوەکانی زانیاری و داتا تایبەتییەکان لە بەشی ئاماری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی بەشی بودجە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دارایی وەر گیراون.**
- **ئەوەی پێوەندی بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا (ناوندو هەرێمەوە هەیە) ئەوە سەرچاوەکانی زانیاری و داتاکان لە بەشی ئاماری سەر بە دەزگەی لێکۆڵینەوەو پلاندانان و بەدواداچوون لە بنکەو بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو پلاندان لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون.**

## پێنجەم : پرۆگرام و پرۆژەکانی ستراتیژییەکە:

### یەکەمین پرۆگرام:

پەرپێدان و نوێکردنەوەی سیستمگەلی تەشریعی و یاسایی و کارگێڕی کەرتی پەروەردەو فێرکردنی بالآ لە عیراق: ئەم پرۆگرامە 18 پرۆژەی تەواو لەخۆدەگرێت لە سالّی 2012ەوە تا 2020 دەخایەنێت. پێشبینی دەکرێت تەواوکردنیان ببێتە هۆی بەدیهێنانی تەواوکاری و گونجاوی لە سیستمگەلی تەشریعی کەرتەکەو نەهێشتنی (التضارب والإزدواج) تێیدا، هەروەها پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ببێتە هۆی پەرەپێدان و چاکترکردنی ڕەفتارو هەلّسوکەوتی کارگێڕی بەرەو لێهاتوویی و ئەکتیڤ بوون. سەرجەم تێچووی پێشبینی کراوی ئەم پرۆگرامانە بە 50 ملیار دینار مەزندە دەکرێت جگە هەندێك لەو پرۆژانەی کە تێچوونەکانیان لە چوارچێوەی بودجەی تەشغیلی سالآنەی ئاسایی وەزارەتە پێوەندیدارەکانەوە دابین دەکرێن.

### دووەمین پرۆگرام

دروستکرد ن و فرەوانترکردنەوەو وەگەڕخستنەوەی ژێرخانەکان و باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەو زانکۆیی: ئەم پرۆگرامە 24 پرۆژەی جۆراوجۆری بواری دروستکردنی قوتابخانەو زانکۆو باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەو زانکۆیی لەخۆ دەگرێت و، پێشبینی ئەوەیش دەکرێت تەواوکردنیان ببێتە هۆی نەهێشتنی گرفتی کەمیی تەلاری قوتابخانەو دوو دەوامی و سێ دەوامی و قوتاربوون لە قوتابخانەی قوڕین و ئەو قوتابخانانەی کە خەریکن دەڕووخێن. هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی زۆری توانای جێبوونەوە لە فێرکردنی بالآ و پەرەپێدانی ژینگەی زانکۆ بەرەو فێرکردنی بالآی کوالیتی بەرز.
سەرجەم تێچووی ئەم پرۆگرامە لە هەموو پرۆگرامەکانی دیکە زۆرترەو تا سالّی 2020 دەگاتە تێکڕای 41900 ملیار دینار.

### سێیەمین پرۆگرام

بەدیهێنانی فێرکردنی هاوسان بۆ هەمووان (چوونەبەر خوێندن و یەکسانی و لێهاتوویی) لە بیست و حەوت پرۆژەی جۆرا وجۆری بواری چوونە بەر خوێندن و بەدیهێنانی یەکسانی و چاکترکردنی لێهاتوویی ناوخۆیی و دەرەکی پێکدێت.

ئەم پرۆگرامە بۆ ئەوە ئامادە کراوە بەرزکردنەوەی ئاستی چوونە بەر خوێندن بۆ ئەو تێکڕا هیوا بۆ خوازراوانە بەدی بهێنێت کە ستراتیژییەتەکە پێڕۆی کردووە، لەگەڵ زۆر نزمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری، جگە لە زیادکردنی هەلی فێرکردنی مێینە و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و چاودێری بەهرەمەندان و فرەوانترکردنەوەی فێرکردنی بەتەمەنەکان، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات ڕێژەی کەوتن و دزەکردن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا کەمتر بکاتەوە بە خوێندنی زانکۆیی و باڵایشەوە، پرۆژەکانی ئەم پرۆگرامە لەماوەی ساڵانی ستراتیژیەتەکەدا 4800 ملیار دیناری تێدەچێت، جگە لە هەندێك لەو پرۆژانەی کە لە بودجەی تەشغیلی ساڵانە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت و جێبەجێ دەکرێن.

## چوارەمین پرۆگرام

**بەدیهێنانی کوالیتی و پشت بەستن بە پەروەردەو فێرکردنی باڵا:** کە 74 پرۆژەی جۆراوجۆر لە بواری کوالیتی لەخۆ دەگرێت، پێشبینی دەکرێت ئەم پرۆگرامە ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی کوالیتی فێرکردنی گشتی و باڵا بە شێوەیەك لە ئاستی پێوەرە جیهانییە بڕوا پێکراوەکانی بواری کوالیتیدا بێت، پاشان بەرزکردنەوەی ئاستی لایەنەکانی هەر هەموو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و چاکترکردنی لێهاتوویی دەرچووان. تێچووی ئەم پرۆگرامە202ی ملیار دینارە لەکاتێکدا کە بەشێکی ئەم تێچووە دەچێتە چوارچێوەی پرۆگرامی دروستکردنی زانکۆی نوێ و کاراترکردنی ئەوانەی هەن.

## پێنجەمین پرۆگرام

پەرەپێدانی داهاتی دارایی و بەڕێوەبردنی: لە 16 پرۆژە پێکدێت، پێشبینی دەکرێت ئەم پرۆگرامە ببێتە هۆی فرە جۆری داهاتی دارایی و فرەوانترکردنەوەی پشت بەستن بە سەرمایەگوزاری خودی و چاکترکردنی لێهاتوویی بەڕێوەبردنی داهاتی دارایی، زۆربەی تێچووەکانی ئەم پرۆگرامە لەچوارچێوەی بودجەی تەشغیلی وەزارەتە پێوەندیدارەکاندایە.

## شەشەمین پرۆگرام

بەرزکردنەوەی تواناو بەرهەمەکانی توێژینەوەی زانستی بەشێوەیەك لەگەڵ پێداویستییەکانی پەرەپێدانی پەرەپێدراو لە عیراق بگونجێت: لە 20 پرۆژە پێکدێت و پێشبینی دەکرێت کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی تواناکانی توێژینەوەی زانستی و زیادبوونی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی و زیادکردنی ژمارەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا بە جۆرەها پسپۆرییەکانیانەوە. تێچووی ئەم پرۆگرامە 235 ملیار دۆلارە.

پاشکۆی ژمارە (1) خشتە تایبەتییەکانی پرۆگرامەکان و پرۆژە ستراتیژییەکان ڕوون دەکاتەوە.

## پێنجەمین پاڕ : بەدواداچوون و چاودێری و ڕاستکردنەوە:

گرنگی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانە نیشتمانی و ستراتیژییە سەرتاسەری یان کەرتییەکان لەوەوەیە کە سنوورێك لە نێوان ئەوەدا دادەنێت ئەو پلان و ستراتیژیانە تەنیا وەك بەڵگەنامەی ناو نووسینگە بمێننەوەو لە سەر ڕەفەی دابنرێن یان ببنە نەخشەیەکی ڕێگەی ئاسۆ ڕووناك کە دەشێت بەشداری لە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی نیشتمانی یان پەرەپێدانی کەرتێکی تایبەتدا بکەن.

بۆیە پرۆسەی چاودێری و ڕاستکردنەوەی ستراتیژی بە قۆناغێکی بنەڕەتی دابینکردنی سەرخستنی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکە دادەنرێت، کە مەبەستی ئەوەیە میکانیزمی چاودێری و بەدواداچوونی چالاکییەکان دابنرێت بەپێی ئەوەی لە پلانەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنی کەموکوڕی و کورت هێنان لە کاتی جێبەجێکردنداو شیکردنەوەی هۆکارەکانی هەر یەکیان و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ چاکترکردنی ئاستەکانی ئەداکردن، وێڕای دەستنیشانکردنی لایەنە پۆزەتیڤەکان بە ئامانجی پاڵپشتی کردنیان و پشت پێ بەستنیان لە پرۆسەی پەرپێدان لە دوارۆژدا.

پێداچوونەوەی ئەو نووسینانەی لەبەردەستدان و لەسەر بنەمای پسپۆری نێودەوڵەتی نووسراون و بە تایبەتی بە پلاندانانی ستراتیژی پەروەردەیی و فێرکردنەوە پەیوەستن ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی لە پرۆسەی ئامادەکردنی زۆر دژوارترە.

ئەرکی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئەدا شوێنێکی سەرپەرشتی کردن و مەرجەعی بۆ وەزارەتە کەرتییەکان پێویستە، باشتریش وایە بە لایەنێك بسپێررێت لە دەرەوەی ئەو وەزارتانە بێت کە جێبەجێیان دەکەن. لەم ڕووەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم ستراتیژیەتە نیشتمانییەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە عێراق، لەلایەن پسپۆرانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە ناوەندو هەرێمی کوردستان و بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی لە لایەن سێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە ئامادەکراوە کە ئەمانەن:

ـ بانکی نێودەوڵەتی. ـ ڕێکخراوی یونسکۆ. ـ ڕێکخراوی یونیسێف.

لەلایەن لیژنەیەکی باڵاوە پەسەندکراوە کە گەورە بەرپرسان لە هەردوو دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن (حکوومەت) و یاسادانان (پەرلەمان) تێیدا ئەندامن ، هەروەها پەسەندکردنی پێوەندی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە.. چونکە بە شێوەی بەرنامەیەکی کاتی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەو پێداویستی قۆناغ داڕێژراوەو ڕوانینێکی نیشتمانی دەردەبڕێت کە مەبەستی لایەنەکانی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەیی و ئەو پرۆژانەیە کە بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانەوە پەیوەستن و پشت بە پێداویستییەکانی ئێستەو ئایندە دەبەستن کە پێوەندییان بە سەرجەم خواستراوەکانی پەرەپێدانی هەردوو کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵاوە هەیە.

بەپشت بەستن بەوەی سەرەوە ئەوە لیژنـەی سەرپەرشـتی کردنـی بەڵگەنامـەی سـتراتیژیەتی نیشـتمانی پـەروەردەو فێرکردنی باڵا لـە دانیشـتنی ڕۆژی 2011/5/18زدا بڕیـارێکی گـرنگ و بنـەڕەتی دا ئـەویش بەپەسـەندکردن و زیادکردنی ئەرکێکی نوێ بۆی ئەویش خۆی لە بەرپرسیاریەتی سەرپەرشـتی کـردن و بەدواداچـوون و پێداچـوونەوەی پڕۆگرامـەکان و پڕۆژەکانی بەڵگەنامەی ستراتیژسەتی نیشتمانیدا دەنوێنێت، بۆ ئـەوەیش بڕیـاری دا سـکرتاریەتێکی ڕاپەڕاندن لە نووسینگەی سەرۆك وەزیران بە پێی فەرمانی ژمارە (261)ی دیوان پێکبهێنرێت کە بە پێی نووسراوی ژمارە (5219) نووسینگەی سەرۆك وەزیران لـە 2011/7/7ز دەرچـووە، بـۆ ئـەوەی وێنـەی هـەنگاوی دواتـری قۆناغی پاش تەواوبوون و داڕشتنی بەڵگەنامەی ستراتیژیەتی نیشتمانی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لـە عـیراق بچـێتە واری تەواوبوونەوە.

**یەکەم: پێکهاتەی کارگێڕی چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێ کردن:**

بەمەبەسـتی پێشکەشـکردنی ڕوانینێکـی تێروتەسـەل لـەبارەی لایەنـە فـەرمی و تیمـەکانی کـارەوە کـە ئـەرکی پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەی پرۆگرام و پڕۆژەکانی ئەم بەڵگەنامـە نیشـتمانییە گرنگـەو میکـانیزمی بەداداچـوونی جێبەجی کردنیان پێ دەسپێررێت، ئەوە ئەم پـاڕەی ئێسـتە کورتەیـەکی گـرنگ سـەبارەت بـە کـاری سـکرتاریەتی ڕاپەڕانـدن و پێکهاتـەکانی لیژنـەو تیمـە جۆراوجۆرەکـان و شـێوازی بـەڕێوەبردنی ئەرکـەکانی پێشـکەش دەکـات بەمەبەستی ئاسان بەڕێوەچونی پڕۆگرامەکانی جێبەجێ کردنـی پڕۆژەکـان و ئاسـانکاری بەدواداچـوون و چـاودێری و ڕاستکردنەوە پاش ئەوەی پڕۆژە ستراتیژییەکان لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە پەسەند دەکرێن.

**1ـ ئەرکەکانی سکرتاریەتی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکە:**

سکرتاریەتی جێبەجێکردن پاش ئەوەی بە پێی فەرمانی فەرمی پێك دەهێنرێت و لـە ڕێگـەی پەیوەسـتبوونیەوە بـە لیژنەی سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی پەروەردەو فێرکردنـی بـاڵاوە ئـەم ئەرکانـەی خـوارەوە ڕادەپەڕێنێت:

1.جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێی ڕاسپێرراون و هەماهەنگی لەگەڵ لایەن و وەزارەتە کەرتییەکان و ئامـادەکردنی ڕاپۆرتی وەرزی بۆ لیژنەی سەرپەرشتیاری بەدواداچـوونی جێبـەجێکردنی سـتراتیژیەتەکە دەمودەسـت، بەمەبەسـتی تاوتوێ کردنیان و پەسەندکردنیان بە شێوەی کۆتایی.

2. سازدانی کۆبوونەوەی هەماهـەنگی بـۆ نوێنـەرانی وەزارەت و دەزگـەکان ( ڕێکخـەرانی مەیـدانی و تیمـەکانی بەدواداچوونی جێًبەجێکردن کە لە کاتی پەسەندکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانیدا ئەو ئەرکەیان پێ ڕادەسـپێررێت) کـە پێوەندییان بە بە جێبەجێکردنی پرۆگرام و پڕۆژەکانی بەڵگەنامەی ستراتیژیەتەکەوە هەیە بە مەبەستی دەستنیشـان کردنی بەرپرسیاریەتی و دانانی پلانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرام و پڕۆژەو چالاکییانە.

3. ڕێکخستین کۆبوونەوەی ڕێکوپێکی وەرزی (هەر 3 مانگ جارێك) یان هەر کاتێك پێویست بـوو، تێیـدا بـانگی ڕێکخەرە مەیدانییەکان و سەرپەرشتیارانی ئەو پرۆگرام و پڕۆژانە دەکرێت لـە بەرپرسـانی وەزارەتـە پێوەندیـدارەکان (پەروەردەو فێرکردنی باڵا لـە ناوەنـدو هـەرێمی کوردسـتان) لـە پێنـاوی پێداچـوونەوەی ڕاپۆرتـە وەرزییـەکان بـۆ

بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پرۆگرام و پرۆژەکانی ستراتیژیەتەکە و بە پێی لایەنی کەرتی و بەگوێرەی ئەو فۆرمە فەرمییەی کە پێڕەو دەکرێت، کە هەموو داتا پێویستییەکان لەخۆدەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی تەواوکردن بەپێی موئەشری سەرکەوتن لە ڕووی چەندی و چۆنییەوە (نموونەی فۆرمی بەدواداچوون و ڕوانینی مەیدانی و چاودێری ڕاستکردنەوە)، چونکە مەبەستی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە ئاستی پێشکەوتن لە ئەداو دەست خستنە سەر لایەنە نیگەتیڤەکان و تەگەرەکان دەستنیشان بکات و لایەنە پۆزەتیڤەکان دەستنیشان بکات لە ڕووی ڕێژەی جێبەجێ کردنی پرۆژەو ناوەرۆك و کاریگەری و مەوداکانی لەسەر بوارە جۆراوجۆرو مەوداکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ڕەنگدانەوەی لە بواری بنیاتنانی مرۆڤ و بەهاکانی ڕەفتارو ئاکارەوە.

4. ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی قۆناغەکانی پێشڤەچوونی کارەکە شەش مانگ جارێك بۆ سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی پرۆگرام و پرۆژەکانی ستراتیژیەتەکەو بینینی ڕاپۆرتەکان و وەرگرتنی بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە.

5. ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی ساڵانە سەبارەت بە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکەو گرنگترین ئەو ئامانج و ئاکامانەی بەدی هاتوون بەپێی ئەو موئەشرو ئامانجانەی لە بەڵگەنامەکەدا دارێژراون.

6. دەرکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە ئاکامی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی پەروەردەو فێرکردنی باڵا.

7. هەر ئەرکێکی دیکە کە لەلایەن لیژنەی سەرپرشتیاری جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکەوە ڕادەسپێررێت و پێوەندی پێوە هەیە.

## 2. پێکهاتەو کاری لیژنەکان و ڕێکخەرەکان

لیژنەی سەرپەرشتیاری بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بەرپرسیاریەتی چاودێری و ڕاستکردنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

1. دامەزراندنی شارەزایەکی پسپۆر لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بە پلەی سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردن، باشتر وایە لە پلە تایبەتەکان بێت.. سەرۆکایەتی سکرتاریەتی جێبەجێکردن بکات بۆ سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی پرۆژەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتییەکەو، لە ڕووی کارگێڕی و تەکنیکەوە بە نووسینگەی سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاریی ئامادەکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانییەوە پەیوەست دەبێت کە ڕاسپێرراوە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەو چالاکییەکانی ستراتیژیەتی نیشتمانی بکات کە وەزارەتە کەرتییەکان جێبەجێیان دەکەن.

2. ڕاسپاردنی ژمارەیەك لە شارەزایانی پسپۆر بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی تیۆرتەسەلی چاودێری و ڕاستکردنەوە ئامادەبکەن، تێیدا میکانیزمی بەدواداچوونی جێبەجێکردنەکە لە ڕووی (ئامانج و ناوەرۆکەوە) [*] باس کرابێت

---

* چەند دامەزراوەیەکی کارگێڕی لە وەزارەتی پەروەردە فێرکردنی باڵا هەن لەسەر ئاستی بەش لە گەرەنتی کوالیتی و ڕاستکردنەوەی ئەدا پسپۆرن و بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگەو زانکۆکانەوە پەیوەستن. لە فێرکردنی باڵایش چەندین بەش هەن یان هۆبە و یەکەی کارگێڕی هەن هەمان ئەرك ڕادەپەڕێنن بۆیە دەشێت بەرپرسان یان کارمەندای ئەو بەشانە هەندێك وەك ڕێکخەر یان شارەزا دەستنیشان بکرێن.

لەگـەڵ دەستنیشـان کردنـی موئەشـری سـەرکەوتن کـە لـە مەبەسـت و ئامانجـە سـتراتیژیەکان و میکـانیزمی جێبەجێکردنیانەوە هەڵهێنجراون (فۆرمی ژمارە 3) و ڕاستکردنەوەی دەرەنجام و ئاکامـی کۆتایـی پەیوەست بە پەرەپێدانی سەرجەم مەوداو بوارەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ڕەنگدانەوەکانی پەیوەست بە بەها ئاکارییەکان و بنیاتنانی مرۆڤەوە.

3. ڕاسپاردنی سکرتاریەتی ڕاپەڕاندن بۆ ئەوەی پشت بە پسپۆران ببەستێت پرۆگرامـی کۆمپیووتـەری تایبـەت بـە جێبەجێکردنی پرۆگرام و پرۆژەکان ئامادەو دیزان بکەن و لەگەڵیان ڕێك بکـەوێت بـەو شـێوەی پێویسـت دیزاینیـان بکەن.

4. کۆبوونەوەی وەرزی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (بانکی نێودەوڵەتی، یونسکۆ، یونیسیف) بکات بـۆ ئـەوەی ئەرکەکانی سکرتاریەتیان پێ بناسێنێت و داوایان لێ بکات لە بنیاتنانی توانای تـەکنیکی پرۆسـەی بەدواداچـوون و چاودێری و ڕاستکردنەوەو پێوانەی کاریگەری بۆ ڕێ خـۆش کردنـی پرۆسـەگەلی تـەواوەتی ڕاسـتکردنەوە بەشـداری بکەن.

5. وەزارەتە کەرتییەکان ڕیکخەرانی پسپۆرو شارەزا، بە شێوەیەکی فەرمی لـە لایـەن بەڕێوەبەرایەتییـەکانیان یـان وەزیری پێوەندیدارەوە بۆ بەدواداچوون ڕادەسپێرن لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگەکان و هـەموو دەزگەکانی فێرکردنی باڵا (زانکۆو دەستەکان/ ئەنجوومەنی عیراقی بـۆ پسـپۆرییە پزیشـکییەکان) و بـە شـێوەیەکی پرۆتۆکۆل ئەرکی ڕوونیان بۆ دەستنیشـان بکرێـت بـۆ بەدواداچـوونی جێبـەجێکردنی پرۆگـرام و پـرۆژە سـتراتیژییە نیشتمانییەکان.

6.ڕێکخەرەکان ڕاپۆرتێکی مانگانە بەپێی فۆرمی پێڕەوکراو لە وەزارەتە کەرتییـەکان و تەگـەرەکانی جێبـەجێکردن پێشکەش دەکەن، ڕاپۆرتـەکانی مانگانـە لەلایـەن ڕێکخـەران لـە وەزارەتـە کەرتییەکانـەوە بـۆ سـەرۆکی لیژنـەی بەدواداچوونی جێبـەجێکردن بـەرز دەکرێتـەوە کـە ئـەویش لای خۆیـەوە کۆمـەڵێك لـە تـەکنیککارە پسـپۆرەکان ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی لەبواری شیکردنەوەی نـاوەرۆکی ڕاپۆرتـەکانی مانگانـەو دەستنیشـان کردنـی هـەنگاوەکانی بەدواداچوون و هەماهەنگی بۆ قۆناغی دواتر پشتیان پێ ببەسترێت.

ئەمەی خوارەوەیش نەخشەیەکە پێکهاتەی کاری لیژنەکان و تیمەکانی کار و هەماهەنگیکارەکان ڕوون دەکاتەوە بە ڕاسپاردنیان بۆ کاری بەدواداچوون و چاودێری و ڕاستکردنەوە تا لە جێبەجێکردنی پرۆژەو چالاکییەکانی ستراتیژیەتی نیشتمانی پەروەردە فێرکردنی باڵا لە عیراق دڵنیا بن.

نەخشەی پێکهاتەی کاری لیژنەکان و تیمەکانی کار و هەماهەنگیکارەکان بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی




- تیمی کار لە وەزارەتی پەروەردە (ناوەند).
- تیمی کار لە وەزارەتی پەروەردە (هەرێمی کوردستان).
– تیمی کار لە وەزارەتی فێرکردنی باڵا (ناوەند)
تیمی کار لە وەزارەتی فێرکردنی باڵا (هەرێمی کوردستان).



**(1)**

## فۆرمی بەدواداچوون و ڕوانینی مەیدانی

### یەکەم: تەوەری سەرەکی (چوارچێوەی دەزگەیی)

### ماوەی کاتی ڕاپۆرتەکە لە / تا / /

| ر | ناوی پرۆژە | وەزارەتی ڕاسپێرراو بە جێبەجێ کلن | پێکهاتە (دەزگەی پێوەندیدار) ڕاسپێرراو بە جێبەجێ کردن | پێوەری جێبەجێ کردن دەرەنجامەکان و ئاکامە مەزەندەکراوەکان | ڕێژەی جێبەجێ کردن (تەواوکردنی فیعلی) | تەگەرەکمانی جێبەجێ کردن | موئەشرەکان / هەڵسەنگاندنی ئاکامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەندام　　　　　ئەندام　　　　　سەرۆکی لیژنەی/ بەدواداچوون و ڕوانینی مەیدانی

*ئەم فۆرمە بەپێی تەوەرە سەرەکییەکان پێڕەو دەکرێت کە لە پرۆژە ستراتیژیەکانی ناو ستراتیژیەتی نیشتمانیدا هەیە.

**(2)**

**فۆرمی چاودێری و ڕاستکردنەوە**

**یەکەم: تەوەری سەرەکی (چوارچێوەی دەزگەیی)**

**1 ـ ناوی پرۆژە:**

**2 ـ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێ کردن:**

**(بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕوانین و بەدواداچوون)**

**3 ـ هەڵسەنگاندنی تەکنیکی:**

**لایەنە نیگەتیڤەکان:**

**لایەنە پۆزەتیڤەکان**

**پێشنیاز بۆ چاکترکردنی ئەدا:**

**4 ـ هەنگاوی پێویست بۆ قۆناغی داهاتوو:**

| | | |
|---|---|---|
| **ئەندام** | **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنەی/ چاودێری و ڕاستکردنەوەی ستراتیژی** |

## فۆرمی ژمارە (3)

## موئەشرو ڕاستکردنەوەی دەرەنجام و ئەنجامە گشتییەکان

## یەکەم: تەوەری سەرەکی (چوارچێوەی دەزگەیی)

| مەبەست | موئەشرەکان | پێوانەی کاریگە | | دەرەنجامی کۆتایی | پەرەپێدانی پێویست لە ئاییندەدا |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پێوانەی چەندی (ڕێـــــــژەی جێبەجێکردن) | پێوانەی جۆرەکی کاریگـــەری لـــە پرۆســـــــەی پـــــــەروەردەو فێرکردن | | |
| | | | | | |

# پاشكۆی ژماره ( 1 )

# خشتەی پرۆگرام و پرۆژەكانی پەروەردەو فێركردنی باڵا

# پرۆگرام و پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە

## یەکەمین تەوەر: پێرۆی دەزگەیی پەروەردە

### مەبەست: پەرەپێدانی ڕێکخستەی کارگێڕی و یاسایی و دارایی و چاکترکردنی ڕەفتارو مامەڵەی کارگێڕی

**پرۆگرام : چاوخشاندنەوە بە یاسای وەزارەتی پەروەردەو یاساکانی کارگێڕی و دارایی**

| ئامانج | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | ساڵی جێبەجێکردن | دەرئەنجامی پێشبینیکراو | تێچوو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی پەروەردە | ئامادەکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە بەهاریکاری وەزارەتی فێرکردنی باڵا | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی پەروەردە | |
| ئامادەکردن و جێبەجێکردنی باسکردنی وەزیفی | ئامادەکردنی باسکردنی وەزیفی و پەرەپێدانی وەسفە کۆنەکە لەگەڵ ئەنجامدانی کەمکردنەوەی وەزیفی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیکەربەندی | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | دەرکردنی پەیکەربەندییەك بۆ وەزارەت و دەزگەکانی لەگەڵ وەسف کردنی وەزیفیدا | |
| کاراکردنی یاسای فێرکردنی تەوزیمی | کاراکردنی یاسای فێرکردنی تەوزیمی بەپێی توانای ڕەخساو بە شێوەیەك بکرێت وردە وردە جێبەجێ بکرێت | وەزارەتی پەروەردە | 2012 | زیادکردنی ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە فێرکردنی باڵاو دزەکردن و بۆ هەردوو ڕەگەز | |
| یاسای فێرکردنی ئەهلی و ئێواران | ئامادەکردنی یاسای فێرکردنی ئەهلی و ئێواران و کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە پەروەردە بکات | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | فرەوانکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی و ئێواران تا ببێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی چوونە بەرخوێندن و بەشداری کەرتی تایبەت لە بەرزکردنەوەی لێهاتوویی سیستەمی فێرکردن | |
| ئامادەکردنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری | ئامادەکردنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوشی ئێستە بگونجێت | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | زیادکردنی قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە شێوەیەك ژمارەی نەخوێندەوار لە هەردوو ڕەگەز کەمتر ببێتەوە | |
| پەرەپێدانی کارگێڕی ئیلیکترۆنی لە | پەرەپێدانی توانای کارمەندان لە لایەنی کارگێڕی لە پرەکتیکی کارگێڕی ئیلیکترۆنی بە هۆی بەشداری پێکردنیان لە خولی شیاندندا | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | کەمکردنەوەی ڕۆتینی کارگێڕی و بەکارهێنانی هەموو کارمەندانی کاگێڕی کۆمپیووتەر بۆ تەواوکردنی کارەکان | |

| هەموو بوارەکانی کارگێڕیدا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کاراکردنی سیستمی ئەنجوومەنەکانی باوکان و مامۆستایان | دەرکردنی یاسای ئەنجوومەنەکانی باوکان و مامۆستایان بە شێوەیەك لە قوتابخانەی ئایینددا ڕۆڵیان هەبێت | وەزارەتی پەروەردە | 2011 | زیادکردنی بەشداریکردنی کۆمەڵی ناوخۆیی (بە تایبەتی باوکان و دایکان) لە پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەیی | |

# دووەمین تەوەر: ژێرخان

**مەبەست: دابینکردنی تەلاری پێویست بۆ جێکردنەوەی ژمارەی هیوابۆخوازراوی فێرخوازان و قوتابیان لە هەموو قۆناغەکان و چاککردنی کەشی تەندروستی و ژینگەی هێوری قوتابخانەو ژینگەی تەندروستیانە لە دەزگە پەروەردەییەکاندا.**

**پرۆگرام: دروستکردنی قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن و نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی نەشیاون**

| ئامانج | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | ساڵی جێبەجێکردن | دەرەنجامی پێشبینیکراو | تێچووی پێشبینیکراو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| دروستکردنی 14440باخچەی ساوایان و قوتابخانە | پرۆژەی دروستکردنی 14440 قوتابخانەو باخچەی ساوایان | وەزارەتی پەروەردە | 2011ـ 2020 | نەهێشتنی سێ دەوامی و دوو دەوامی و قەرەبووکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی خەریکن دەڕووخێن و قوتابخانە قوڕینەکان و بەدەنگەوەچوونی گەشەسەندنی سروشتی ژمارەی فێرخوزان و قوتابیان بە شێوەیەك لە زیادبوونی لێهاتوویی سیستمی فێرکردن و چاکترکردنی ژینگەی هێوری قوتابخانەی و ژینگەی تەندروستیانە لە دەزگە پەروەردەییەکاندا ڕەنگ بداتەوە | 12660 |
| دروستکردنی 4300 قوتابخانەی دواناوەندی (ناوەندی و ئامادەیی) | پرۆژەی دروستکردنی 4300 قوتابخانەی دواناوەندی( ناوەنجی و ئامادەیی) | وەزارەتی پەروەردە | 2011ـ 2020 | | 5562,5 |
| دروستکردنی 207 قوتابخانەی پیشەیی | پرۆژەی دروستکردنی 207 قوتابخانەی پیشەیی | وەزارەتی پەروەردە | 2011ـ 2020 | | 4347 |
| نۆژەنکردنەوەی 5504 قوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی ساوایان | پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی 5504 قوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی ساوایان | وەزارەتی پەروەردە | 2011ـ 2020 | | 740 |
| نۆژەنکردنەوەی 1477 قوتابخانەی دواناوەندی (ناوەندی و ئامادەیی) | پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی 1477 قوتابخانەی دواناوەندی (ناوەندی و | وەزارەتی پەروەردە | 2011ـ 2020 | | 220 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی) | | | | |
| نۆژەنکردنەوەی 140 قوتابخانەی پیشەیی | پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی 140 قوتابخانەی پیشەیی | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | | 18.19 |
| هەڵمەتی دروستکردنی 1400قوتابخانە بۆ نەهێشتنی سێ دەوامی و قوتابخانە قورینەکان و ئەوانەی خەریکن دەڕووخێن | پرۆژەی هەڵمەتی دروستکردنی 1400قوتابخانە بۆ نەهێشتنی سێ دەوامی و قوتابخانە قورینەکان و ئەوانەی خەریکن دەڕووخێن | وەزارەتی پەروەردەو حکوومەت | 2020ـ2011 | | |
| هەڵمەتی دروستکردنی 5 هەزار قوتابخانە بۆ نەهێشتی دوو دەوامی و گەشەسەندنی سروشتی و قەرەباڵغی | پرۆژەی هەڵمەتی دروستکردنی 5 هەزار قوتابخانە بۆ نەهێشتی دوو دەوامی و گەشەسەندنی سروشتی و قەرەباڵغی | وەزارەتی پەروەردەو حکوومەت | 2020ـ2011 | | |
| پەرەپێدانی مەشقی پرەکتیکی لە فێرکردنی پیشەیی | دروستکردنی 50 وەرشە بۆ هەموو پسپۆرییەکان | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | قوتابیانی کارامەیی بەرز لە پسپۆرییە پیشەییەکاندا | 20 |
| پەرەپێدانی مەشقی پرەکتیکی لە فێرکردنی پیشەیی | دابینکردنی 515 وەرشەی پیشەیی بۆ هەموو جۆرە پسپۆرییەکان | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | قوتابیانی کارامەیی بەرز لە پسپۆرییە پیشەییەکاندا | 159,1 |
| تۆڕی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوەو تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستیانە | پرۆژەی تۆڕی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوەو تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستیانە | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | دابینکردنی پێداویستی قوتابخانەکان لە تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستیانەو ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە بۆ هەمو قوتابخانەکان | 75 |
| ئەکتیف کردنی باخچەکانی قوتابخانەکان | پرۆژەی ئەکتیف کردنی باخچەکانی قوتابخانەکان | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | ژینگەیەکی قوتابخانەیی جوان و تەندروستیانە بۆ قوتابخانەکانی هەموو قۆناغەکان | 15 |
| دابینکردنی پشکنینی سەرەتایی چاوی قوتابیان | پرۆژەی دابینکردنی پشکنینی سەرەتایی چاوی قوتابیان | وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی | 2020ـ2011 | دابینکردنی لایەنی تەندروستیانەی قوتابیان بە نێرو مێوە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی تەندروستی گونجاو دەستەبەر بکرێت | 1,8 |
| کاراکردنی شانۆی قوتابخانە | پرۆژەی شانۆی قوتابخانە | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | بەدیهێنانی سەرنج بۆ لای قوتابخانەو زیادکردنی وشیاری رۆشنبیری و کات بەسەربردن بۆ قوتابیان و دۆزینەوەی بەهرەوەران و پەرەپێدانیان | 100 |
| ئەکتیف کردنی گۆڕەپان و یاریگە وەرزشییەکان | پرۆژەی ئەکتیف کردنی 3500 گۆڕەپانی وەرزشی | وەزارەتی پەروەردە | 2020ـ2011 | بەدیهێنانی سەرنج بۆ لای قوتابخانەو زیادکردنی کارامەیی وەرزشیانەی قوتابیان و پەرەپێدانی بەهرەکان | 52,5 |

## سێیەمین تەوەر: هەلی ڕەخساو

## مەبەست: دابینکردنی هەلی باشتری فێرکردن بۆ هەمووان

### پرۆگرام: زیادکردنی چوونە بەر خوێندنی فێرخوازان و قوتابیان و بەدیهێنانی یەکسانی و بەرزکردنەوەی لێهاتوویی لە هەموو قۆناغەکاندا

| ئامانج | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | سالّی جێبەجێکردن | دەرەنجامە پێشبینیکراوەکان | تێچووی خەملێنراو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە باخچەی ساوایان لە 7٪ەوە بۆ 30٪ لە ناوەندو لە هەرێم | پێشکەش کردنی هاندەری مادی بە فێرخوازان و قوتابیان بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان و خێزانە نەدارەکان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵ سەبارەت بە گرنگی چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە ڕێگەی میدیاکانەوە | وەزارتی پەروەردە | 2012-2020 | هاندانی خێزانەکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە بکەن و بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی ئامانجەکان بەدیٚ بێن | 1260 |
| بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی لە 91٪ەوە بۆ 99٪ لە ناوەندو هەرێم | | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | | |
| بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی ناوەندی لە 36٪ەوە بۆ 70٪ لە ناوەند | | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | | |
| بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێم لە 93٪ەوە بۆ 99٪ | | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | | |
| بەرزکردنەوەی چوونەبەر خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی لە 10٪ەوە بۆ 60٪ | | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | | |
| بەرزکردنەوەی چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی فێرکردنی پیشەیی لە 2٪ەوە بۆ 10٪ لە ناوەندو هەرێم | کردنەوەی بەش و پسپۆریەتی لە قوتابخانە پیشەییەکاندا بۆ ئەوەی لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێت | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | | |
| زیادکردنی ئەو قوتابخانانەی پەروەردەی تایبەتی دەیانگرێتەوە بۆ 7500 لە ناوەندو هەرێم | پرۆژەی زیادکردنی ئەو قوتابخانانەی پەروەردەی تایبەت دەیانگرێتەوە | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | جێکردنەوەی قوتابیانی پێداویستییە تایبەتییەکان لەو ناوچانەی ئەو جۆرە قوتابخانانەیان تێدا نییە | 1500 |
| زیادکردنی قوتابخانەی نەوجەوانان بۆ 600 قوتابخانە | پرۆژەی زیادکردنی قوتابخانەی نەوجەوانان | وەزارتی پەروەردە | 2011-2020 | جێکردنەوەی ئەو قوتابیانەی تەمەنیان لە تەمەنی فێرکردن | 300 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | تێپەڕیوە | |
| زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەی بەهرەمەندان بۆ 28 قوتابخانە | پرۆژەی فرەوانکردنەوەی زیادکردنی قوتابخانەی بەهرەمەندان | وەزارتی پەروەردە | -2011<br>2020 | زیادکردنی ژمارە قوتابیانی بەهرەمەندو دۆزینەوەیان لە ئاستی هەموو ناوچەکان | 42,5 |
| زیادکردنی ڕێژەی مێینە لە قۆناغەکانی فێرکردنی گشتی بۆ ئەوەی بگاتە 50٪ لە کۆی گشتی | پرۆژەی فرەوانکردنەوەی کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە مێینە لە لادێکان | وەزارتی پەروەردە | -2011<br>2020 | زیادکردنی چوونە بەر خوێندنی مێینە بەتایبەتی لەلادێکاندا | لەچوارچێوەی ئەو تێچوونانەی لە ژێرخاندا باس کران |
| نزمکردنەوەی ڕێژەی کەوتن بۆ ئەوەی لە 3٪ پتر نەبێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی دزەکردن بۆ 1٪ لە هەمان قۆناغ و نزمکردنەوەی ڕێژەی کەوتن لە قۆناغی ناوەندی بۆ 3٪و دزەکردن لە هەمان قۆناغ بۆ ئەوەی لە 3٪ زۆرتر نەبێت و نزمکردنەوەی ڕێژەی کەوتن لە قۆناغی ئامادەیی بە شێوەیەک لە 5٪ پتر نەبێت و دزەکردن لە هەمان قۆناغ لە 1٪ پتر نەبێت و نزمکردنەوەی کەوتن لە قۆناغی فێرکردنی پیشەیی بە چێوەیەک لە 4,7٪ و دزەکردن لە 3٪ پتر نەبن. | کاراکردنی یاسای فێرکردنی تەوزیمی لەچوارچێوەی ئەو تواناییانەی لەبەردەستدان بە شێوەیەک بکرێت وردە وردە جێبەجێ بکرێت | وەزارتی پەروەردە | -2011<br>2020 | فرەوانکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی و ئێواران بە شێوەیەک ببێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی چوونە بەرخوێندن و بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە بەرزکردنەوەی لێهاتوویی سیستمی فێرکردن | |
| خواردنی قوتابخانە هەموو قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی بگرێتەوە | پرۆژەی خواردنی قوتابخانە | وەزارتی پەروەردە | -2012<br>2020 | دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی قوتابخانە سەرنجی قوتابیان ڕابکێشێت و زیادکردنی تێکرای چوونەبەر خوێندن لە فێرکردنی سەرەتایی | 7382,7 |

# چوارەمین

## تەوەر: کوالێتی لە پەروەردەدا

### مەبەست: بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەك لەگەڵ پێوەری کوالیتی جیهانیدا بگونجێت

### پرۆگرام: پابەندبوون بە پرەکتیزەکردنی بەڕێوەبردنی کوالیتی لە وەزارەتی پەروەردە

| ئامانج | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | ساڵی جێبەجێ کردن | دەرەنجامی پێشبینیکراو | تێچووی خەملێنراو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| دروستکردنی یەکەی ڕێکخستنی پسپۆر بە کوالیتی لە دەزگەکانی وەزارەتی پەروەردە | کردنەوەی هۆبەی کوالیتی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی پەروەردە | وەزارەتی پەروەردە | 2013-2012 | پرەکتیزەکردنی سیستمی کوالیتی سەرتاسەری لە دەزگەکانی پەروەردە | **بودجەی ئێستە** |
| ئامادەکردنی خەسڵەتەکانی کوالیتی لەبواری پەروەردە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە پەیڕەو دەکرێت | پرۆژەی دانانی پێوەری کوالیتی بۆ قوتابخانەو پرۆگرام و تاقیکردنەوە کارگێڕی و مامۆستا | وەزارەتی پەروەردە | 2013-2012 | ڕێبەرێکی پێڕەوکراوی کوالیتی لە دەزگەکانی وەزارتی پەروەردە | **بودجەی ئێستە** |
| ئەنجامدانی تێست بۆ ئەو قوتابخانانەی کە پێوەرەکانی کوالیتی جێبەجێ دەکەن و پێشکەش کردنی خەڵات بەوانەی بەرزترین هەڵسەنگاندن بەدەست دەهێنن | دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئەنجامدانی تێست لە ناوچەو پارێزگەکان | وەزارەتی پەروەردە | 2013-2012 | بۆ پێوانەکردنی لێهاتوویی قوتابیان بە بەراورد لە نێوان قوتابخانەکان و خۆئامادەکردن بۆ گەیشتنە تێستە هەرێمی و جیهانییەکان | **بودجەی ئێستە** |
| کارێکی وا بکرێت کارمەندانی وەزارتی پەروەردە سوودی باشتر لە تەکنەلۆژیای داتاو گەیاندن وەربگرن | پرۆژەی دروستکردنی کتێبخانە لە بەشەکانی کۆمپیووتەر | وەزارەتی پەروەردە | 2012-2011 | شیاندنی کارمەندان و بەرزکردنەوەی لێهاتوویی و ڕۆشنبیریان لەبارەی کۆمپیووتەرەوە | 1.254 |
| دابینکردنی تاقیگەی هەموو جۆرە پسپۆرییەکان بۆ هەر هەموو قوتابخانەکان | پرۆژەی دروستکردنی 19742 تاقیگە بۆ هەموو قوناغەکانی خوێندن | وەزارەتی پەروەردە | 2020-2011 | بەرزبوونەوەی لێهاتوویی زانستی و کارامەیی قوتابیان و تێگەیشتنی بابەتی زانیارییەکان | 100,6 |
| پرۆگرامەکان شان بە شانی پەرەسەندنی بواری زانستە | بە کۆمپیووتەرکردنی | وەزارەتی پەروەردە | -2012 | بەرزکردنەوەی لێهاتوویی | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆراوجۆرەکان پەرەپێ بدرێن تا لەگەڵ پێداویستییەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە عیراق بەرەو پێشەوە بچن | پرۆگرامەکان<br>پەرەپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکە<br>ئامێری پێویست بۆ تاقیگەکان دابین بکرێت<br>دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی فێرکردن | | 2014 | زانستیانەی قوتابیان و باشترکردنی ئەدای پرەکتیکییان<br>دانانی چوارچێوەی پرەکتیکی بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان | 132 |
| دەستەبەرکردنی پێداویستی قوتابخانەکان لە کتێبخانەو بۆ هەر هەموو قۆناغەکانی خوێندن | دروستکردنی 12371 کتێبخانەی قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن | وەزارەتی پەروەردە | 2011-<br>2020 | فرەوانکردنەوەی مێشکی قوتابیان و فرەکردنی ڕۆشنبیرییان و زیادکردنی ئاگەبوونیان و ئاگەداربوون لە پێشهاتەکان | 1757,8 |
| چاوپێداخشاندنەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکان ماوە نا ماوەیەك لەپێناوی ئەوەی شان بە شانی گۆڕانکارییەکان بڕوات | پرۆژەی چاو خشاندنەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکاندا هەر پێنج ساڵ جارێك | وەزارەتی پەروەردە | 2012-<br>2020 | پێڕاگەیشتنی پەرەسەندنە جیهانییەکان | بودجەی ئێستە |
| پتەوکردنی بەها مرۆییەکان لە پرۆگرامەکاندا | دانانی ڕێبەری مامۆستا<br>خول بۆ بەرپرسانی کارگێڕی (بەڕێوەبەران و مامۆستایان) | وەزارەتی پەروەردە | 2012-<br>2013 | دروستکردنی هاووڵاتییەکی ڕەوشت بەرز بڕوای بە ڕێز لێ گرتنی بەرانبەر و لێبوردەیی هەبێت | بودجەی ئێستە |
| پەرەپێدانی توانای مامۆستایان و وانەبێژان و کارگێڕان | ڕاهێنانی 700 هەزار مامۆستاو وانەبێژو کارگێڕ لە ناوەندو هەرێم | وەزارەتی پەروەردە | 2012-<br>2020 | چاکترکردنی ئەدای کارمەندان و توانای پیشەیی و پەروەردەییان | 20,52 |
| بە دەنگەوەچوونی پێداویستی ئەو قوتابخانانەی لە ڕێبەرایەتی پەروەردەیی و دەروونی بێ بەشن | ڕێبەرایەتی پەروەردەیی 7055 قوتابخانە بگرێتەوە | وەزارەتی پەروەردە | 2011-<br>2020 | چارەسەرکردنی کێشە دەروونی و پەروەردەییەکانی فێرخوازان و پشتیوانی کردنی پێشکەوتوویی زانستیی قوتابیان | بودجەی ئێستە |
| نوێکردنەوەی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەو ئەزموونەکان بۆ ئەوەی شان بە شانی پەرەسەندنکان بن | دامەزراندنی بانکی زانیاری<br>پەرەپێدانی شێوازی ئێستەی ئەزمونەکان | وەزارەتی پەروەردە | 2012-<br>2015 | پرسیاری سەرتاسەری ئەزموونەکان بۆ ئەوەی هەموو لایەنە مەعریفی و کارامەییەکانی قوتابیان بگرێتەوە | بودجەی ئێستە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هێنانی کۆمپیوتەر بۆ ناو پۆلی خوێندن بۆ 3000 قوتابخانە | پرۆژەی پۆلی ئیلیکترۆنی نموونەیی لە قوتابخانە | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2020 | دەرچوواندنی قوتابیان لەسەر ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری ئیلیکترۆنی و زانستی کە بۆ خوێندنی نوێی زانکۆیان ڕادەهێنێت | 30 |
| پەرەپێدانی شێوازگەلی ئەزموون و ڕاستکردنەوە بەپێی شێوازگەلی نوێ | پرۆژەی پەرەپێدانی پرسیاری ئەزموونەکان بۆ شێوازی پرسیارگەلی هەڵبژاردەی فرەیی بە بەکارهێنانی ڕاستکردنەوەی ئیلیکترۆنی | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2014 | پتەرکردنی زانیاری و کارامەیی زانستیی قوتابیان و دورکەوتنەوە لە شێوازی تەلقین و ئەزبەرکردن | بودجەی ئێستە |
| ئامادەکردنی 2500 بەرێوەبەر وەك سەرکردەی مەرجەعی بۆ پەرەپێدانی بەرێوەبەرەکان لە ڕووی کارگێری و سەرکردەیی کردن لە بواری پەروەردەدا | پرۆژەی ئامادەکردنی خولی چڕی مەشق کردن لە ڕووی کارگێری و دارایی و وەزیفی بۆ سەرکردە مەرجەعییەکان | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2020 | بەرێوەبەرانی قوتابخانە کە لە ڕووی کارگێری و دارایی و وەزیفییەوە زۆر لێهاتوو بن | 10 |
| دەستنیشانکردنی پێداویستییە پەروەردەییەکان لە قوتابخانەو میلاکی فێرکردن و ژینگەی قوتابخانەو پێداویستی و ئامێرو شت و مەکی پەروەردەیی | پرۆژەی نەخشەی قوتابخانەیی | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2014 | دابەشکردنی قوتابخانەکان بەپێی پێوەری پەروەردەیی و دانیشتووان و پێداویستی خوازراو | |
| هەمە جۆری شێوازگەلی ڕاستکردنەوە | پرۆژی ئەزمونی نتیشتمانی و بەشداری کردنی نێودەوڵەتی | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2020 | زانینی ئاستە جیاجیاکانی قوتابیان لە بوارە زانستییەکاندا | 9 |
| پڕکردنەوەی کەمیی ژمارەی سەرپەرشتیارانی پسپۆری پەروەردەیی | ئامادەکردنی کادیری پسپۆر لە بواری سەرپەرشتی کردن و پسپۆری پەروەردەیی بەپێی پسپۆری | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2020 | دابینکردنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی بۆ هەموو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان | لە بودجەی ئێستە |

# پێنجەمین تەوەر: سەرمایەگوزاری و خەرج کردن

## مەبەست: دابینکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ کەرتی پەروەردە

## پرۆگرام: زیادکردنی داهاتی دارایی بۆ کەرتی پەروەردە

| مەبەست | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | ساڵی جێبەجێکردن | دەرەنجامی پێشبینیکراو | تێچووی خەملێنراو به ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دیکە بۆ سەرمایگوزاری بۆ زیادکردنی بودجەی دارایی | پرۆژەی پترۆ دۆلار | حکوومەت | 2020-2011 | زیادکردنی پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژە پەروەردەییەکان | |
| هەموارکردنی مووچەو پارەی تەرخانکراو بۆ مامۆستایان و وانەبێژان بەشێوەیەك لەگەڵ ئاستی گوزەراندا بگونجێت | چاوخشاندنەوە بە پلەی مووچەکاندا بە شێوەیەك لەگەڵ ئاستی داهات لە عیراق بگونجێت | حکوومەت | 2020-2012 | بەرزکردنەوەی داهات و ئاستی گوزەرانی مامۆستایان و وانەبێژان | بودجەی ئێستە |
| بەرزکردنەوەی ڕێژەی پارەی تەرخانکراوی وەبەرهێنان لە بودجەی وەزارتی پەروەردە لە 4%ەوە بۆ 30% | پرۆژەی پێشکەشکردنی پلانێك ئەو پرۆژە بنەڕەتییانەی نێو پلانی ستراتیژی تێدا بێت بە شێوەیەك ڕێژەی پارەی تەرخانکراو بۆ 30% ی بودجەی دارایی بەرزبکاتەوە | حکوومەت | 2020-2012 | | |

# شەشەمین تەوەر: تویژینەوەو لیکۆلینەوە

## مەبەست: کاریکی وا بکریت بنکەکە بتوانیت بە شیوەیەکی کاراتر ئەرکەکانی بەرپوە ببات

## پرۆگرام: بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای بنکەی تویژینەوەو لیکۆلینەوە

| مەبەست | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | سالی جیبەجیکردن | دەرەنجامی پیشبینیکراو | تیچووی خەملینراو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| کاراکردنی بنکەی تویژینەوە لە رووی زانستی و کارگیرییەوەو بەستنەوەی لەگەل بنکەکانی بریاردەری سەرەتایی و پتەوکردنی بە خاوەن بروانامە بەرزەکان لە بوارە جۆراوجۆرە زانستییەکان و بەستنەوەی بە جیهانی دەرەوە | پرۆژەی بەکارهینانی کتیبخانەی ئیلیکترۆنی | وەزارەتی پەروەردە | -2011 2015 | بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان و کارمەندان لە دەزگە پەروەردەییەکان لەلایەنی تویژینەوەوە | 2,28 |
| | دەرکردنی گۆڤاریکی زانستیی بەپیزو دروستکردنی تەلاریکی تایبەت بە گۆڤارەکە لەگەل چاپخانەکەیدا | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2014 | بلاوکردنەوەی تویژینەوەی پەروەردەیی و زانستی و بەدەستهینانی ئیمتیازو ئیستیحقاقی زانستی و مادی | 2,85 |
| | پرۆژەی دانانی پیوەر بۆ گەیشتن بە گیروگرفتە پەروەردەییەکان بەپیی داتاو زانیاری تەواوی لایەنە کارگیری و تەکنیکی و داهاتی مرۆییە جۆراوجۆرەکان | وەزارەتی پەروەردە | -2012 2014 | زانینی گیروگرفت و بەربەستی پەروەردەیی و دۆزینەوەی چارەسەری و ئەلتەرناتیڤ لە سیستمی پەروەردەییدا | |

# پرۆگرام و پرۆژەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

| مەبەست | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | ساڵی جێبەجێکردن | دەرەنجامی پێشبینیکراو | تێچووی خەمڵێنراو بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| باشترکردنی ژینگەی فێرکردن | پرۆژەی چاکترکردنی ژینگە | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یۆنیسێف) | 2011و بەردەوامە | ژینگەو گەشوهەوایەکی باش | بودجەی پێشبینیکراو |
| نوێکردنەوەی یاساو سیستم و پەرەپێدانی جمگەکانی پرۆسەی پەروەردەیی | نوێکردنەوەی کەرتی گشتی لە وەزارەتی پەروەردە (IPSM) | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یۆنیسێف) | 2011و بەردەوامە | یاساو دەرکردنی یاسای نوێ لەگەڵ ڕەوشی هەنووکەیی و ئاییندەدا بگونجێت و پەرەپێدانی جۆرەکی پرۆسەی فێرکردن | 66 ملیار |
| پەرەپێدانی ڕەوشی فێرکردنی سەرەتایی | پرۆگرامی چاکترکردنی فێرکردنی سەرەتایی لە عیراق | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یۆنیسێف) | 2011و بەردەوامە | بەدیهێنانی فێرکردنێکی سەرەتایی لێهاتوانە بۆ قۆناغی دواتر ئامادەکرابێت | 27,2 ملیار |
| دروستکردنی قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکان | پرۆژەی بەخششی لەناکاو بۆ دروستکردنی قوتابخانە/ سێیەم (TEEP) | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (بانکی نێودەوڵەتی) | 2010و بەردەوامە | نەهێشتنی دوو دەوامی و سێ دەوامی و قەرەبووکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی خەریکن دەڕووخێنن و قوتابخانە قوڕینەکان | 120 ملیار |
| خواردنی قوتابخانە هەموو فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی بگرێتەوە | پرۆژەی خواردنی قوتابخانە | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی) | 2004و بەردەوامە | بەدەستهێنانی ژینگەیەکی قوتابخانەیی سەرنجی فێرخوازان ڕابکێشێت و زیادکردنی ڕێژەی چوونە بەر خوێندن لە قوناغی سەرەتایی | 49,2 |
| یارمەتیدانی فێرخوازانی سەر بە توێژە پەراوێزخراوەکان | پرۆژەی یارمەتیدانی توێژە پەراوێزخراوەکان لە عیراق | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی) | 2010 و بەردەوامە | دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاوی قوتابخانەیی | 282 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خواردنی قوتابخانە هەموو فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی بگرێتەوە | پرۆژەی ئەزموونیی خواردنی قوتابخانە | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی) | 2009 و بەردەوامە | دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی سەرنجی فێرخوازان ڕابکێشێت | 31,2 |
| پەرەپێدانی واقیعی ڕاستکردنەوە لە کەرتی پەروەردەییدا | پرۆژەی تەواوکاری ڕاستکردنەوەی سەرتاسەری کەرتی ڕاستکردنەوە لە عیراق | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یۆنسکۆو یونیسێف) | 2011 و بەردەوامە | ئاگەداربوونی ئاستی ڕەوشی پەروەردە لە عیراق بە پێوانەی پێوەری پەروەردەیی و زانستی | 1,358 |
| بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری لە هەندێك قوتابخانە لە بەغدا | پرۆژەی خزمەتگوزاری چەند قوتابخانەیەکی بژاردە لە بەغدا | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (کویکا) | 2010 و بەردەوامە | دەستەبەرکردنی ژینگەو ڕەوشێکی باشی خوێندن لە هەندێك لە قوتابخانەکانی بەغدا | 1,8 |
| دروستکردنی قوتابخانە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی تەلاری قوتابخانە | پرۆژەکانی یەکەمین بەخششی کوێت | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (سندووقی پەرەپێدانی ئابووریی عەرەب) | 2006 و بەردەوامە | نەهێشتنی دوو دەوامی و سێ دەوامی و قەرەبووکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی خەریکن دەڕووخێنن و قوتابخانە قوڕینەکان | 3,6 |
| دروستکردنی قوتابخانە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی تەلاری قوتابخانە | پرۆژەکانی دوەمین بەخشش کوێت | ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (سندووقی پەرەپێدانی ئابووریی عەرەب) | 2009 و بەردەوامە | نەهێشتنی دوو دەوامی و سێ دەوامی و قەرەبووکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی خەریکن دەڕووخێنن و قوتابخانە قوڕینەکان | 2,4 |

# **پوختە** : پرۆگرام و پرۆژەکانی وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

| تەوەر | مەبەست | پرۆگرامەکان | ژ.پرۆژەکان | ساڵانی جێبەجێکردن | تێچوون بە ملیار |
|---|---|---|---|---|---|
| چوارچێوەی بە دەزگەیی بوونی پەروەردە | پەرەپێدانی سیتمگەلی کارگێڕی و یاسایی و دارایی و چاکترکردنی ڕ ەفتاری بەڕێوەبردن | چاوخشاندنەوە بە یاسای وەزارەتی پەروەردەو یاسا کارگێڕی و داراییەکان | 7 | 2012-2011 | لە بودجەی هەنووکە |
| ژێرخان | دەستەبەرکردنی تەلاری تەواو بۆ جێبوونەوەی ژمارەی مەبەستی فێرخوازان و قوتابیانی هەموو قۆناغەکان و چاکترکردنی کەشی تەندروستی و ژینگەی ئارامی قوتابخانەو کەشی تەندروستانە لە دەزگەکانی پەروەردەدا | دروستکردنی قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن و نۆژەنکردنەوەی ئەوانەی کەموکورتییان هەیە | 15 | 2020-2011 | 23971,09 |
| هەلی ڕەخساو | دەستەبەرکردنی هەلی فێرکردن باشتر بۆ هەمووان | بەرزکردنەوەی چوونەبەرخوێندنی فێرخوازان و قوتابیان و بەدیهێنانی یەکسانی و بەرزکردنەوەی لێهاتوویی لە هەموو قۆناغەکاندا | 12 | 2020-2011 | 10485,2 |
| کوالیتی لە پەروەردە | بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەك لەگەڵ پێوەری کوالیتی جیهانیدا بگونجێت | پابەندبوون بە پرەکتیزەکردنی بەڕێوەبردنی کوالیتی لە وەزارەتی پەروەردە | 23 | 2020-2011 | 2061,174 |
| پارە تەرخان کردن و خەرج کردن | دەستەبەرکردنی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ کەرتی پەروەردە | زیادکردنی داهاتی دارایی بۆ کەرتی پەروەردە | 3 | 2020-2011 | لە بودجەی هەنووکە |
| توێژینەوەو لێکۆڵینەوە | بەگوڕترکردنی بنکەی توێژینەوە لە ڕووی زانستی و کارگێڕییەوە | بەرزکردنەوەی ئەدای بنکەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە | 3 | 2015-2011 | 5,13 |
| کـــــــــــــــــــــــــــــــۆی گشـــــــــــــــــــــــــــتی | | | 63 | | 36522,594 |
| ئەو پرۆژانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێیان کردوون | | | 11 | | 584,758 |
| ســــــــــــــــــــــــەرجــەم پرۆژەکـــــــــــــــــــــــان | | | 74 | | 3710,352 |

## یەکەم : چوارچێوەی بە دەزگەیی کردن

### مەبەست: پەرەپێدانی سیستمگەلی کارگێڕی و یاسایی و دارایی و چاکترکردنی ڕەفتاری بەڕێوەبردن

### پرۆگرام: دەرکردنی یاساو ڕێنوێنی بۆ پەرەپێدانی سیستمگەلی پەروەردەی باڵا

| ئامانج | پرۆژە | لایەنی بەرپرس | سالی جیبەجیکردن | دەرەنجامی پیشبینیکراو | تیچووی مەزەندەکراو | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بودجەی هەنووکە | ستراتیژی | تەرخانی نیودەولەتی |
| دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، یاسای فێرکردنی زانکۆیی ئەهلی، لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕاگەیاندنی ستراتیژیەکەوە | هەموارکردنی یاساکانی فێرکردنی باڵاو زانکۆکان | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | 2013-2012 | دەرکردنی یاساگەلێك ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی لامەرکەزییەت و پێدانی دەستەلآت و پالپشتی سەربەخۆیی زانکۆکان و نەهێشتنی تێکئالاوی کارەکان | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |
| | هەموارکردنی یاساو سیستمگەلێك بەشداری کەرتی تایبەت لە ئەنجوومەنەکانی کارگێڕی زانکۆییدا مسۆگەربکات | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەند | 2012 | ڕۆڵی گەورەتر بە کەرتی تایبەت و کەرتەکانی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی جۆراوجۆر لە دروستکردنی ئایندەی فێرکردنی باڵادا | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |
| | هەموارکردنی یاسای زانکۆکان و کۆلێژە ئەهلییەکان ژمارە13ی ساڵی 1996ی هەموارکراو بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوشی ئێستەدا بگونجێت | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەند | 2012 | تەواکاری زۆرترو هەماهەنگی نێوان فێرکردنی باڵاو ئەهلی | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی | - | - |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئێستە | | |
| جێبەجێکردنی ئازادی ئەکادیمی و پابەندبوونی تەواو بە ناوەڕۆکەکەی.<br>ڕاگرتنی کارکردن بە هەر دەرهاویشتەیەك لە یاساو دەرچوون لە ڕێنماییەکان.<br>دوورخستنەوەی هەردوو وەزارەت لە دەستێوەردان لە کاروباریان و وایان لێ بکرێت لەسەرووی هەموو ئارەزوویەکی سیاسی و نژادی و ئاینییەوە بێت و ئەوە لە دەستوورو یاسادا بچەسپێنرێت. | پێڕەوکردنی ڕێوشوێنی ئەوتۆ پشت بە پرەنسیپی شەفافیەت و لێپرسینەوە ببەستێت لە جێبەجێکردنی دادپەروەری لە فیرکردنی باڵادا<br><br>سەرکردایەتییەکانی زانکۆ بە پێی پێوەری لێهاتوویی و کێبەرکێ دەستنیشان بکرێن | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | 2014-2012 | ئاسانکردنی بینینی بەرپرسانی فێرکردنی باڵا لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی یاسایی و پشکنین و ڕاگەیاندنەوە.<br><br>ناو ناوە سازدانی دیدارو کۆڕ بۆ ئەم مەبەستە.<br><br>هەڵبژاردنی سەرکردەی زانکۆیی بەپێی سیستمی دەزگەیی و دانانی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |
| پابەندبوونی دەزگە دستورییەکان بە پەرەپێدان و پاڵپشتی کردنی کەرتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا | نوێکردنەوەی بەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردەیی | یەکیەتی ئەوروپا لەسەر ڕاسپاردەی یونسکۆ | 2014-2010 | پەرەپێدانی سیستمگەلی کارگێڕی و نوێکردنەوەی پرۆسەکانی کارگێڕی کەرتی پەروەردە | - | - | 55 ملیۆن دۆلار یەکیەتی ئەوروپا |
| ئامادەکردنی سیستمێکی تەواو بۆ ڕاهێنان و بنیاتنانی تواناکان لە پسپۆرییە پیشەیی و تەقەنییەکاندا | بنیاتنان و ڕاهێنانی توانای تەکنیکی پسپۆرییە کارگێڕی و پیشەیی و تەکنیکییەکانی فەرمانبەرانی ناوەندی وەزارەت و زانکۆکان بگرێتەوە | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | ساڵانە | چاکترکردنی ئەدای کارمەندان و بەرزکردنەوەی توانای کارگێڕی و هونەری و تەقەنییان | - | ساڵانە بە 5 ملیار دینار مەشق پێکردنی هەزار کارمەند | - |
| پێڕەوکردنی ڕەفتارگەلی (الحوکمە) لە وەزارەت | کاراکردنی پرۆگرامەکانی حکومەتی | وەزارەت و دەزگەکان | ساڵانە | کاراکردنی ڕەفتاری الحوکمە | بێ تێچوو | - | - |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| و دەزگەکانی | ئیلیکترۆنی بۆ مەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردن | (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | | | لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | | |
| | کاراکردنی بەکارهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی و پرۆگرامی نوێ لە کاری کارگێریدا | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | سالآنە | پتر پشت بەستن بە پۆستی ئیلیکترۆنی | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |
| | پرۆژەی HEIMS | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | سالآنە | دانانی بنەمایەکی یەکگرتوو بۆ داتاکان | - | - | وڵاتانی بەخشێنەرو یونسکۆ |
| ئامادەکردنی پێناسەی وەزیفی تەواو لە هەردوو وزارەت و پ ابەندبوونی تەواو بەجێبەجێکردنی | پێرەوکردنی شێوازی زانستی لە کارگێری و فرەوانکردنەوەی دەستەڵاتدان و ئاسانکردنی رێوشوێنی کارکردن | وەزارەت و دەزگەکانی (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | سالآنە | تەواوکردنی پێداویستییەکانی پەیکەربەندی رێکخستن و پێناسەی وەزیفی گەرەنتی سەربەخۆیی زانکۆکان | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |
| | ئامادەکردنی رێبەری پێناسەی وەزیفی بۆ ناوەندی وەزارەت و ناوندی زانکۆکان | وەزارەت و دەزگەکان (زانکۆکان و دەستەکان) لە ناوەندو هەرێم | 212-2011 | پەرەپێدانی سیستمگەلی کارگێری و چاکترکردنی ئاستی ئەداکردن | بێ تێچوو لە چوارچێوەی بودجەی ئێستە | - | - |

## دووەم : ژێرخان

**مەبەست: دەستەبەرکردنی تەلاری تەواو بۆ جێکردنەوەی ژمارەی فێرخوازان و قوتابیان و خوێندکاران لە باخچەی ساوایان و کۆلێژەکان و چاککردنی کەشی ڕێکخستن و ژینگەی ئارامی خوێندن و تەندروستیانە لە هەموو دەزگەکانی پەروەردەو فێرکردندا**

**پرۆگرام: دروستکردن و فرەوانکردنەوەو ڕاهێنانی ژێرخانەکان**

| ئامانجەکان | پرۆژە | لایەنی بەرپرسیار | ساڵانی جێبەجێکردن | دەرەنجامی پێشبینیکراو | تێچووی مەزەندەکراو | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بودجەی هەنووکە | ستراتیژی | نێو دەوڵەتی |
